ڕۆڤار

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە
و هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێک
ژمارەی ٥٩

وەفایی

پێرست

بایۆگۆافی ژیانی وەفایی / نەورۆز سیدگوڵ / ٢
بیرەوەرییەکانی وەفایی / تحفه المریدین / ٧
ئاوێنەی شکاو / ٢٦
شیعرەکان / ٤٢

ژمارەکانی داهاتوومان تایبەتە بە هەریەک لە:

گۆران (شاعیر)

پیربال مەحموود (شاعیر)

عەبدوڵلا جەوهەر (نووسەر)

بەدیع باباجان (هونەرمەند)

شوکر مستەفا (نووسەر ، وەرگێڕ)

سەرپەرشتیاری گشتی: دلشاد عەبدوللا
ستافی ڕۆڤار: یاسین عومەر / سەباح ڕەنجدەر
هەڵەچن: نەورۆز حاجی سەید گول
دەرهێنەری هونەری: حەمید ئازموودە
مێلکاریی: محەمەدعارف / قەڵەمکێشی وەفایی: قەرەنی جەمیل
ڕۆڤار : بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە/ هەر ژمارە تایبەتە بە داهێنەرێک
دەزگای ئاراس و سەردەم وەکوو پرۆژەی هاوبەش دوومانگ جارێک دەری ئەکەن
ناونیشان: هەولێر -شەقامی گولان-دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس
سلێمانی -شەقامی سالم -دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ژمارەی تەلەفۆن سەرپەرشتیاری گشتی :
کۆرەک: ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٣٢١٤٥
Email:d.abdullah@araspress.com

بایۆگرافی ژیانی وەفایی

نووسین و ئامادەکردنی: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ

١ – مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە کتێبەکەی "مێژووی ئەدەبی کوردی"دا گوتوویە لە ساڵی ١٨٣٨ز لەدایک بووەو لە ١٨٩٩ز دا کۆچی دوایی کردوە.

هەر هاوڕێیانی دەگێڕنەوە کە وەفایی زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە لە زۆر شوێنیش ماوە ماوە ئاکنجی بووە، وەک شارەکانی سلێمانی و مهاباد و هەکاری، بەڵام نەیتوانیوە زۆر لە شوێنێک ئۆقرە بگری و بمێنێتەوە.

دەبێت ئەوەش بزانین کەوا کورد زۆر قەرداری شاعیرانی کلاسیکن و ڕاستی ئەم وتەیەش لای هەر یەک لە ڕۆژهەڵاتناسانی وەک ئەلیکسەندەر ژاپا و مینۆرسکی دووپات دەبێتەوە کە ژاپا گوتویە: کورد قەرداری مەلا مەحموودی بایەزیدین بەوەی بەشێکی زۆری عادات و تەقالید و کلتوور و زانیاریەکانی ئەو کاتانەی سەردەمی ژیانی خۆی تۆمار کردوەو ئێستا لە کتێبخانەی سالیکۆف شیدرن لە سان پۆترۆس بۆرک پارێزراوە.

هەروەها مینۆرسکی گوتوویە: هەر کەسێک دیوانی مەلای جزیری نەخوێنێتەوە ئەوە بە ڕاستی لە نرخی ئەدەبیاتی کوردی و بەرزیی زمانی کوردی تێ ناگات.

لەملاشەوە ڕەنگە ئەمانە تەنیا ئیعجاب بن، بەو پێیەی هەر یەک لەو دوو ڕۆژهەڵاتناسە هەریەکەیان نزیکبونەوەی زیاتریان لەو دوو شاعیرەی کورد هەبووەو ڕەنگە بە هۆی ئەوەی کە ماوە بواری ئەدابێ نەیانتوانیبێت لە شاعیرانی دیکەی کورد بکۆڵنەوە، یان هاوسەردەمی شاعیرانی وەک وەفایی نەبوون و دەزانین کە ئەلیکسەندەر ژاپا لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا پەیوەندی لەگەڵ مەلا مەحموودی بایەزیدی هەبوە و وەفاییش لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا فەوت بووە.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە وردەکارییە پڕ لە سەلیقەکانی وەفایی چەند نموونەیەک لەم نووسینەدا دێنینەوە.

بۆ نموونە لە وردەکاریەکانی کێشی عەروز [٢] لای وەفایی: ئاشکرایە کە شاعیرانی پێشومان کە بە پێڕەوکەرانی ڕێبازی کلاسیزم ناوزەدیان ئەکەین زۆرێک ماندوو ئەبوون بە دەست دانانی شیعرەوە بە تایبەت لە سەرەتاکانی شیعر نوسینیاندا، ئەڵبەتە مومارەسەو پاشتر قووڵبوونەوە لە نوسینداکات دوای کات زیاتر خێراتری کردوون و کۆنترۆڵی کێشەکانیان کردوە.

ئەوەی جێی سەرنجە کێش لە شیعری کوردیدا . ئەگەر لە باباتاهیری هەمەدانیشەوە بۆی بڕوانین دەبینین، عەروز پێڕەو کراوە. ئەم عەروزەش کە بوو بە عیلمێک و فەقێکانی کوردستان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات کاتێ دەبوونە موستەفید دەبوو بیخوێنن و یەکێک بوو لە ١٢ عیلمەکەی کە ئیجازەی مەلایەتیی پێ وەردەگیراو تا ئەمڕۆش لە هەندێ ناوچەی کوردستان ئەم نەریتە هەر باوە. ئەم زانستە لە ڕێی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی فەراهیدیەوە هاتە ناو شیعری عەرەبیەوەو لەوێوە بۆ شیعری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات. بەڵام خەلیل چۆنی ئەم عیلمە تیۆرە کرد! لەم دوا دواییانەدا دەرکەوتوە کە ئەم عیلمەی دەقاو دەق لە عەروزی ئایینی "ڤیدا"وە وەرگرتوەو پاشان تەعریبی هەموو عیلمەکەی بە زاراوەکانیشیەوە کردوە.

هەرچۆن بێت ئەوا ئێستا دەبینین کە هەموو ئەدەبیاتی کلاسیزممان بەم پێڕەوە نووسراون. چونکە ئەنگی بووە کەسێک بڵێت شیعر ئەنووسم و نەزانێت کامە بەحری عەرەبی بەکار هێناوە لە شیعرەکەیداو تەنانەت ئەنگی بووە ئەگەر مەرجە پچووک و شاراوەو کەم دیارەکانی ناو بەحرەکەش پێڕەو نەکات. وەک ئەوەی کە بەیتێک بەوەدا دەناسرێتەوە دێڕی یەکەمی قەسیدەیە بەوەی کە دەستکاری کێشی سەدرەکەی دەکرێ، بەڵام بەو مەرجەی زانستی عەروز ڕێی پێ داوە.

بەحرەکانی کێشی عەروزی عەرەبی کە فەراهیدی دیاری کردن. ئەو کات بە گوێرەی ئەو شیعرە عەرەبیانەی کە لە بەر دەستا بوون و ناسراو بوون، شازدە بەحری لێ دیاری کرد. بەڵام کە ئەم عیلمە گەیشتە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات (وەک کورد و فارس)، وەک ئەوەی دیاری کراوە بوون بە بیست و یەک بەحر، ئەویش بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە زانستەکە ڕێی پێ دەدات، ئەمەیان کردوە. وەلێ لێکۆڵینەوەکانی عەروزناسانی شیعری کوردی ڕەنگە، زۆرێک دەقی شیعریی شاعیرانیان هێشتا هەڵ‌کێشە نەکردبێ بە کێشی عەروزی عەرەبی، بۆیەکا ڕێی تێ دەچێت ئەو ژمارەی بەحرانە گۆڕانی تێ بکەوێ.

بۆ نموونە شاعیر "ئەحمەد هەردی" کە عەروززانێکی زۆر بە توانا بووە، وەک خۆی فەرموویە: زۆر هەوڵی داوە وردەکاریەکانی ئەم عیلمە ڕەچاو بکات‌و پەیامیش بداتە ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکەن کەوا پێویستە ئاگایان لە خۆیان بێت لە بڕیاردان لەسەر کێشی شیعرێک، چونکە بۆ نموونە چونی "زیحاف" بۆ سەر هەر کێشێک، بە زۆری دەبێتە دروستبوونی کێشی نوێ [٤].

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بخرێتە ڕوو، ئەوەیە نموونەیەک لە شیعرەکانی وەفایی وەر بگرین، تاوەکو بزانین وەفاییش وەک شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی کلاسیزم چی کردوەو چۆن کێشە عەرووزیەکانی بەکار هێناوەو چی پێشکەش کردوین:

دەگەڕێینەوە بۆ دیوانەکەی وەفایی [٥] و نموونەیەک وەردەگرین:

---

٢ – زانستی عەرووز یەکێکە لە دوازدە زانستەکەی کە دەبوو فەقێ لە سەردەمانی خوێندنیدا وەری بگرێ ئەوجا دەبوە مەلای دوازدە عیلم.

٣ – پلەیەکی فەقێیەتیە: پلەیەکی خوێندنی مەلاییە.

٤– بڕوانە: عەروز لە شیعری کوردیدا، نوسینی: ئەحمەد هەردی، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. لا ١٩.

٥ – دیوانی وەفایی: لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداخی، چاپی دووەم ١٣٨٧، سنە، پەخشانگای ئاناا.

کەردشی چاوت قەراری عاشقی میسکین دەبا
ساحیری چاو بەستە ئاری دڵ دەکێشێ دین دەبا

موفتەعیلون فاعیلاتو موفتەعیلون فاعیلا
موفتەعیلون فاعیلاتو موفتەعیلون فاعیلا

ئەم بەحرە ناوی "مونسەریحی مەتویی مەحزوف"ە.

دیارە بەکارهێنانی بەحرێکی ئاوا لای شاعیرێکی کورد زۆر وردەکاری دەوێ و شارەزاییەکی کەم وێنەی دەوێ لە زانستی عەروزدا. کە بێگومان زۆر وەستایانە وەفایی پێی هەستاوەو هیچ لەنگییەکی تێدا بەدی ناکرێ و دەبینین وەک مەلەوانێکی زۆر شارەزا لە بەحرەکانی ئەم زانستەدا مەلەوانێتی کردوەو ڕەنگە بۆ ئەو بۆچوونەش بچین کەوا ویستبێتی کارکەلێک بکات کەوا شاعیرانی پێش خۆی زۆر بە کەمی خۆیان لێ دابێت.

ئەگەر ئەمە بابەتێکی نیشکردن بێت لە ڕوخسار و قاڵبی شیعردا، ئەوا خۆ لە ناوەڕۆکیشدا وەفایی هیچ کەمتری نەکردوە، بۆ نموونە با دوو دێڕ شیعری دیکەی وەفایی وەر بگرین و لە ناوەڕۆکیان بکۆڵینەوە، با لێرەدا سەرنج لە دوو دێڕە شیعری وەفایی بدەین، کە هەر یەکەیان بۆ خۆی دەکرێت جێی لێکۆڵینەوەی زۆر بەپێز بن و بابەتی ئەک وتار بەڵکو توێژینەوەش بن. لەم لایەنەوە دوو نموونە لەم بابەتە سەرنجڕاکێشانە. لای وەفایی لە دوو شیعری جیاوازی دیوانەکەیدا. بە نموونە دێنینەوە:

یەکەم/ شاعیرانی پێشوومان زۆر حەکیم بوون لە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت و وشەو ئەدەبدا ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەوا هەموو شاعیرانی کلاسیزممان مەلا یان کۆلکە مەلا بوون یان هیچ نەبێت زانستی عەرووزیان لە فەقێیەتی وەرگرتوە، بۆیە ئەو وردەکاریو زانیارییو لێهاتوویییەی لەواندا بەدی دەکرێ. جارێکی دیکە ڕەنگە لە شاعیرانی نوێو هاوچەرخدا بەدی نەکرێتەوە، ئەوەتا شاعیرانی ئەمڕۆ بە کۆمەڵێک زانیاریی جوداوە دەچنە بواری ئەدەبەوە، بەڵام ئەوانی پێشومان دەبوو ڕێساو یاسای وردو پڕ بەها فێر بین تا لە تاکە بەیتێکدا جێبەجێی بکەنو شیعری پێ بنوسن، چ جای غەزەلو قەسیدە کە هەر یەکەیان قاڵبی خۆی هەیەو لادان لە پچوکترین ڕێسا واتا شکاندنی قاڵبەکەو دەرکەوتنی ناشاعیریتی نووسەرەکەی.

خەمی شاعیرانی پێشوومان زۆر گەورە بووەو لە نمونەی ئەم خەمەشدا لە شیعرێکی ئەحمەدی خانیدا دەبینین ئاواتەخوازی ئەوەیە کە کوردانیش[٧] خودانێکی عالی کەرەمو لەتیفیان ببێ. ئەمانەش لە پێناوی ئەوەدا کەوا خانی بتوانێ شیعرو خاتیرەکانی خۆی بە جیهاندا بڵاو بکاتەوەو بەرز ڕایان بگرێو بەم هۆیانەوە بتوانێ ئاوڕێک لە ڕابردوو بداتەوە تا ئایندەیەکی جوانتر و گەشتر بناغە بکات بۆ داهاتووی ئەدەبیات.

لەم جۆرە خەمانە زۆر هەبوون و لای زۆرینەی شاعیرانی کلاسیکمان بەردەوام ڕەنگی داوەتەوە تا دوایەمین قوتابخانەی کلاسیزمی کوردیمان کە قوتابخانەی شیعریی بابانە، هەر هەمیشە دوبارە بۆتەوە. دەشزانین قوتابخانەی شیعریی بابان تەنیا بە سنوری زاری کرمانجی خواروودوە[٨] نەوەستا، بەڵکو بەرەو ناوچەکانی دیکەش پەلی هاویشتو کاریگەری لەسەر زاری گۆران (هەورامی، زەنگنە، شەبەکی، زازایی، باجەلانی، ڕۆژبەیانی)و لوڕی (ناوچەکانی باشوری کامیارانو خانەقیو قەسری شیرین) دانا.

وەفاییش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە دەرەوەی سنوری ئەدەبیاتی قوتابخانەی شیعریی بابانەو کاریگەریی ئەم قوتابخانەیەی کەوتۆتە سەرو لە ڕاستیدا ئەو لەدایکبووی شاری مهابادی ناوەندی بەشە زاری موکریان بووەو کە ئەمیش کاریگەریی ئەوانی بە سەردوە بووەو هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرتوە لە بەرهەمهێنانی شیعرو ئەدەبیاتدا. وەک باسمان کرد وەفایی زۆر گەشتی کردوەو ڕەنگە زۆر جاریش سەردانی سلێمانیی کردبێو لەگەڵ ڕۆشنفیکرانی ئەو سەردەمەی سلێمانیدا هەڵسوکەوتی کردبێو ڕەنگە زۆرجاریش کەوتبێتە کۆڕی ئەدەبیو شەڕە شیعریشەوە کە لە سەردەمی ژیانی ئەودا لە سلێمانی باو بووە.

نمونەی یەکەم:

زەرەیەکی لە سیپەری دەمی تۆ مردو نەزانی
حەیرانی کەماڵاتی فلاتوونو ئەرەستوودم.[١٠]

تێگەیشتن لە داهێنانو زانیاییو حەکیمیی شاعیرانی کلاسیکمان زۆری دەوێ، چ جای سەردەم. لەو نمونەیەی پێشودا وردەکاری لە زمانو حیکمەتی فەیلەسوفاندا کراوە، کە دەکرێ ئەمە ڕێخۆشکەریش بێت بۆ زۆر بابەتی هزریو ناوەزیی لای شاعیرێکی وەک وەفایی کە بێگومان شارەزایی هەبوە لە کەماڵییەکانی[١٠] هەر یەک لە ئەرەستوو پلاتۆ. ڕەنگە زانیبێتی ئەوان کێنو چۆن کاریان لە فەلسەفەدا کردوە، دەنا خۆی ئەنەدا لەم بابەتە هەستیارە کە زۆر جێی لێکۆڵینەوەیەو ناکرێ پشتگوێ خرێنو زانیویە چ وردەکارییەکیان هەیە لە حیکمەتەکانی سڕ هەڵمالینو نهێنی دۆزینەوەی زانستەکانداو شایانی ئەوەن کە حەیرانو سوڕماو لەو دوو زانایە بڕوانین.

ئەم پرسە فەلسەفییەی وەفایی وروژاندوویەتی،

---

٦ – دەقی یەکەمی هەمان سەرچاوە. ل٧١

٧ – واتا خاوەن، کە مەبەست لێی سەرکردەو گەورەیە.

٨ – بەڕێز د. فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی زارەکانی زمانی کوردیو دابەشبوونی جوگرافییاندا زاری کرماجی خواروو، بە کرمانجی ناوەڕاست ناو دەبات (کە لە شێوە کشتییەکەیشدا بە زاری سۆرانی لە ناو خەڵکدا ناسراوە کە خۆی زاری سۆرانی تەنیا بەشە زارێکە لەم زارە، وەک چۆن بە هەڵە لە کوردستانی باشوردا بە زاری کرمانجی ژووروو دەڵێن بادینانی لە کاتێکدا بادینانی بەشە زارێکە لە زاری کرمانجی ژووروو)و دەیکات بەم بەشە زارانەوە: شێوەزاری سلێمانی، شێوەزاری موکریانی، شێوەزاری گەرمیانی، شێوەزاری ئەردەڵانی، شێوەزاری سۆرانی.

٩ – دیوانی وەفایی، چاپی دوەم ١٩٨٤، ل ٧٢

١٠ – کامڵییو تەواوی.

رۆڤار
ژمارە ٥٩
گۆڵانی ٢٧١٠ کوردی



کەلێک پێش ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆمان کەوتوەو دەبینین لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەوە، ئەوجا وردە وردە پرسە فەلسەفییەکانی ئەرەستوو پلاتۆ کەوتونەتە ژێر لێکۆڵینەوەو ڕۆشنفیکرانەوەو دواتر ماموستا کوردەکانی بەشی فەلسەفەی زانکۆکانی ئیراق، ئیدی وردە وردە ئەم بابەتەیان وروژاندو ناساندیانن بە خوینەرانی کورد. واتا دەیان ساڵ (نیو سەدە زیاتر) دوای وەفاتی وەفایی ئەوجا ناوی ئەو دوو فەیلەسوفە هاتنە ناو کتێبی کوردیەوە.

کەر بە جوانی لە دێرە شیعرەکە بکۆڵرێتەوەو ڕسانەرانانەش بۆی بڕوانرێ‌و تەماشای ئاستی واتاسازیی شیعرەکە بکرێت، هەست بەو وردەکارییانە دەکرێ کە وەفایی لە ئاستی دەنگسازی‌و مۆرفۆلۆژیشدا کردوونی. بۆ نمونە: لە دێرە شیعری پێشووتریدا لە هەمان شیعردا دەڵێت:

ماچی دەمی خەندەی دەمەکەی سیری بەیان کرد

ئەو جەوهەرە وا فەردە نە مەوجودە نە مەعدوم لەمەدا هەست بە باسی بوونگەرایی دەکەین کە وەفایی خۆی لێ داوەو لەوانەیە شارەزا بووبێ لە وردەکارییەکانی، هەر بۆیە لە دێڕی دواتردا (کە مەبەستی ئێمەیە) ناوی هەردو فەیلەسوفەکە دەبات. کەر سەرنج بدەین لە دوو دێری دوای هەمان دێردا شتێکی تری سەرنجڕاکێشتر ئەدرکێنی:

لەو زوڵفە بە غەمزەی نیگەهت نیە ڕەهایی

من بەستەیی تێو داوی پەریزادەیی جادووم

لێرەدا باسی پەیڤی "ڕەهایی" با بۆ خوێنەران جێ بهێڵین‌و خوێنەر خۆی حوکمدەری ئەوە بێت تا چەندێ وەفایی شارەزای فەلسەفەی پلاتۆو ئەرەستۆ بووە! یان ئەو پرس‌و وەڵامانەی کە لە مێژووی ئەدەبیات‌و ڕۆشنگەریی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا دیاردو چەندین زانای گەورە هاتوون کەڕاون بە شوێن وەڵامی پرسەکانی وەک: من کێم؟! بۆ هاتوم؟! پەیامم چییە؟! کەی ئەڕۆم؟! حیکمەتی هەبوونم لەم ژینەدا چییە؟! .... هتد.

ئەمانە لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ پێویستی بە ئەقڵ و بە تێفکرینە! لەوانەیە سروشت نەتوانێ هەموو ئەو شتانەمان پێ ببەخشێت کە ئارەزووی زانینی پرسەکانمان پڕ بکاتەوە. چونکە ئیرادە کشتییەکانی تاک دوورمان دەخاتەوە لە بەرژەوەندیی کەسیی.

تۆرستێن تۆرین لە مەسەلەی کەڕان بە دوای ڕاستیدا دەڵێت: لە ڕاستیدا گرنگترین شت کە مرۆڤ خۆی بۆ تەرخان بکات، تیۆری زانستیە. تیۆری زانستی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەو بناغەی هەموو دیالۆگێکە، کە تیایدا پرسی گەورەو فراوان، دەکرێ فۆرمولە بکرێ"[11].

دەزانین کە شاعیر یان نوسەر هەوڵ ئەدات شت بنووسێ بۆ ئەو پرسە ئەنوسێت داخو بۆی هەیە لە سەرووی ئەم زانیارییانەیەوە شتی تر بزانێت، یاخو ئەمانەی ئەو پێی گەیشتوە تەنیا ڕێژەیی‌یەو تا ئێستا هیچی نەکردوە. چونکە هەر کەسێک کە بیەوێ سەرکێشی بکات لە زانینی نهێنییەکانی ژیان ئیدی خۆی لەو پرسیارانە ناپارێزێت کە هەڵگری ئەم مەسەلە هەستیارانەن.

١١- تیۆری زانستی بۆ خوێندکاری نوێ، نوسینی تۆرستێن تۆرین. وەرگێڕانی مەهاباد قەرەداغی. گۆڤاری سەردەم. ژمارە ٢١، ٢٠٠٢، لا ٤٩. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئەو زانیویە کە دەتوانێ پرسیار لەو شتانە بکات کەوا پێویستە زانستییانە بکاتە وەلام تیایاندا. چونکە زانست و لێ توێژینەوە گەیەنەری مرۆڤە بە ڕاستی، ڕاستیش لە ڕوخسارو لە ناوەڕۆکی داتاکاندا دەبێت خۆیان دیار بخەن. چونکە بە داخەوە زانینی بوون و ڕەهایی هێندە ئاسان نیە.
دەکرێ ئەم بارە بە ئەقلانیەتی مرۆڤ ئاوزەد بکرێ، چونکە گەڕان بە دوای مەسەلەی ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی ئەخلاقیەو ناکرێ ئەم کێشە هەبووەی مرۆڤ هەروا لە خۆوە لە هزر هەلاویرد بکرێ. خۆ ئەگەر بشکرێ، ئەوا ترس لە بەکاربردنی زانست، ڕۆڵی پۆزەتیڤ وەردەگرێ، بەمەش بازنەی نەبڕاوەی بوون و نەبوونەکە سەر هەڵ ئەداتەوە.
تا لێرەوە خوێنەری ئەم شیعرە، پێی دەکرێت بتوانێت هەندێ لەو ڕاستییانە ببینێت، وەک ئەوەی ئەم تێکستە ورووژێنەری بیرێکی مەعریفیە، ئەگەر ئەوەشی نەکردبێ توانیویە ختووکەی هەندێ بیرۆکە بدات تا ئیمەی خوێنەری شیعرەکە بباتەوە بۆ سەردەمانێک کە کەم جار ئاوڕی بوون و نەبوونیمان لێ داوەتەوە. وەک مەسەلەی ئاڵۆزی ڕەها، کاتێک وابەستەی داوەکانی پەریزادەیەکی جادووباز دەبێ.

نموونەی دووەم:

وەفایی ئیدی بەسە عیشق و هەوای مەدرەسە
بینووسە ئەم هێندوسە ببێتە خەت و خاڵی یار [12]

هەموو دەزانین کەوا باسی ئەندازەش بە شێوە زانستییەکەی دیسان نیو سەدە دوای وەفایی ئەوجا ئەندازیارمان هەبووە کە لەسەر ئەخشەیەک تانو پۆیەکان دیاری بکات. وەفایی کاتێ ئەندازەییانە مامەڵە لەگەڵ ئەخشەکەی بەردەستیدا ئەکات، وەک ئەو ئەندازیارە وایە کە لەسەر ڕووپێوە هەندەسیەکەی بەردەستی مامەڵە لەگەڵ خەت و خاڵ (پۆو تان)ەکان ئەکات و ئەیانکات بە خەت و خاڵی یارو پێی وایە چی دی لەوە زیاتر پێویست ناکات لێکۆڵینەوەی بۆ بکات و لێی ورد بێتەوە، چونکە گەیشتوە بەوەی کە ئیدی با شێوە ئەندازەییەکەی تەواو بکات.
لویس لانکفۆرد گوتوویە: ئەڵبەتە ئەو فریزانەی کە لە کاتی ئاخاوتنی ڕەخنەییدا دەربارەی کارێکی هونەریی هەڵی دەبژێرین، کاریکەرییەکی دیاریکراو لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئەو کارە جێ دیڵێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ڕێنماییکەلێک لە ئارادان کە شێوازیی ڕەخنەی هونەریی پێک دێنن و هاوکاریمان ئەکەن لە ئاراستەکردنی ڕەوتی دیالۆگی ڕەخنەییدا. تا ئەمە سەرنجی خوێنەران بۆ چەند خاسیەتی دیاریکراوی کاری هونەری ڕادەکێشێت [13].
شیکردنەوەو هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی دەقێک نیشنێکی گەورەیە، ئەم ڕاڤەکردنە هەنێ جار ئاڵۆزە یان تەم و مژاوی، بەلام دەشتوانێ هەندێ شێوازی ئاڵۆزی بابەتێک وەدەرخات، چونکە گەر ئاماژەکانیش ڕاستەو خۆ نەبن لە شیکردنەوەو ڕاڤەکاندا، هەر توانراوە بە بەکارهێنانی هەندێ موفرەدات لایەنێ لە چەمکەکان لە بارودۆخی جودادا دیار بخرێ.
ئەفسوونی دەقی زیندووش لەوەدایە کە بە ئەمریی دەمێنێتەوەو بەردەوام دەکرێ ڕاڤەی جیاوازی بۆ بکرێ. وەلێ نابێت ئەوەش لەیاد بکرێ کە کام کەرەسانەی دەقەکە لاوەکین. واتا لە خزمەتی کەرەسەی سەرەکیدان بۆ گەیاندنی مەبەستە کانسەرییەکان [14].
ئەوەی لێرەداو لەم دێڕەدا هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە کە خۆشویستن و عاشق بوون بە حەزو ئارەزووکانی مەعریفە لە دواجاردا بوونەتە کەرەسەی لاوەکی تاوەکو خەتو خاڵی یارە بێ هاوتاکەی. لەوپەڕی جوانی و شێوەی ئەندازەیی و شێوەی دروستی خۆیدا لە هزری خۆی بیهێنێتە دەردوەو بە خوێنەران بڵێ ئەم بۆیە ئەوەندە عاشقە چونکە مەعشووقەکەی کەڵێ لەوەش بالاترە کە ئیمە هەستمان پێ کردوە. دەبینین سەدری دێڕە شیعرەکە ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنی بابەتێکی تاڕادەیەک یۆتۆپی. ئەویش لە پێناوی پیرۆزکردنی عەشقەکەیدایەو لە عەجزی دێڕەکەدا وێنای مەعشوقە ئەندازەییانە ئەنەخشێنێ بۆمان.
لەم دوو بابەتە هەڵبژێرران، هەست بەمانە دەکرێ:
دەبینین چەمکە هەڵبژێراوەکان لە هەردوو دەقەکەدا هێندە هونەرییانە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە کە ئاستی شیاوی بابەتەکانی لە خۆ گرتوە. ئەمەش بۆ خۆی مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو ئەو گومانانە لا دەبات کە بۆ پاساوی نابابەتی یان تێپەڕاندنی کەمو کووڕی دێتە ئارا. چونکە دەکەمەن ئەم وێناکردن و نیگار کێشانە ئامانج ئەپێکێت.
پابەندبوون بە کرۆکی بابەتەکانەوەو گونجاندنیان لەگەڵ هەر گومانێک کە دەکرێ پەی پێ ببرێ بۆ ئاراستە کردن و گونجاندنی ئەو داتایانەی کە کردوونی بە موفرەدە بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی. کاری وا وریایی دەوێت، چونکە هەر شێوازێک لەم ڕاستییانە کە دەگیرێتە بەر پێویستی بە زانیاریی لە ڕادەبەدەر هەیە.
لە کۆتاییدا ئەکرێ بڵێم کە ئەم نووسینە لە ساناترین ئاستیدا لەوانەیە بتوانین پێی بڵێین ڕاڤەیەکی بچووکە دەربارەی بابەتانەی لە لایەن وەفایی شاعیرەوە ورووژێنراوە. ئەو پەیڤانەی ئەحمەدی خانی وەبیر دێنمەوە کە فەرموویە:

لێ هێڤی دکەم ژ موستەعیدان [15]
حەرفان نەگرن لە موستەفیدان [16]
ئەڤ نامە گەر خراپە گەر قەنج
کێشایە مە دگەل وی دوسەد ڕەنج

١٢ – دیوانی وەفایی. چاپی دووەم ١٩٨٤، ل ٣٨
١٣ – لانکفورد، لویس. مبادئ الحوار النقدی. النقد الفنی. ترجمە: زیاد سالم حداد. دار المناهل. کبعە الولی. بیروت. ل ٧١ – ٧٨.
١٤– الجمل السرکانیە
١٥ – مامۆستایان.
١٦ –فێرخوازان

بیرەوەرییەکانی وەفایی

((تحفە المریدین))

گردوکۆی: مامۆستا قازی محەمەد خزر
لە فارسییەوە: محەمەدی حەمەباقی

زستانێک دوو دەرویش میوانی خانەقا بوون. یەکێکیان خەڵکی وڵاتی بوخاراو ئەویتریان خەڵکی وڵاتی کشمیربوو. کابرای کشمیری زۆربەی شەو و ڕۆژ لە خزمەت "شێخ"دا غەزەلی بە مەقام دەچڕی. غەزەلی وەها سەیرو سەمەرەی بە دەنگی بەرزو بە زمانی فارسیو عەرەبی دەچڕی، کە ئەمجۆرە غەزەلانەم لەم ناوچەیە. نە لە کەس بیستبوو، نە لە هیچ کتێبێکیشدا دیبوو. بە ڕاستی دەنگێکی زۆر خۆشو چریکەداری هەبوو. بە تایبەت لە زاراوەی کابولو تورکمانو سەمەرقەندیدا، دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو... چوارینەی (١١٥):

من بەندەو گۆیاڵەی ئەو جۆرە کەسەم کە دەنگی خۆشە
ئەوینی خوداش بۆی بۆتە نواو پۆشاکو پۆشە
بە چریکەی خۆش، هەم دڵ ببات و هەم گیان ببەخشێت
وەفایی بۆ گیانو دڵسووتاوانیش هەیەو پەرۆشە

ماوەیەک خۆشخوانی ئەو زاتە بوو. کابرای بوخارا-ییش دەنگێکی خۆش و بە سۆزی هەبوو. بەڵام ئەو زاتە قەت داوای مەقامچڕینی لەو کابرایە نەدەکرد. لە کاتێکدا کە ئەو زاتە، خۆی زۆر شەیدای دەنگی خۆش و دڵڕفێن بوو. بەڵام لە ڕواڵەتدا زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە بۆچی جار جارە داوای غەزەل خوانی لەو کابرایە نەدەکرد. ئێمەش سەرمان لە ڕازی ئەم کارە دەر نەدەچوو. تا شەوێکیان ئەو زاتە، نزیکەی چل کەسی لە سادات و خەلیفە و خانەدان و پیاو ماقوڵانی بۆ دیوەخانی تایبەتی خۆی بانگێشتن کرد. شێخزادەکانی ئەو بنەماڵەیەو کابرای کشمیریش لەوێ بوون، ئەو زاتە فەرمووی دەبێ بانگی کابرای بوخاریش بکەن. ئەویشیان هێنا. ئەو زاتە چەند سەعاتێک لە هەموو بابەتێک، لە وتە بەرزەکانی ئەو بنەماڵە مەزنەی پێشکەش کردین. کۆڕەکەمان بە باسی زانست و حەقیقەت و سەرهەڵدانی چاکەو دارژانی بەخشش و بەرەکەت و بارانی ڕووناکی و خۆشەویستی، دەتکوت کۆڕی ڕۆحانیکەلی جیهانی پیرۆزی سەرەوەیە... چوارینەی "١١٦":

وەفایی دڵێک تەژی سەفا بێ
نوورانی دەبێ، کاتێ لە خزمەت ئەولیادا بێ
سێبەری گڵی ڕەش، چۆن دەبێتە زێڕ
کاتێ کە تیشکی خۆر لە تەکیا بێ

کە ئەو زاتە جارجارە بێدەنگ دەبوو. کابرای کشمیریش بە دەنگی بەرز دەیچڕیکاند و غەزەلی دەگوت. تا زیاتریشی پێدەچوو، دانیشتوانی کۆڕەکەش زیاتر دەکرانەوەو زیاتر گیانی تازەیان تێ دەکەڕا. هەر کەسەش لەو شەوی قەدرە، بە کوێردی تواناو شانی خۆی، لە نارەزووی لەش و دنیایی، بەرەو جیهانی ڕوح، دەبزواو هەڵدەفڕی. لەم ڕووەوە وتوویانە: ڕوانینی کەورە پیاوان زۆر بەنرخەو نزیکایەتی کردنیش لە پیاوی عارف، گەنجینەی پڕ لە زانستە... چوارینەی "١١٧":

مەیگێڕ بە چاوی بادامییەوە، کە چاو دەگێڕێ
پیرانی هەزار ساڵەش تێیدەداو ناوبانگیان دەزڕێ
هەر بەیەک تاقە سەرنجێک دڵی وەفایی دەبات
ئەی ناخۆ چ بکات، ئەگەر مەی بکات لە جام و دەفڕێ؟

لەم کاتەدا من و بەڕێز "شێخ نوورەدین"و خەلیفەیەکی تر، کە لە نزیک کابرای بوخارایی -یەوە بوو، هەر چەندە بە زۆر تکاو پاڕانەوە، داوامان لێکرد کە ئەویش دەنگ هەڵبڕێ و غەزەلێک بڵێت، بێهوودە بوو، خۆی لێ نەبان کرد. منیش چوارینەیەکی زۆر بە جێ و ڕێم نووسی و پێشکەشی ئەو زاتەم کرد، کە داوای مەقام چڕین لە کابرای بوخارایی بکات، چونکە لە فەرمانی بەڕێزتان دەرناچێت و چەند شیعرێکیان بۆ دەچڕێت. ئەو زاتەش پاش خوێندنەوەی چوارینەکە، پێچایەوە لە گیرفانی پیرۆزی ناو هیچی نەوت، دیسان تکام لێ کردەوە، ئەمجارەش ئەو زاتە هیچی نەفەرموو. چوارینەی "١١٨":

وەفایی، کاتێ ئەو شۆخە، سەدان عیشوەی خۆی نواند
هات مەیخانەو ڕووپۆشی ڕووی خۆی داماڵی و خزاند
ئەوەی کە سیماو ڕوخساری جوانی ئەوی دەبینی
لە پێ دەکەوت و دەم و دەست هەست و هۆشی لێ دەستاند

بەمجۆرەی باسمان کرد، نزیکەی چوار سەعاتێک شەو بەسەر چوو. شێو هات و خوراو دانیشتوانی کۆڕەکە، یەکە یەکە کە بە کاوەخۆ مۆڵەتیان خواست و بەرەو خانەقاو شوێنی دیاریکراوی خۆیان ڕۆشتن و ئارامیان کرت. بۆ سبەینێ بە زیرەکی و پێداکریی زۆرەوە، لە کابرای بوخارایی- مان پرسی: بۆچی لەگەڵ ئەو هەموو تکاو پاڕانەوەی ئێمەدا، لەو کۆڕە دڵخوازەدا، کە وەک بەهەشت وابوو، غەزەلێکت نەچڕی؟ وتی: ئەگەر ئەو زاتە گەورەیەش بێ فەرموواییە بیڵێ، نەمدەگوت. ئەوسا ئەم ڕازی بێدەنگی و قرەقەپ و ئەمر نەکردنەی ئەو زاتە، بە کابرایی بوخارایی - بۆ دانیشتوانی کۆڕەکە دەرکەوت و بوە هۆی پتر نزیکایەتی. چوارینەی "١١٩":

ئەی شەیدای سیمای جوانی دەرەوەو ڕوخساری پەتی
هەتاکو کەی وەکو وەفایی: خوت و زنجیری شێتی؟
با لە خزمەتی پیاواندا، چەندین پەرە بخوێنێت
ئەزانیش دەکا بە هەموو ئەوەی کە لە ناخێتی

زستانێکیش خوالێخۆشبوو: "حەمەمین"ی برام لە خانەقای ئەو زاتەدا خەریکی تەریقەت و چلەکێشان بوو. شەوێکیان لە دوای نوێژی خەوتنان پێکەوە دانیشتبووین. منیش بەو هۆیەوە کە زۆر بیری نیشتیمان و تاسەی ماڵ و منداڵم دەکرد، بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر "د.خ" کە "أولادنا أكبادنا" دڵتەنگی و خەمناکیم دەردەبڕی و بە دەردی دووری پەشێو بووم. چوارینەی "١٢٠":

ئەم بەشە لە دەستنووسەکەدا بەشی سێیەم بوو، کە لەوە دەچێ هەندێک لەم بەشە لەناو چووبێت.

بوخارا: شارێکی دێرین و بەناوبانگی خۆرهەڵاتی "ئۆزبەکستان"ە و کەوتۆتە سەر کەناری ڕوباری "زەڕنەفشان" مانای "بوخارا" بە واتای: پڕ زانست دێت، چونکە هەمیشە زانایان و گەورە نوسەرانی لێ بووە... "لغت نامه دهـخدا-ل٤٣٩٨-جلد٣))

کشمیر: هەرێمێکی گەورەیە لە هیندستان و کەوتۆتە دامێنی چیا بەرزەکانی "هیمالایا" کە ڕووباری "سەند" پاراوی دەکات، لە ڕووی جوگرافیەوە دەبێتە دوو بەش: بەشی باشووری خۆرئاوای دانیشتوانی زۆرتر تێدایە. ڕووبەری کشمیر "٨٦٠٠٠" کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە "٣١٢٠٠" کیلۆمەتری چوارگۆشەی ئەم ڕوبارە، کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی پاکستان. دانیشتوانی کشمیر، تێکەڵەیەکە لە ئایینی هیندی و سیک و موسڵمان. پایتەختەکەیشی شاری "سەرنیاکەر"ە... "لغت نامه ده خدا-ل١٨٣٧٤-جلد١٢))

کابول: پایتەختی ئەفغانستانی ئێستایە.

ڕۆژێک خەمی یار، سەری لێدام و دڵی داگیر کرد
وەفایی. ئاگر بەربووە خەرمان، هەموو گڕی گرت
دڵ. چونکە ئاگای لە دڵە، بۆیە یار هات و وتی:
ئاهی تۆ بوو، وا داوێنی گرت و منی بۆ خۆی برد

دەموت ئەگەر ئەم جارە زستان دوایی بێت و بەهار بکات، پێکەوە مۆڵەت دەخوازین و دەچینەوە بۆ نیشتمان و خەریکی کاسبی و کارێک دەبین و ئیتر تواناو تاقەتی ئاوارەییم نەماوە. دە دوازدە ساڵە لە نیشتمان دوور کەوتوومەتەوەو با دووری یاران و خۆشەویستانیش ببڕێتەوە. لەم کاتەدا لە نێوان من و براکەمدا، نوورێکی ڕووناک و بریکەدار دەرکەوت، وەک ئەستێرەی بەرەبەیان دەدرەوشایەوە. چوارینەی "١٢١":

ئەی بت، دووری تۆ، دەردو ئازارو ژانێکی پێدام
وەکو وەفایی، هەم دڵی بردم، هەم گیانی کێشام
وتم گازندە لە بسک و قژی شێواوت بکەم
کەچی بوو بە داخ، ژیوان بوومەوە، لە قسەی ئەوسام

ماوەیەکیش وەستاو سەبرم کرد، گەرچی ئەم هەست پێکردنەم، بە هەستێکی مینۆکی (مەعنەوی) بوو، بەڵام ئەم بڵێسە نوورانییە، ئەوەندە بریسکەدارو درەوشاوەو تیراوێژ بوو، ڕەنگ بوو بە هەستی ڕواڵەتیش ببینرایە. بە براکەمم وت: کە لەم کاتەدا هەست بەوە دەکەم، ئەو زاتە لەماڵی خۆیان بە دڵ ئاگای لە من و تۆیە. براکەشم چاوی لێک ناو پاش دوو دەقیقەیەک وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، وا دیارە ئەم نوورە لە تەوەجوهی ئەو زاتەوە بێت، منیش سەبارەت ئاخاوتنی پێشوومان و باسی نیشتمانەوە، پەشیمانیم دەربڕی و ئەوسا وتم: هەتا زیندوو بم، لێرە ناڕۆم، ئەگەریش خوا پێی خۆش بێت دەستبەرداری خزمەتکاری ئەو زاتە نابم. بەهاریش بە نیازی سەردانی نیشتیمان، ئیزن دەخوازم، پاشان بۆ ئەم دەروازەیە، کە ڕووگەو کەعبەی ڕاستانە، دەگەڕێمەوە ناوچاوان لە خاکی دەسوومەوە...لەم باسەدا کە نوورەکە ون بوو. چوارینەی "١٢٢":

وتم ئەی بتم، ڕووی تۆ، بۆ ڕووی من، وەک قیبلەگامی
باڵای بەرزیشت: سەوڵی ئاوات و داری هیوامی
قەت نایگۆڕمەوە بە تەخت و تاج و موڵکی پاشایەتی
کاتێ دەفەرموون: وەفایی، هەر تۆ سەگی دەرگامی

پاش تاوێک نۆکەرێک هات و وتی: میرزا ئەو زاتە دەفەرموێت بچیتە خزمەتی، براکەشت لەگەڵ خۆت ببەیت. بۆمان دەرکەوت کە ئەو زاتە، ئاگای لە هەموو باس و خواستەکەی ئێمە بووە. هەردوکمان بەوپەڕی شەرمەوە چوینە خزمەت پیرۆزی. هێشتا مۆڵەتی دانیشتنمان پێ نەدرابوو. کە ئەو زاتە فەرمووی: میرزا پێم بڵێ لەگەڵ براکەتدا خەریکی چ ڕاوێژێکیت؟ لە بیری چیدایت و ئەمشەو چیتان دەوت؟ ڕاستم پێ بڵێ. چوارینەی "١٢٣":

مامۆستای ئەدەب، یەک ئامۆژگاری خۆی واکرد بەیان
دەیوت ئەم بەندە چاک بنووسەوە لەسەر پەڕەی گیان
گەر ویستت وەکو نامە، ڕوورەش و دوو ڕووت لێ نەیەت
وەفایی. وەکو قەڵەم وامەبە، بۆتە دوو زمان

عەرزم کرد: بە قوربانت بم، ئەو کاتەی نۆکەری هەواڵدەری جەنابت هات، دەموت لە خزمەت و هاوڕێی ئەو زاتە دوور ناکەومەوەو ئەگەر خوا پێی خۆش بێت. تا دەمرم، لەم دەروازەیەدا جێ کەوشی تۆ ماچ دەکەم، بەهاریش بۆ سەردانی نیشتمان. مۆڵەت دەخوازم و پاش ماوەیەک دێمەوە، ئەو زاتە زەردەخەنەیەکی ئەوەندە درێژخایەنی کرد، پاشان ڕەنگ و ڕووی پیرۆزی سور هەڵگەڕاو چاوە پیرۆزەکانی فرمێسکیان تێدا قەتیس ما. دیسان فەرمووی: ئەی بۆچی باسی پرس و ڕاوێژەکەی سەرەتاش ناکەیت؟

عەرزم کرد: بە قوربانت بم، تۆ بۆ خۆت ئاگا لە سەرەتاو کۆتایی باسەکەمان بوو، ئیتر بۆچی شەرمەزارمان دەکەیت و لە گوناهمان نابووریت؟! دیسان بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی: بۆ تۆ وا چاکە لەلای من بمێنیتەوەو لەبەر چاومدا بیت، خۆ ئەگەریش بڕۆیت، ناتوانیت نەگەڕێیتەوە. ئەم چوارینەیەشی خوێندنەوە. چوارینەی "١٢٤":

یار ڕەشەیەکی وای لە گەردن و ملم کردووە
کە تارو پۆکەی هەر لە ئەوینی خۆی دارشتووە
تاوێک بۆ کەعبە و تاوێک بۆ دەیرم کەمەندکێش دەکا
بۆ هەر جێگەیەک خۆی مەیل بکات، منی بردووە

ڕۆژێکیشیان لە دوای نوێژی نیوەڕۆ. لە حەرەمەوە خواستمی و چوومە خزمەتی و بە پێی فەرمان خەریکی نووسینی پێویست و نووسینەوەی وەڵامی نامە بووم. نووسین زۆر بوون و هەر دوایی نەهات. بانگبێژ بانگی عەسری داو ئەو زاتە فەرمووی: من دەچمە خانەقا. تا نوێژی جەماعەت و خەتم دەبڕێتەوە. تۆش نووسینەکانت دوایی پێ بێنە. ئەو زاتە ڕۆشت و من تەنها مامەوەو دەستم بە نووسین کرد. پاش نووسینی چەند لاپەڕەیەک لە پڕ دایکی ئەزیزو میهرەبانی موریدان هات و لە پشت پەردەوە بانگی کردم: ئەگەر برسیتە نان و خوانت بۆ بنێرم. عەرزم کرد: زۆرم برسی نییە، دڵم هیچ نابات. دیسان فەرمووی: ئەگەر جلەکانت چڵکن بوون، با کەنیز بنێرم، بیان بات بیان شوات. هەر پێویستیەکت هەیە، بیڵێ عەرزم کرد: ئێستا کارو سەرقاڵی زۆرن، با ئەم پێویستیانە بکەونە کاتێکی دیکە. لەم کاتەدا دیسان پارچە نورێکی لە زوهرەو مشتەری ڕووناکترم لێ دەرکەوت و وەک ئەو جارەی پێشوو، کە باسم کرد، لەبەر چاوم دەدرەوشایەوە. چوارینەی "١٢٥":

بە یادی ڕووی ئەو، مانگ لێو ئۆشە
لە نیوەی شەوا، هەتاو دەدرەوشا
وەفایی قەدری ئەو شەوی قەدرەی کە پێی نەزانی
وەک بێ ئەدەبان، دەستی چوو بەناو خەزینەی بۆشا

هەموو پارچەکانی لەشم، ئەندامەکانی ناوەوەو دەرەوەم، هەر لە پەنجەی پێمەوە، تا تەوقی سەرم، بەهۆی دەرکەوتن‌و درەوشانەوەی ئەم نوورەو کارتێکردنی ئەم نزیکبوونە، نوقمی خۆشی‌و سووتانی یەکپارچەیی‌و شادی بوون. بەردەوام چاوم بڕیبووە ئەو پارچە نوورەو ئارەقم دەڕشت‌و وردە وردەش کاری نووسینم دەکرد. چوارینەی "١٢٦":

ڕووی ئازیزم دی، بە هەڵوەدایی بە شوێنی تیشکا چووم
وتی: وەفایی، چی دەکەی، تازە وا من دوور کەوتووم
ئیترگزەکانیم بینی‌و خۆم نەگرت، کەوتمە سەر زەوی
بینەوەی بادەم خواردبێتەوە، مەست‌و خومار بووم

لەم دۆخەدا بووم، کە دەرگایان کردەوەو خوانچەیەک خواردنیان لە تەنیشتمدا دانا، منیش بەهۆی سەرقاڵی‌و کارو بینین‌و خەریکبوونم بەم پارچە نوورەوە، کە وەک ئەستێرەی دەم بەیانی، ڕووناک‌و درەوشاوە بوو، هۆشبەرو عەشقدەر بوو، برسێتی‌و نانخواردنم لەبیر نەمابوو، ماوەی ئەم دۆخەو شایەتی ئەم دیدارە، وەک دیار بوو، لە دوای نوێژی عەسرو لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەو زاتە بەخەتم، هەتا دوایی هاتنی بەردەوام بوو، کتوپڕ ئەو بڵێسەیە لەبەر چاوم ون بوو، لە دوای دوو سێ دەقیقە، ئەو زاتە هاتەوە ماڵ‌و فەرمووی: نامەکانت دوایی نەهاتن؟ عەرزم کرد: نەخێر قوربان. فەرمووی: بۆچی؟ عەرزم کرد: کاغەزەکان زۆرن‌و ئەمڕۆ دوایی نایەن. پاشان فەرمووی: ئەی بۆ نانەکەت نەخواردووە؟ وتم: بە هۆی نووسینەوە دەرفەت نەبووە. فەرمووی: ئەی لەگەڵ کێدا دەدوایت؟ بۆ مێزەرو جلەکانت نەداوە بیشۆن؟ زۆر چڵکنن! چوارینەی "١٢٧":

ئەهای چۆلەکە بترسە لەوەی شاباز لێت بدات
بە ڕق‌و نازو فێزەوە، تیرێک بە دڵتا بکات
ئامان وەفایی وریا بە دڵی یار نەڕەنجێنیت
ئەم کردەوەیەت باس دەکاتەوەو بە چاوتیا دەدات

وتم: بە قوربانت بم. تۆ کە بۆ خۆت دڵی پڕ لە ژەنگ‌و چڵکنی منت پاک دەکردەوە. من ئیتر ئاسوودە بووم‌و هیچ خەمی شتنی جل‌و بەرگم نەبوو. بۆ ڕاستی قسەکەشم شایەتی دادپەروەرو بەڵگەی ڕوناک‌و نورانی هەبوو. بە زەردەخەنەوە لێم نزیک بووەو لە ڕادەی نووسین‌و باس کردن بەدەر، لوتف‌و میهرەبانی لەگەڵ نواندم. بە دەستی موبارەکی خۆی عەمامەکەمی لە سەرم هەڵگرت‌و عەمامەکەی سەری خۆی، کردە سەرم.....هەوایەک لە سەری دام، وەک ئەوەی مێزەری لاوێتیم لەسەر کرابێت. هەرچەندە خۆ بە کەم زانینم نواندو خۆم لادا، کە خاکی پیرۆزی بەر پێت، نیشانی سەرمەو شایەنی عەمامە نییە، قبوڵی نەفەرموو عەرزم کرد: کەواتە شایەنی سەری وا کەورە نیم. لوتف بفەرموو بچکۆلەی کەرەوە. دوایی بە دەستی موبارەکی، عەمامەکەی کردە دوو کوت‌و نیوەی لە سەری من بەست‌و نیوەکەی تریشی لە تاقێکدا دانا عەمامەیەکی تری لە تاقەکە داگرت‌و لەسەری پیرۆزی کرد. چوارینەی "١٢٨":

پیاوانی خودا، بە چاوی دەروون ئێمە دەبینن
وەفایی، ئامە، هەر لە خواوە هەمووی دەخوێنن
دیارو نادیار، ئاشکراو پۆشراو، لایان وەک یەکە
چونکە بە نووری خواوە دەنوارن، خۆیان دەنوێنن

ساڵێکیشیان لە وەرزی زستان‌و لە مانگی ڕەمەزاندا، کردەوەیەکی پێچەوانەی، تەریقەتی پیاو چاکانم لێ قەوما، جگە لە کردکاری مەزن، کەس ئاگای لێ نەبوو هەرچەند غوسڵ‌و تۆبەو پەشیمانی‌و دادو هاوارو داوای لێبووردنم دەکرد، ئەو دڵڕەقیەی کە بە هۆی ئەو کردەوەیەوە، لە دڵمدا ڕسکا بوو، ببووە هۆی کاسی‌و وڕیم‌و لانەدەچوو.
ماوەیەکیش بە گریان‌و شیوەن‌و ددانە چۆقە، لە ناو ئاودا مامەوەو کڕنوش‌و زەلیلیم کرد، ئەو خەوشە ئەوەندە، لە دڵم دەرنەدەچوو، کە ببێتە هۆی هێور بوونەوەی گیان‌و کرانەوەی ڕواڵەت‌و دەروونم. چوارینەی "١٢٩":

ڕۆژێک بە هەڵە، یادی پەرچەم‌و زوڵفی یارم کرد
ئاوێنەی سیاو ڕوخساری جوانی، خێرا ژەنگی گرت
ڕووی خۆی دەرخست‌و خۆی لە وەفایی ئەبان کرد، ڕۆیی
یار هات‌و ڕۆژ هات، شەو بە بارڕابوورد

بە ناچاری بە دڵی پڕ خوێنەوە، لە ئاوەکە هاتمە دەرێ‌و بە هەزاران داخ‌و پەشیمانییەوە ڕووم کردە خانەقا. بەفرێکی زۆر باریبوو، بەردەوامیش هەر دەباری، کە خۆم بە ژووری خانەقادا کرد، ئەو زاتە ڕوو لە قیبلە، لە میحرابدا دانیشتبوو. باش لە بیرم نییە لەو کاتەدا ئەو زاتە قورئانی پیرۆزی دەخوێند، یان "مراقب" بوو! منیش چونکە ئەحەساوە بووم‌و زۆریش سەرمام بوو، بە لەرزە لەرزو ددانە چۆقەی زۆرەوە، بە کاوەخۆو بە شێوەیەک کە ئەو نەمبینێت! لە ئاگری ژووری خانەقاکە نزیک بوومەوەو دانیشتم، هێشتا تینی ئاگرەکە باش لێی نەدابووم، کە ئەو زاتە سەری پیرۆزی بەرز کردەوەو ڕووی تێ کردم‌و گازی کردم: وەرە لامەوە لەو کاتەدا خانەقا لە موریدو پیاو خاس‌و زاناو مەزن‌و خەلیفە، جمەی دەهات. هێندێک خەریکی خوێندنەوەو کۆمەڵێک خەریکی دوعاو چەند کەسێکیش خەریکی کاری تەریقەت بوون. لەگەڵ بانگکردنەکەی ئەو زاتەدا، هەموو تێکڕا سەریان بەرز کردەوەو چاوەنواڕ بوون بزانن ئەو زاتە، چیم پێ دەڵێ! منیش خێرا بۆم دەرکەوت کە ئەو زاتە، لە بارو دۆخەکەی من گەیشتووە، بە ترس‌و لەرزو شەرم‌و سەرداخستن چوومە پێشەوە. فەرمووی: وەرە پێشترەوە. نزیکتر بوومەوە. دیسان فەرمووی: وەرە پێشترەوەو. چەند هەنگاوێکی تریش نزیک بوومەوە. دیسانەوە فەرمووی: وەرە پێشترەوە. هەتا هەردوو ئەژنۆم لە هەردوو ئەژنۆی موبارەکی جووت بوون ئەوسا فەرمووی: بۆ ئاڵۆزاویت! چوارینەی "١٣٠":

وتم: لە دەست زوڵف‌و پەرچەمت واپەرێشانم
هەڵوەدا بووم‌و شپرزەو شێواو، هەر سەرگەردانم
پێکەنی وتی: وەفایی یانی کوڵ شەکر بکەرە
کورج کە بووە تە دەوای دەردی تۆو بۆ تۆ دەرمانم

ئەوەندە شەرمو خەجاڵەتیم دەخوارد، وەڵامم پێ نەدرایەوەو سەرم داخست. دیسانەوە هۆی ئاڵۆزاوی‌و سەرسامییەکەی لێ پرسیم. منیش بە هەوای ئەوەی ئەم بێ ئەدەبییەم بە چاودا ناداتەوە، بێ ئەدەبتر بووم‌و بە هەڵە وتم: ئاڵۆزی‌و ترس‌و بیمم، بە هۆی کارو باری خەتمەوەیە. دانیشتوانی خانەقاش بە سەرسامیەوە چاویان بڕیبووە ئێمەو هەموویان چاویان کردبوو بە چوار. ئەو زاتەش بە تەوەجوە کردنێک، هەموو دڵڕەقیی‌و ژەنگ‌و ژارێکی لێ سڕیمەوە. چوارینەی "١٣١":

وتم: گەر شەوێک بە ئاسوودەیی و دڵشاد بتبینم
بۆت هەڵدەڕێژم هەموو پەژارەو خەمی دێرینم
لە بەختی باشی وەفایی، وابوو ڕوخساریم بینی
ئیتر بە باچوون، دادو گازندەو سکاڵای ژینم

پاشان فەرمووی: فلانی، بەندەکانی خوا، ئاگاداری بەزەیی‌و لوتف‌و لێبوردنی خوای پاک‌و مەزن نین! کە چەند زورو بێ کۆتای‌و بێ بڕانەوەن. ئەو گوناهەی تۆ کردوتە، لەو بارەگا پاک‌و مەزنەدا، هیچ کەلێنێک ناگرێت. مەترسەو خەمناک مەبە. بەڵام بە ئەدەب بەو ڕێوشوێنی ئەدەب لەبیر مەکە. جارێکی دیکەش نابێ ئاوا بێ ئەدەب بێت. ڕاگرتنی ئەدەب، دەبێتە هۆی نزیکایەتی زیاتر، منیش دەستی موبارەکی ئەو زاتەم زیارەت کردو بە ئاسوودەیی هەستام. چوارینەی "١٣٢":

ئەری ئەی بەندە، وەفایی، دڵت بۆتە دوو نیوە
گەیلە لە ترسی، دۆزەخ‌و گێشەی لێپرسینەوە
گەرچی گوناهت زۆر زۆرو گەورەو گرانە
هیوا مەبڕە چون خوا میهرەبانەو پڕ بەخشینەوە

هەمیشەش کیسەو مۆری موبارەکی ئەو زاتە، لە لای من بوو. هەندێ جار بۆ مۆر کردنی نامەی نهێنی، کە بە خەتی موبارەکی خۆی دەینووسین، کیسەو مۆرەکەی لێ وەردەگرتم‌و دەیدامەوە...... ڕۆژێکیان بە دەستی موبارەکی کیسەو مۆرەکەی دامەوە. نووسینێکی زۆرم بە سەردا کەوتبوو. پاش ئەوەی تەشریفی ڕۆشت. گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆم‌و دەستم بە نووسینی ڕەشنووسی نامەکان کرد. تا نامەکان بە مۆری پیرۆزی مۆر بکەم. دیم ئەشرەفییەکی زێڕی فەتح-عەلی-شایی لە ناو کیسەکەدایە. سەرم سوڕ ما! دەبێ ئەم ئەشرەفییە زێڕەی بۆچی لەم کیسە نابێت؟ قەت شتی وا ڕووی نەداوە خۆ ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەم بێت، ئەو زاتە هەر خۆی لە ڕۆژی یەکەمەوە چاکەو خراپەمی تاقی کردۆتەوەو دڵ‌و چاکەی منی لە مەحەک داوەو کردویەتیە زێڕی بێ خەوش. چوارینەی "١٣٣":

وتم: ئەی بتم، ڕووی شیرینی تۆم ئاوا خۆش دەوێ
لەگەڵ ڕوخساری تۆدا، بەهەشتی ئاوام بەر کەوێ
خۆزگە دەخوازم کە هەر وەفایی لە دەورت گەڕێ
فەرمووی: منیش هەر ئاوام پێ خۆشە، ئەگەر بۆم بلوێ

پاش سەعاتێک، کە نامەکان تەواو بوون‌و مۆر کران. نۆکەرێکی حەرەمم بانگ کردو ئەشرەفییەکەم دایە دەستی، تا بیبات بیداتەوە بەو زاتە. لە پاش دوو و سێ ڕۆژ، ئەوسا بیرم کەوتەوەو بەو زاتەم ڕاگەیاند. کە ئەشرفییەکی زێڕ، لە ناو کیسەی مۆرەکەدا بوو فەرمووی ڕاست دەکەیت ئەی چیت لێ کرد؟ عەرزم کرد بە فلانی دا ناردمە خزمەت بەڕێزت. فەرمووی: کەس نەیداومێ. پاشان نۆکەرەکەی گاز کردو پرسیاری سپاردەکەی کرد. عەرزی کرد: میرزا ڕاست دەکات، بەڵام ئەو کاتەی دەمویست ئەشرەفییەکەت بۆ بەڕێزتان بهێنمەوە، بیرو هۆشم لە لای خۆم نەبوو، نازانم لە کوێ لە دەستم داکەوتووەو لێم بزر بووە. نۆکەرەکە کێل‌و گەوجایەتی دەنواند. گەم ئاوەزو ساویلکە بوو. ئەو زاتەش فەرمووی: بچۆ تەویلەی ئێسترەکان بگەڕێ. چوارینەی. "١٣٤":

ڕۆژێک چوومە باخ، تا خەمی دڵم گەمێک بە با چێ
بە سەد نازەوە یار شەرمەزاری کردم دەستبەجێ
بە وەفایی وت: شەرمت بە خۆت بێت، چۆن ئەبێ ئاوا
وەنەوشەو بسکم، یان گوڵ و ڕووی من، دەکەیت بە یەکێ؟

نۆکەرەکە ڕۆیشتو لە پاش تاوێک گەڕایەوە، وتی: ئەمدۆزییەوە. دیسان ئەو زاتە فەرمووی: بچۆ بە وردی تەویلەکە بپشکنەوە. دوبارە خزمەتکارەکە رۆیشتو هەمدیسانەوە بە دەستی بەتاڵ هاتەوەو وتی: زۆری بۆ گەڕام لە تەویلەکە، نەمدۆزییەوە. بۆ جاری دواتر لەو جێگەیەی ئەو زاتە فەرموبووی، ئەشرەفییەکەی دۆزییەوەو هێنای دایەوە خزمەت ئەو زاتە. چوارینەی "١٣٥":

وەفایی چاوت. کە وەک دڵۆپە بلقی سەر ئاوە
وەرە مەردانە، چاو بپۆشە لێی. بیخەرە لاوە
ئەگەر دەرزییەک بکەوێتە ناو ئۆقیانوسەوە
بیدۆزەرەوە. هەتا لە چاوت دیارە ئەو چاوە

ڕۆژێکیشیان دوو کەسیان لە کەس و کاری کابرایەکی کوژراو ، بە تاوانی پیاو کوشتن هێنایە خزمەت ئەو زاتە. ئەو زاتە فەرمووی: بۆچی ئەم بەستەزمانەتان کوشتووە؟ حاشایان لێ کردو سوێندی گەورەیان خوارد، کە ئەگەر لەتیشمان دەکەن، ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە. لە پاشان ئەو زاتە فەرمووی: هەردووکیان بەرن، زیندانیان بکەن. بەڵکو سبەینێ ددانی پێدا بنێن. بە پێی فەرمان هەردووکیان کەلەپچە کردنو زیندانیان کردن. چوارینەی "١٣٦":

دڵ ببوە شەیداو عاشقی زوڵف و پرچی پەرێشان
ببوە مایەو هۆی دڵ ئازار دانی یاری گیانی گیان
وەفایی گەرچی لە ڕواڵەتدا، خوێنێی نەڕشتبوو
بەڵام ئەم شەیداو عاشقە ببوە شیاوی زیندان

بۆ سبەی بە پێی فەرمانی ئەو زاتە، هەردووکیان هێنایە خزمەت. ئەو زاتە فەرمووی: بۆچی ئەم بەستەزمانەتان کوشتوە؟ ئەوانیش پێیان لێ ناو کوشتنەکەیان دەرخستو وتیان ئێمە کوشتومانەو حاشای لێ ناکەین. لێیان پرسین: ئێوە بۆچی خۆتان بە زمانی خۆتان هاوار دەکەنو ڕاستی دەڵێن؟ وتیان: ئێمە دەمانەوێ بڵێین ئێمە ئەمان کوشتووە. کەچی هەرچی دەکەین زمانمان نایهێنێو جگە لە وتنی ڕاستی، هیچ شتێکی ترمان بە زماندا نایەتو ناوترێتو لەم ددان پێدانانەدا هیچ دەسەلاتێکمان نییە. چوارینەی "١٣٧":

وەفایی. ئا ئەو یارەی وا پیاڵەی مەی لە دەستایە
دێ و دەچێ و لە ناو کۆڕی مەیخۆرو مەی پەرستایە
جارێک بە تیلەی چاو هەڵلا دەکا. جارێکیش لێوە
مەی پەرستەکەی بەزمێ دەگێڕێ، بەزمی مەستایە

لە دواییدا کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانی بە پێی یاسای دەوڵەتی پایە بەرز، هەردووکیان ناردن بۆ ناوچەی "وان"و زیندانو کەلەپچەیان کردن. پاش ماوەیەک یەکێکیان لە زیندان مردو ئەوی تریشیان توانی خۆی لە زیندان دەرباز بکاتو هەڵێ. چوارینەی "١٣٨":

بێجگە لە دۆستان. وەفایی هەرچی کە ئارەزووت هەن
دەستبەرداریان بە. ئەمانە بۆ تۆ. هەموویان هەڵەن
وریا بەرەوە دەستو زمانیش لە خراپە بشۆ
هەر ئەم زمانو دەستە. شایەتی لە کارت دەدەن

ساڵێکیشیان لە هاویندا. ئەو زاتە بۆ گۆڕینی ئاوو هەوا لە ئەهری، ڕووی کردە هاوینە هەواری مەیدانان. هاوینە هەواری مەیدانان. زۆزانو هەواری ئەو زاتە بوو. نزیکەی دوو مانگ لەو شوێنە فێنکو خۆشو پڕ لە کانیاوی سازگارو سارده مایەوە. دوایی لەوێوە بەرەو ئەهری بەڕێ کەوت. کۆمەڵێکی زۆری موریدو دەستو پێوەندو خزمو کەسو کاری، هاوڕکێفی بوون، هەتا گەیشتە گوندی پیسان ئەم گوندە شوێنی جووتو گاو مەزرای ئێوە کارەکانی ئەو زاتە بوو. بۆ ئێوەڕۆ لەوێ بارگەو بنەیان خستو هەر کەسەو بە کارێکەوە خەریک بوو. چوارینەی "١٣٩":

پەپولەیەک وای دەوت بە شەمێ شۆخ گوڵ گەم
ئەزانی چۆنەو ئاگات هەیە لە ئاوو گڵ گەم
بەڵکو لەمەو دوا بۆ حاڵەکەی من. فەرموو وەفایی
بە هیچ جۆرێ با ئازاری ئەدرێ و ئەشکێ دڵ گەم

ئەو زاتەش بە تەنیا بەرەو ئەو بێستانەی چێنراوو خزمەتکرا بوو. بە پێیان و زۆر بە کاوەخۆ. بەڕێ کەوت. ئەو زاتە گازی کردم. منیش چوومە خزمەتی ئەو زاتە.

پۆستینەکەی لە خۆی کردەوەو هاویشتیە سەر کا-کەنسێکی شەنکراو، فەرمووی ئێرە شوێنێکی خۆشو دڵگیرەو لە ئاپووڕەکەش دوورین. وەرە دانیشە فەرمانیم بەجێ هێنا. دوای دوو سێ دەقیقە هەستاو فەرمووی: تۆ شاری -تو زیرەکیت، منیش کرمانجو لادێیم. وەرە با بچینە ناو ئەو بێستانەو بگەڕێین، بزانین منو تۆ کاممان گرکەی شیرین هەڵدەبژێرین! چوارینەی "١٤٠":

مەیگێر. کە دەمو لێوی خونچەیەو ڕوویشی ئەسرینە
ئەلقەی بسکیشی هەزاران توێیەو هەزاران چینە
بە گەرمەی خۆی. هاتو جامێکی بە وەفایی دا
زانی ئەم جامە. گەرچی تاڵیش بێت. بۆ ئەو شیرینە

ئەوسا تەشریفی بردە ناو بێستانەکەو تاوێک تێدا گەڕا، منیش لەم لاوە چاوم بە گرکەکاندا دەگێڕاو بە عەقڵو هۆشی خۆم نزیکەی حەوت- هەشتێکم لێ کردەوەو کردمنە کۆشمەوەو هاتمەوە. ئەو زاتەش چواری لێ کردەبۆوەو بە باوەشی پیرۆزی هەڵی گرتبوونو هێنانی، بانگی کردم: وەرە با بچینەوە شوێنەکەی خۆمانو گرکەکان لەت بکەین. بزانین شاری گرکەی شیرین دەناسێ، یان من!؟ لەو کاتەدا، کە هێشتا لە بێستانەکەدا بووین، ئەو زاتە تاوێک بە سەرسامییەوە وەستاو ڕەنگو ڕووی پیرۆزی گۆڕا بە چەشنێک دەتگوت هەزار چەپکە گوڵو هەڵاڵە سورەی پشکوتووەو چاوە پیرۆزەکانی مەستو بازو سوورو پڕ ئاو بوون. ڕەنگو ڕوی وەکو گوڵزاری بەهەشتی لێ هاتبوو. دەمویست لەو کاتە

پڕ لە خۆشەویستیو نائارامییەدا، هەموو گیانی قووت بدەمو بە ددان بیکرۆژم. چوارینەی "١٤١":

ئەو کاتەی مەیگێڕ، هەنگاوی بەرەو پێشەوە دەچوون
بە دەرکەوتنی، سەد باخی ئیرەم، سەوز بوون، پشکوون
پێکەنینەکەی دوو سەد وەفایی هێنایە کایە
عیشوەو نازیشی وای کرد: هەزاران مەستی عەدەم بوون

ئەوسا فەرمووی: میرزا، گوێت لێیە خوای پاکو مەزن، چی دەفەرمووێ! وتم: لە دەورت گەڕێم، نە هۆشم هەیەو نە گۆش. فەرمووی: هەق تەعالا دەفەرمووێ: تۆ باش من ناناسیت. وەک وتوویانە: زمان خامۆشە بەلام دەم پڕ لە عەرەبی. زمانی پیرۆزی ئەو زاتە پڕ لە وتار بوو–و زمانی وەستاو قسەکانی تری چوونە پەردەوە. چوارینەی "١٤٢":

مەیگێڕ، کە وێنەی ناو جام و بادە، سەرمەستی کردی
کولێرەنگ بوویت، ئەست بووی، بە هەستی کردی
پیاڵەیەکی هەر لەو بادەیەی خۆت دات بە وەفایی
سەرخۆش و مەستو بوو، ئاوا لە دەست چوو لە دەستی کردی

لە دوای ئەم وتەیەی، دیسان ڕەنگو ڕووی پیرۆزی بە جۆرێکی تر، زەردو سپیو لاواز هاتە پێش چاو. لە پاش دوو–سێ دەقیقە، کە ئەم حاڵو هەوایە بە سەر چوو، فەرمووی: تۆ گوێت لێ بوو، ئاگادار بویت، من چیم وت؟ عەرزم کرد: بەڵێ. فەرمووی: چیم وت؟ وتم: شتێکی ئاوام لە زمانی پیرۆزت بیست فەرمووی: سبحان الله. ئەمە چ هەڵەیەک بوو من کردم! بۆچی هێشتت؟ پاشان چەند جارێک داوای لێبوردنی خواستو فەرمووی: ئەو کاتەی من زیندووم، لای کەس باسی نەکەیت. چوارینەی "١٤٣":

ڕۆژێک ئەو پیرو شێخی مەیخانەم چاو پێکەوتەوە
دەستی وەفایی گوشی و باوەشی خۆی بۆ کردەوە
لەو بادەیەی وا، پڕ بوو لە ڕازی پێشینە و "ألشت"
جامێکی دامێ و نیشانەیەکی خۆی تیا هێشتەوە

ئەوسا لەسەرخۆ بەرەو دەری بێستانەکە بە ڕێ کەوتینو لە بێستانەکە هاتینە دەرەوە. ئەو زاتە لە سەر پۆستینەکەو کا–گەنمەکە دانیشت. منیش لە بەردەم ئەو زاتە، لە سەر زەوی دانیشتم. کەسمان لە دەور نەبوو. کەس ئاگای لە ئێمە نەبوو. چونکە هەر کەسەو بە کاروباری ئەسپو کوێدرێژو شوێنی حەوانەوەو دانیشتنی خۆیەوە خەریک بوو. پاشان ئەو زاتە فەرمووی: تۆ گرکەکانی خۆت لەت بکە. یەک یەک لەتم کردنو لێم چەشتن. ئەگەر چی بە ڕەنگو ڕوو دەبوایە وەک شەکر شیرینو مەزەدار بوونایە، کەچی تامیان وەکوو ئاوو کا ساردو ناخۆش بوونو یەک لە یەک خراپتر بوون. ئەو زاتە، بەو لەتلەتکردنو چەشتنو فڕێدانەی من بەردەوام پێدەکەنیو دەیفەرموو: شاری! کوانێ زیرەکییەکەت! دوایی ئەو چوار گرکەیەی بە دەستی پیرۆزی لێی کردبوونەوەو هێنابوونی. لەت لەتی کردنو لە هەر کامەیان کووزێکی لێدەکردنەوەو پاکی دەکردنو بە دەستی پیرۆزی دەیدایە دەستمو دەمخواردن. لە تامو بۆنو شیرینی ئەم گرکانە، سەرسام ببووم. چوارینەی "١٤٤":

ئەگەر چی گوڵجار، گوڵ و ئەسرینی زۆری پێوەیە
ئەم هەموو ڕەنگەش، هەر لە بەخشینی خاکەلێوەیە
مایەی پەسەندیی ئەو یارە خەندە شەکرینەیە. وا
وەفایی–یش ئاوا، ئەمجۆرە شیعرە شیرینەی هەیە

دیسان بە زەردەخەنەوە دەیفەرموو: تۆ شاریتو منیش کرمانج! عەرزم کرد: لە دەورت گەڕێم گرکەکانی من هەموویان گرکەی شیرین بون. بەلام بە سیحرو فێڵی پیرانەو تەردەستی شێخانە، شیرینایەتی گرکەکانی منت کێشاو لە گرکەکانی خۆتت کردن. بە کورتی چۆنت بوێت، وا دەبێت. لە دواییدا لە هەموو لایەکەوە جەماوەر کۆ بوونەوەو باسەکە گۆڕا. چوارینەی "١٤٥":

نازی چاوانو بسکەکانی تۆ، هەر ئاوا بووە
ئەی کیانی وەفا، ئاژاوەی چین–یش وا بەرپا بووە
موعجیزەیەکی پێکەنینەکەت ئەوەیە. کەوا
گوڵ، ژەهریش بووبێت، بە سۆنگەی تۆوە، لە هەنگوین چووە

ساڵێکیشیان لە سەرەتای هاویندا، بە هۆی گەرمای زۆری ئەهری و ناخۆشی ئاوو هەوای ئەو ناوچەیەوە. ئەو زاتە لەرزو یاوی تووش بوو. چەند ڕۆژێک بەڵغەمو ناسازیو کەم هێزیی هەڵی کوتایە سەریو برستی لێ بڕی. چوارینەی "١٤٦":

بە ئازیزم وت: ئەرێ ڕەنگی من، بۆچی وا زەردە؟
هەمیشە ژینی وەکو وەفایی پڕ داخو دەردە
ڕووی خۆی دەرخستو بسکی ئاڵۆزو لوولی شاردەوە
واتە: دەرمانت، هەوا گۆڕینە، لەو کەژو هەردە

ناچار بۆ گۆڕینی ئاوو هەوا، ڕووی کردە دەڤەری "مەیدانان"ی بە زێر کرراوی تایبەتی خۆیان. جەماوەرێکی زۆریشی لەتەکدا بوو. چوارینەی "١٤٧":

بەو بتەم وت: لە تاو دووریتە، هاوار دادم
لە بەر شیرینی پێکەنینەکەت، وەکو فەرهادم
پێمی وت: لە ناو ئاوێنەدا بوو، وەفایی–م بینی
دەبێ بە چاوی خۆمەوە بووبم، هەر وایە یادم

لەو سەفەرەدا جەنابی بەخشندە خو... بەکتای دەوران، تاقانەی جیهان، خوالێخۆشبوو. مەلا عومەر ئەفەندی ڕەواندز–یش لەگەڵ کۆمەڵێ فەقێ تەشریفیان هێنا. کاتێ گەیشتینە ئەو دەڤەرە، لە سێ شوێندا چادریان هەڵدا، یەکێکیان بۆ ئەو بەڕێزەو فەقێکانیو چادرێکیش بۆ چێشتخانەو چێشتکارەکانو چادرێکی تایبەتیش بۆ

ئەو زاتەو کەس‌و کارو من‌و سەید عەبدولڕەحمان. ئەو زاتە نۆکەرو دەست پێوەندو مەحرەمی لەوێ نەبوون‌و لە ناو کۆمەڵی موسافیرەکاندا تەنیا ئیمە "دوو مارمێلک" یاری غاری ئەو بووین. کە شەو دادەهات‌و جێگەی خەوی ئەو زاتەمان ڕادەخست‌و لە پاش دوعاکردن‌و بە جێهێنانی فەرزی هەمیشەیی، دەنووست‌و دەحەسایەوە. تا دەمەو بەیانی، من‌و سەیید، بە نۆبە دەخەوتین‌و هەڵدەستاینەوە. چوارینەی "١٤٨":

وەفایی بێ یار، گوڵ و گوڵجاریش وەک دڕکە جارە
لە تەک یاریشدا، گوڵ بە یاد کردن شوورەیی و عارە
لە ناو ئایینی لەڤینداراندا، باوە، وا دەڵێن
لە هەر جێگەیەک دڵداری لێ بێت، هەمووی گوڵزارە

نزیکەی دوو مانگ‌و نیو "زیاتر یان کەمتر"، لەو هەوارە ماینەوە. بە ڕاستی شوێنێ وا خۆش و سازکار، شوێنێ وا خۆش‌و خاوێن لە هەموو ناو چیادا بەدی ناکرێ. کانیاوەکانی بە ڕادەیەک ساردو خۆشن، کە هەرگیز نەمتوانیوە لە سەر یەک، سێ قومی لێ بخۆمەوە. بە تایبەتی چەمی نزیک ئەو ناوچەیە، کە بەناو دەربەندی چیا سەرکەشەکاندا تێدەپەڕێت. هەتا دەگاتە سنووری سنجاقی ڕەواندز. ئەمبەرەو ئەوبەری، بە پانایی سەد گەز، هەمووی گوڵزارو هەڵاڵە جارە. هەر لە بەهارەوە، تا دوو مانگەی هاوین، ئەم دیمەنە وەک بەهەشتێ ڕەنگینەو هەر بەو جۆرەش دەمێنێتەوە. چوارینەی "١٤٩":

لە بەهاراندا دیمەنی باغ‌و ناو گوڵجار خۆشە
مێرگ‌و چیمەن‌و هەوای زوزان‌و لای نزار خۆشە
وەفایی بە خوا، ئەمانە ئەگەر وەک بەهەشتیش بن
سەیری گوڵشەنی وا سازکاریش لەگەڵ یار خۆشە

لە سرەوبای فێنک‌و ئاوی ساردو سازکار، بۆنی هەڵاڵە جارو ڕێحانە کێوی‌و گوڵی هەمە جۆرەو هەزاران چەشنە گوڵاڵەو مێخەک، دنیایەک سۆزنەنەو گەزیزەو وەنەوشەو چرۆی دەم بە پێکەنین. کە ڕۆژەرێیەک لە کوێ چەمەکە ڕوان‌و پشکووتوون. مرۆڤ مەست‌و سەراسیمە دەبێت. ئەو زاتە جار جارە بۆ ڕابواردان، لەگەڵ جەماوەرێکی زۆردا، ڕوویان دەکردە ئەم شوێنە. کاتێ لە ناو ئەو مێرگ‌و چیمەنەو لە ناو ئەو شوێنە دڵگیرەدا، لە کوێ چەمە فێنک‌و خۆشەکەدا، دادەنیشت‌و لە هەر چوار دەورەوە، ئەولیاو زاناو موریدو خەلیفەکانی ئەڵقەیان دەبەست. ئەو زاتە بە ئارامی باسی زانستی عیرفانی دەکرد. چوارینەی "١٥٠":

ئەو بتە جوان‌و بادە فرۆشە، هاتە خەرابات
گیانی مەیخۆران هاتە جۆش‌و گوڵ، بوو بە کارەسات
هەر کەسێ لەعلی گیان پەروەردەکەی بە چاو دەبینی
بە بێ بادەو مەی دەبووە وەفایی و بێهۆش دەردەهات

گوێگرانیش بە گیانی دڵ‌و دەروون، گوێیان بۆ شل دەکردو دەبووراندوەو دەهاتنەوە سەر خۆ، جۆش‌و خرۆشێکی وا بەرپا دەبوو، وەک قیامەت هەستابێت، وابوو.

سەرەرای ئەو هەلالەجارەو جوانیی ئەو میرگوزارە، بە هۆی ڕوخساری جوانو نووری کەمالی ئەو زاتەوە، کەس گوێی بە مەیلی ڕابواردنی ناو هەلالەجار نەدەداو ناهەقیشیان نەبوو. چوارینەی "١٥١":

ئەو شۆخەی ڕووی خۆی ناگۆڕێتەوە بە ڕووی تابان
هیچ ئەڤینداریک نییە گیانی خۆی نەکات بە قوربان
بۆ چاکەی چرا، وەفایی ئەگەر پەپوولە هەردەم
خۆی نەسووتێنێت چی دی لە دەست دێت، بێجگە لە گیانەان

لەو شوێنەی کە جێی دەرکەوتنی نووری یەزدان، لەو پەیکەرە ڕۆحانییەدا کە ئاوێنەی درەوشانەوە بوو، وەک ڕۆژی ڕووناک، ڕوون و ئاشکرا دەبینرا، ئیتر لە بەرامبەر ڕووخساری خاوەن کەمالی ئەو زاتەدا، هەوای گوڵجار و ئارەزووی ڕابواردنی ناو باخو بێستان، لە کوێ دەما! ئەم هەموو گوڵو گوڵزارە، هەلاش و درکەلانی دەنواند. دەمەو ئێواران بەرەو شوێنی حەوانەوە دەهاتنەوە و وەک خۆر، سوارەو پیادە، وەک ئەستێرە لە دەوری بەرو هەوارگەکە دەبوونەوەو دەهاتنەوە. غەزەل:

ئەی خۆزگەم بەو دەمو ساتە، ئەی خۆزگەم بەو ڕۆژانە
ئەی خۆزگەم بەو خۆشی و بارودۆخە، ئەی خۆزگەم بەو کاروبارە
ئێمە بەسەر ئەسپی گیانبازی و ئەو لەسەر تەختی زانست
ئای لەو خۆشی و شادییەی ئەو سوار بوو، ئێمەش سوار
ئەو سروودی عەشقی دەچڕی، ئێمەش سروودی عاشقی
ئەو وەکو گوڵی دەم بە پێکەنین دەپشکووت، ئێمەش وەکو بولبولی بێ قەرار
ئەو سەد دەرگای نوورو ڕوناکی لێ کردینەوە
ئێمەش سەد دڵ و گیانی بە قوربانمان خستە بەر پێی ئەو
وەک وەفایی بێ قەرارم، ئەی موتریب تارێک لێ بدە
گیانو دڵم لە ئاگرا دەسووتێ، مەیگێڕ سا ئاوێک بێنە

ای خوشا ان وقت و ساعت، ای خوشا ان روزگار
ای خوشا ان وجد و حالت، ای خوش ان کاروبار
ما بر اسب جان نپاری او به تخت معرفت گفتی
یاد باد ان شوق و شادی، او سوار و ما سوار
او سرود عشق گفتی، ما سرود عاشقی
او چو گل خندان شکفتی، ما چو بلبل بی قرار
او به روی ما کشوده ند در نورو چیا
ما به جای او نموده ند دل جان نپار
چون وفایی بی قرارم، مگر با تاری بزن
جان و دل محروق نارم، ساقیا ابی بیار

لەو دەمانەدا، شەوێکیان خەریکی ئێشکگرتن بووم، کاتێ بەشێکی شەو تێپەڕی، هاوڕێکەمم هەستاندو تێم گەیاند کە نۆرەی هەستانی ئەوو خەوتنی منە. ئەو بەڕێزە هەستاو منیش لەبەر پێی پیرۆزی ئەو زاتەدا، ڕاکشامو سەرم کردە سەر زەوییو خەوتم. کاتێ بەناکا هاتمەوە، هەستم کرد شەیتانی بووم. سەرگەردان بوومو پەشۆکام، تاوێک بەملاو لادا هەڵخولام. کابرای نووستووم خەبەر نەکردەوەو چوار پێنج جار لە ڕەشماڵەکە هاتمە دەر. بۆ غوسڵکردن چوومەوە چاوگەکەی نزیک ڕەشماڵەکەو بە هۆی سەرماو ساردیی زۆری ئاوەکەو ئەو گزەبایەی کە خەڵکی شەمزینان پێی دەڵێن: هورە توانای غوسڵم لە خۆمدا شک نەدەبرد. دیسانەوە بۆ ناو چادرەکە هەڵدەهاتمەوە. ناچار لە شەرمی ئەوەی نەوەکو ئەو زاتە خەبەری بێتەوەو بەم حاڵەوە بمبینێ. دەستم لە گیانی خۆم هەڵگرتو بەو تاریکە شەوە، چوومە کوێ کانییەکە، هەتا جلەکانم داکەندن. لەوانە بوو لە بەر تەوژمی سەرماو زەبەندی باکەدا، زمانم لاڵو قاچم لە کۆ بکەوێت. هەرچۆنێک بێت چوومە ناو ئاوەکەوەو لەش پیسم لە خۆم دەرکرد. کاتێ بە ددانە چوقە. لە ئاوەکە هاتمە دەرێ. جلەکانم. با هەر پارچەیەی بە لایەکدا ڕفاندبوو. هەریەکەی بە لقە دارێکو بن دەوەنێکەوە گیرسابوونەوە. بەو حاڵەوە بە ڕووتو قوتی، لەملا بۆ ئەولا، بە دوای جلەکانمدا ڕامدەکرد، هەتا دۆزیمنەوە، زۆری پێ چوو، هەموو گیانم دەتووت شەپلە لێی داوە. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر ئێستا ئەو زاتە، خەبەری ببوایەتەوەو بەزەیی پێمدا بهاتایەو بەو سەیدەی بفەرموایە: ئادەی ئاگرێک بکەرەوە، چ دەبوو، کتوپڕ دەنگی ئەو زاتەم بەر گوێ کەوت. کە بەو سەیدەی فەرمووو: خێرا ئاگرێک بکەرەوە، میرزا خەریکە لە سەرمادا ڕەق دەبێتەوە. چوراینەی "١٥٢":

ئەو بەچاوو ئەوەی مەلایکەت. پڕ سیوی دەردم
واتە: وەفایی لە بیرم ئەچوویت. هەر وایت لە یادم
وتم: لە تاوی ئێنرگزی تۆ بوو، ئەخۆش کەوتبووم
هەر پەرچەمی تۆو بەسکی تۆش. تۆشی لەرزو تای کردم

پاشان هەتا یەکەیەکی جلەکانم هەریەکە لە شوێنێک دۆزییەوەو لە بەرم کردن، نیوە گیان بوومو دەستو زمانم لە کۆ چوونو وەکو پیاوی سەرخۆش و گێژ، بە لارە لارو گێرە گێر، بەرەو چادرەکە بوومەوەو لە نزیک ئاگرەکە ڕۆنیشتم، ئەو زاتە لە ڕووی بەزەییو بە تووڕەییەوە فەرمووی: خۆ چێشتخانەمان هەیە، ئاوو ئاگر، نۆکەرو بەردەستیشی لێیە، بۆچی خۆت لەو ئاوە ساردە هەڵکێشاوە؟ عەرزم کرد: شەرمو شکۆم نەیهێشت پاشان پۆستینەکە پیرۆزەکەی پێدا دام. هەرچەند لە ئاگرەکەش نزیک دەبوومەوە، تەوژمی سەرماکە. لە دڵو گیانم دەرنەچوو. ددانەکانیشم لەبەر لەرزوتا، نەدەهاتنەوە یەک.
ئەو زاتە فەرمووی: ئەم سەرمایە، بەم ئاگرە لە گیانی تۆ دەرناچێت. وەرە لای خۆمەوە، چوومە لایەوەو لە بەردەم ئەو زاتەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتم. چوارینەی "١٥٣":

ئەوشۆخەی نازی لە سەرووتری مانگی تابان کرد
ماوەیەک لە لای وەفایی گیر بوو، ڕووی خۆی پەنهان کرد
ڕووی خۆی دەرخستو بە تیلەی چاوێک لە ئاوی بردم
هەر خۆیشی دەردی هەزار ساڵەی چارەو دەرمان کرد

تاوێک لەو دۆخەی من ڕاماو ئەوەندەی نەخایەند، کە لە تەوقی سەرمەوە، تا نووکی پێم، لە ئارەقدا شەلاڵ بوونو هیچ دەمارو پێستو ئەندامی دەرو دەروونم نەما، لەم گەرمییەدا نوقم نەبێتو نەبرژێت. ئیتر ئاسوودە بووم، دیسانەوە کەوتەوە سەر کۆنەکردنم، کە چێشتخانە هەمیشە ئاوی گەرمیی لێیەو تۆ هەتا کەنگێ ناموٚیی دەکەیت!؟ جارێکی تر بەم کارانەت ڕازی نابم. چوارینەی "١٥٤":

خۆزگەم بەو کەسەی کفتو شەکەتو ماندووە گیانی
یارێکی هەیە. ڕووی مانگو چارساز. بە میهرەبانی
وەفایی. جارجار بە ناز هەنگاوێک لەبەر خۆی دەنێ
دەردی بێ دەرمان، زامی نادیار، دەکات دەرمانی

هاوینێکی تریش دیسان ئەو زاتە، ڕووی کردەوە هاوینە هەواری مەیدانانو خەریکی ساز کردنەوەی ئاوەدانیو دروستکردنەوەی مالی چەند نیوە کارێکی بوو. ڕۆژێکیان سەعید خان بەگی حاکمی شەمزینان هاتە زیارەتی ئەو زاتە. چەند ڕۆژێک لەوە پێش- باش لەسەر هۆش نیم -نازانم جوانوە ئەسپ بوو، یان ماین، بە هەشتا تمەن کڕیبوویو لەگەڵ خۆی هێنا بووی، شەوێکیان ولاخەکەی تووشی دەردی سندان بوو. ئەو بەسزمانە هەتا ڕۆژ بووەوە، خۆی بە زەویدا دەداو هەڵدەستایەوە. ئارامی لێ بڕابوو. ئەو زاتە تەشریفی بۆ مزگەوت بردو دوای بە جێهێنانی نوێژ، دەستی بە خەتمو تەوەجوە کردن کرد. منیش لەناو ئەلقەکە هاتمە دەرێ. سەیرم کرد ولاخەکە درێژ بووەو چوار پەلی ڕاکێشاوەو بە چاوی ئەبڵەق بوویەوە. سەر لە زەوی دەکوتێ، بێ دەستو پێ لە بیری مردندا بوو. سەعید خانیش لەگەڵ کۆمەڵی نۆکەرو دەستو پێوەندا، بە چواردەوری ولاخەکەدا دۆش دامابوونو ڕاوەستا بوون. فرمێسکی داخو پەژارە، لە چاویان دادەوەریو بە خەمێکی زۆرەوە چاوی لە ئەسپەکە بڕیبوو، بەرە دەستێ، لە یەکتر هەڵدەسوون. چوارینەی "١٥٥":

ئەگەر دەتەوێ گیانت بە هیچ جۆر، زیان نەکات پێی
هەر لە خۆتەوە دڵبەستە مەبە لە هیچ ئەنائیی
وەفایی. هەموو شتێکی دنیا، شتێک ناهێنێ
جگە لە یارێک. دڵناوالا بێ و دڵنیا بیبێت لێی

نۆکەرەکان هەرچی سەرو پێی ولاخەکەیان دەبزواند، هیچ بزوتنەوەیەکی تێدا نەما بوو. ئیتر بە تەواوی دەستیان لە زیندوبوونەوەی شتو نائومێد بوون. من پێم وابوو دوای دوو-سێ دەقیقەی تر، هەناسەی تێدا نامێنێ. کەچی لەم کاتەدا، ئەو زاتە کە لە خەتمو تەوەجوە کردن تەواو ببوو، هاتو بە سەعید خان بەگی فەرموو: ئەوە بۆ ولاخێک دەگریت؟ عەرزی کرد: لە دەورت گەڕێم، هەشتا تمەنم پێ داوە. هەشتا تمەن کەم نییە. سەرەڕای ئەوەش ولاخی وام بە گران دەست دەکەوێتەوە، ئەو زاتە بە کەشمو ئەشم بەرەو لای ولاخەکە چوو. گۆچانی موبارەکی لە حاند سەریەوە، تا کلکی پێدا گێڕاو فەرمووی: هەستە هەستە. ئەو بەسزمانە دەستبەجێ سەری بەرز کردەوەو تاوێک لە ڕوخساری ئەو زاتەی نواڕی. وەک کەسێک سەرو ملی ولاخی مردو، بە گورمەوە بە زەویدا بدات، ئاوا سەرو ملی کەوتە سەر زەوی دیسانەوە وەک جاری پێشوو، ئەو زاتە گۆچانی موبارەکی بە سەرو ملیدا هێناو فەرمووی: هەستە هەستە. دیسان سەری بەرز کردەوەو تاوێک لە ڕوخساری پیرۆزی نواڕیو سەری داکەوتەوە. ئەو زاتە، بۆ جاری سێیەم، گۆچانی موبارەکی بە سەرو ملیدا هێناو بە دەنگی بەرزو تووڕەییەوە فەرمووی: هەستە هەستە. ئەم جارەیان وەک ئەوەی سەد کەس بە یەکەوە بە یەک گوژم، لە سەر زەوی هەڵی بکرن، ئاوا ڕاست بۆوەو هێزو جوڵەی بە بەردا هاتەوە. چوارینەی "١٥٦":

وەفایی. وەها چاک ببێتە خاوەن دڵ و گیان
گیانبازیی بکەو ببە بە سەرگەرد پێناوی ڕەندان
ڕەندان هەر کاتێ سەرنج لە حاڵی ئاژەڵێک بدەن
گیانی تێ دێتو دڵ پەیدا دەکاو دەبێتە ئینسان

قریوە لە خەڵکەکە هەستاو هاوارو خرۆش کەوتە ناو خەڵکو ولاخەکەش زرپو زیندوو ڕاست بووەوە. سەعید خانی بەگی ناوبراو، کە پێشتر زۆر نکۆڵی دەکرد، خێرا بڕوای هێناو چەند سەر مەڕێکی بە فەقێکانی ئەوێ بەخشیو هەتا لە ژیانیشدا بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە ئەمەکترو هەمیشەش خەریکی خواپەرستی بوو. چوارینەی "١٥٧":

خوایە هیچ کەسێ بە سەری ئەیەت وێنەی وەفایی
ئەفس مردووە لە هیچ کەس ناچێ بە بەرەڵایی
بۆ ئەوەی توانای پووچو ڕزیوی زیندوو بێتەوە
خوایە گیان هەر خۆت بکەیتە لای: ئەفس عیسایی

ساڵێکی تر، لە وەرزی پاییزدا، ئەو زاتە لە گوندێکی بە زێر کراوی خۆیدا مابۆوە. کرێکارێکی زۆریش خەریکی سازکردنەوەی چەند ماڵێکی ئاوایی بوون. کۆمەڵێک وەستاو کرێکاری تریش لە لایەکی ترەوە خەریکی ڕووخاندنی کۆنە قەڵاو باڵەخانەیەک بوون. دانیشتوانی ناو چیا لەبەر ئەوەی خێڵەکینو وەک شارستانی شارەزاو بە ئەزموون نین. لایەکی کۆشکەکەیان ڕووخاندبوو، دوو لای تریشی، کە نزیکەی "٣گەز" دەبوو، ڕماندبوویان. نزیکەی نیوەی سەربانی کۆشکەکەش، کە هەموو بەردی تاشراوو ئەستور بوو، بە حەواوە مابووەوە. هێندە کەوجو کەم ئاوەز بوون، نەیاندەزانی ئەمجۆرە ڕووخاندنە، مەترسیی بە دواوەیەو دەبێتە هۆی داتەپینی سەربانەکە. چوارینەی "١٥٨":

لە ناو لادێدا هیچی تیا نییە. جگە داماویی
عومری شیرینی خۆت لە کیس مەدە، بڕوا خۆڕایی
وەفایی گوایە. پێغەمبەری خوا، ئاوای فەرمووە:
ببە بە شاریی. لەوێ خودا، دینو دنیای پێداوی

کرێکارەکانیش هەروا خەریکی ڕووخاندنی پاشماوەی کۆشکەکە بوون. لەو کاتەدا من هاوارم لێ هەستاو چوومە خزمەت ئەو زاتە. عەرزم کرد: قوربان ئەم خەڵکە زۆر گەوجن. بنمیچی کۆشکەکە خەریکە دەڕووخێو لەوانەشە کرێکارەکان ببن بە ژێریەوە و تێدا بچن. ئەو زاتە بەرەو لای کرێکارەکان بەڕێ کەوت. کە نزیکەی دووسەد کەس دەبوون. لە دوای دوو - سێ دەقیقە هاواری لێ کردن. ڕاکەن، دوور کەونەوە. لە پڕ بنمیچەکە داڕووخاو بە ئەندازەی گردێک، تەپو تۆز بڵند بوەوەو ئەو دەوروبەرەی داپۆشی. هەر کەسەو بە پرتاو بە لایەکدا هەڵاتبوو. لە دوای ماوەیەک، کە تەپو تۆزەکە نیشتەوە، بۆیان دەرکەوت کرێکارێکی مێردمنداڵی سیازدە ساڵەی کەچەڵ، بووە بەژێر ئەو گڵو بەردو دارەوە. چوارینەی "١٥٩":

بانەکە بەسەر مێرمناڵێکدا هەرەسی هێنا
کەس و کارەکەی بە گریانەوە، جەرگیان پڕ خوێنە
دوای یەک دوو سەعات، کە دەریان هێنا
کوتی: وەفایی بچۆ فاتیحای لەسەر بخوێنە

ئەو تەلە بەردانە، بەلای کەمەوە هەزار دانە دەبوون. ئەوەندەی گەزێکیش گڵ لە سەربانەکە بوو کرێکارەکان کۆ بوونەوەو نزیکەی نیو سەعات، بە پاچو پێمەڕە، گڵو بەردیان دەبژاردو دوور دەخستەوە، لە دواییدا لاقێکی کوڕەکە دەرکەوتو بە تەقەللایەکی زۆر، کوڕەیان لە ژێر بەردو گڵ هێنایە دەرێ. بەڵام هیچ جووڵەو بزوتنێک لە لەشو دڵی نەدەهات. هەمووشیان گومانیان نەمابوو. کە مردوە. زۆر سەیر بوو، ماوەی سەعاتێک لە ژێر ئەو هەموو گڵو بەردەدا بمێنێتەوەو هەموو لەشی ونجڕ ونجڕ نەبێتو نەبێتە خۆڵو خاک! دوو-سێ کرێکاری خزمی کوڕە دەستیان کرد بە شینو ڕۆ ڕۆ. ئەو زاتەش فەرمووی: مەگرین ئەگەر خوا پێی خۆش بێت، زیندو دەبێتەوە. بە فەرمانی ئەو زاتە، کوڕەیان بە چوار دەستان هەڵگرتو لە شوێنێکی دیاریکراو دایان ناو خەڵکەکە خڕ بوونەوە. ئەو زاتە، چارەکە سەعاتێک لە ژوور سەری وەستاو لێی ڕاما. کتوپڕ کوڕە جوڵایەوەو هەستایە سەر پێ. بە یەک جار وەک قیامەت ڕاسابێ، قریوەی شادیو جەزمە، کەوتە ناو خەڵکەکە. چوارینەی "١٦٠":

خێرا ئەو قوتبی زەمانە، بە ناز تەشریفی هێنا
فووی بە سەردا کرد، کوڕە لە جێی خۆی ڕاست بۆوە. هەڵسا
کاتێ کوڕەکە، کەوتە جووڵانو سەری هەڵبڕی
هاوارو جەزمە، بڵاو بوو لە ناو پیرو لاوانا

ئەوسا ئەو زاتە فەرمووی: کەمێک هەنگوین لە ماڵی ئێمە بهێنن، بیدەنێو برێکیشی لە سەری هەڵسوون. ئیتر تەشریفی بۆ حەرەم بردەوە.... زۆر بە وردی سەیری هەموو گیانی کوڕەکەیان کرد، ساغو سەلامەت بوو. بەڵام بەو هۆیەوە کە تووک بە سەرییەوە نەبوو. خوێنی لێهاتبوو.. دوبارە خەڵکەکە دەستیان بە کار کردەوە. چوارینەی "١٦١":

نازەنینێک وای بە وەفایی وت، لەبەر بەیانا
چارەی دەست نەکەوت. لای هیچ پزیشکو ناو حەکیمانا
لەو دوو نێرگزە دڵڕفێنەوە، لە ڕووی لوتفەوە
تیلەی چاوێکت بەسەو بۆ هەموو دەردێک، دەرمانە

ساڵێکیشیان پیشەوای ئەرمەنییەکانی ناوچەو دەوروبەری شاری وان، کە پێی دەوترێ: مارشەمونو بە واتای ئەرمەنییەکان بەو کەسانە دەڵێن: پێشەوا، کە ئەرکی دنیایی کردبێ بە سەرۆکی کۆمەڵی ئەرمەنی بێتو لە ئایینی خۆیاندا بە گەورەو ڕێنوێنو جێنشینی حەزرەتی عیسا"د.خ"ی دەدەنێن. ئەم مارشەمونە. لەناو پەیڕەوانی خۆیاندا، هێندە جێی بڕواو متمانە بوو، کە لە کاتی دەست شتندا، نەیاندەهێشت ئاوەکە برژێتە سەر زەوی، بەڵکو ئاوەکەیان بە تەبەڕوک. شار بە شارو وڵات بە وڵات دەبردو دەیانخواردەوەو لە خواردنو خواردنەوەکانیان دەکرد. چوارینەی "١٦٢":

بە پێی ئایینی مەسیح. مارشەمعون ڕابەرو پیرە
واتە: خەلیفەی مەسیحیانەو سەرۆکو میرە
خۆڵی بەری پێی لایان پیرۆزەو بە موفەڕک ئەدەن
هەرکەس بە دینی خۆی دڵبەستەیەو شادو دڵگیرە

سەرەڕای ئەوەش کە گوێڕایەڵی دەوڵەتی دەکرد، بەڵام زۆربەی ساڵەکان تا فەرمانی دەکردو بەراتی دیاری کراوی نەدەدا. حکومەتیش کەمێک چاوپۆشی لێ دەکردو. زۆر بە کەمی سزا دەدرا. سەرەنجام بەهۆی زاتی کلاویو کینەو دوژمنایەتی ئایینەوە لە تەک دەستو پێوەندەکانیدا هەموو چەکدار بوونو بۆ شەڕ لەگەڵ ئەو زاتەدا ئامادە بوون. هەتا دەڤەری وانیش کە خاکی عوسمانییە. هاتنە پێشەوە. لەوێوە هەواڵیان بۆ ئەو زاتە نارد کە خۆی ئامادە بکاتو دەبێ تا سەرلەبەری شەمزینان تەفرو تونا نەکەین. خەو و خۆراکم لێ حەرامە... پاش چەند ڕۆژێک بەم لەشکرەوە لە وڵاتی "وان"ەوە تا ناوچەی "گەڤەر"، کە دوو قۆناغە ڕێ لە نەهرییەوە دوورە، نزیک بوونەوە. لەملاشەوە جەماوەرو نزیکان، هەموو ڕۆژێکو هەموو سەعاتێک، دەستە دەستە دەهاتنو دەچوونو شاڵاوی ئەرمەنی دەئاڵۆزانو دەپەشۆکان. ئەو زاتەش بەردەوام دەیفەرموو: بەبێ فەرمانی حکومەت، پێویست بە کۆکردنەوەی خەڵک ناکات و بڕۆن لە ماڵی خۆتان ئاسوودە دانیشن، خوا گەورەیە.

ڕۆژێکیان ئەو زاتە، مەلا ئەحمەدی کاتوونەیی خواستو بە نوێنەرایەتیو پەیامنێری خۆی، بۆ لای مارشەمونی هەڵبژاردو ئەویش پێی فەرموو:

من بەم بێ دەمو بێ زمانییەو مارشەمونیش بەم هەموو بێدینی و زمان پاراوییەی کە لەناو جەماوەری ئەرمەنیدا سەیرو سەمەرەیەکی هەڵکەوتەیە، چۆن دەتوانم گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم! چوونی من دەبێتە هۆی زیانێکی زۆرو گوتوبێژی من لەگەڵ ئەودا دەبێتە مایەی زیانو دەرکەوتنی سەرشۆڕی گەلەکەمان. ئەو زاتە پێی فەرموو: دەبێ بچیتو هیچ ترسو بیمێکیشت نەبێ، چونکە ئەولییای مەزن ڕەشیدن.

ئەو بەرێزەش بە پێی فەرمانی ئەو زاتە، خۆی تەیار کردو لەگەڵ دووسێ نۆکەردا مۆڵەتیان خواستو چوونە ناوچەی گەڤەرو بە مارشەموون رادەگەیەنن کە لەلایەن ئەو زاتەوە پەیامنێرێک هەواڵی هێناوە، ئەویش دەڵێت ئەمرۆ ناکرێت، با شەو بێت. ئەو بەرێزەش دوای نوێژی نوستنان دەچێتە لای مارشەمونو تاوێک دەئاخێونو لە دواییدا دەڵێ: من دەست هەڵناگرم، چەند سوێندی وام خواردووەو نەزری وام کردووە، بە لایەنگیری و پێداگیری ئایینی خۆم، لە رێگەی حەزرەتی مەسیح، یان سەری خۆم دادەنێم، یان دەبێت خاکی شەمزینان بە توورەکە بپێژم.
ئەو بەرێزە بە نائومێدی هەستاو بۆ ماڵی خۆی هاتەوە. بە پەلە پیاوێکی گورج و سوکەڵەی بە نامەوە نارده خزمەت ئەو زاتە. کە رایبگەیەنێت ئەم تۆفانە، بە جۆرێکی وا نەوروژاوەو ئەم ملهورە بە چەشنێک ئاور ناپرژێنێ تا چارەسەر بکرێ. یان دەبێت بۆ شەڕ تەیار بین، یان دەبێ شەمزینان جێ بهێڵین. ئەو زاتە دەستبەجێ وەڵامی بۆ نوسییەوە: مەترسەو ئەم شەوی داهاتووش بچۆرەوە بۆ لای مارشەمون، چونکە ئەو بێ پشت و پەنایە حسابی بۆ کرا. چوارینەی (١٦٣).

ئەو قوتبی وەختەی لە گشت دنیادا تاکو تەنیایە
نامەی لەو جۆرەی بە تەتەریا نارد مزگێنی تیایە
لەناو جیهانی غەیبەوە پشتی دوژمنان شکا
تیری پیاو چاکان بەری کەوتووە والە چاویایە

ئیتر هیچ پێویست بە هێز کۆکردنەوەو شەڕ ناکات. هەر ئەو شەوە مارشەمون جەنابی مەلا ئەحمەد دەخوازێو ئەمجارەیان بیروڕاو ئاخاوتنی لەگەڵدا دەکاتو دەڵێ: من لەو کارەی کردوومە، زۆر پەشیمان بوومەتەوەو ئێستاش خۆم بە دۆستو ئاشنای شێخ دەزانمو ئێمە هەردوکمان دەروێشین. ئایینی هەردووکیشمان دەستبەرداربوونی ئارەزووە، نەک بیرکردنەوە لە خەیاڵاتی چەپەڵو دروستکردنی نەفسی پڕوپووچ و شەیتانی. بۆچی بە فڕوفێل و هەوای کۆمەڵێک نەزان ببینە هۆی خوێنڕشتنی کۆمەڵێکی زۆر لە هەردوو لاو ببینە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕو ئاژاوەو رق و کینەی کردگار؟ چوارینەی (١٦٤).

بە هیمەتی ئەو چرای ئیسلامەی پەنای تەواوە
چۆن شەو لە ترسی تیشکی مانگە شەو دەکشێتە دواوە
رێبەری هەموو رێ ون کردوانیش، بە رێگەی خۆیدا
بەخت و رووی رەش بوو، لە کوێوە هاتبوو، هەر واگەڕاوە

هەر بەو جۆرەش عەرزی دۆستایەتی من بە شێخ بگەیەنە... خۆ ئەگەر لەبەر هەندێ کارو بار نەبوایە خۆم دەهاتمە خزمەت شێخ. ئەوسا ئیزنی گەڕانەوەی پەیامنێرەکەی دابووو خۆیشی پاش دوو سێ رۆژ، وەک بەختە وەرگەڕاوەکەی، بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە.
دەرکەوتنی ئەم سەرکەوتنە بووە مایەی باوەڕهێنانی دۆستایەتی کردنی زۆربەی نکۆڵی کاران. چوارینەی (١٦٥).

ئەو چاکەیەی وا، خواهەر بە تەنیا، لە تۆیدا خولقان
سەد وەک وەفایی، بە نازی دەستی تۆ، شەهید کران
کافر، کە زولف و پەرچەم و تاقی بڕۆی تۆی بینی
خێرا رووی بەرەو قیبلە وەرگێڕاو زوونناری پسان

ساڵێکیش مستەفا پاشای میر ئالاّ کە لە دەڤەری قارس دادەنیشت. بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی گرنگو گەورەو جێبەجێکردنی کارێکی تایبەت لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بە هێزێکی گەورەوە نێرران بۆ نەهری. هەرچەندە لە رواڵەتدا لوتف و دڵسۆزی بەرامبەر بەم باوەڕە پۆڵایینە دەنواند. بەڵام لە ئاخدا ئێجگار نکوڵی دەکردو لە دوای زیارەتی ئەو زاتە، دڵیمان بۆ دەرکەوت. پاش گەیشتنە نەهریو تەرخانکردنی شوێنی دابەزین، بۆ خۆیيو چەند پاشایەکی یاوەری، چەند سەعاتێک حەسانەوەو ئاسودە بوون. منو حاجی ئیسماعیلی نازر، بە پێی فەرمانی ئەو زاتەو بە پێی رەسمی دەروێشان. شەربەت و شیرینی و گوڵاو و قەنداومان گێڕا. کەمێکیان لێ خواردەوە. رەنگو رووی ئەو پیاوە، رق و ناخۆشیی لێ دەباریو بڵێسەی کینەو نکوڵیی پێوە دیار بوو. توندو رقاویو بێدەنگو بێ باکو رووترشو برۆ گرژ بوو. هەر دەتگوت سرکەفرۆشە، یان مەنجەڵی لە کوڵ و لە جۆشە. مەیل و گوێی بە کەس نەدەدا. چوارینەی (١٦٦).

ئەی دڵەی بەدخوو، داساکێ بەس بێ، بەس ئەم هەڵانە
ئیتر لە دەرگەی ئەم و ئەو مەدەو بڕی مەردانە
وەفایی سەیری روخساری دەرێ و رواڵەت مەکە
یەک رەوشتی جوان، بە بارتەقای سەد روخساری جوانە

ئەگەرچی پەردەداری ئەو زاتە، پیرۆزباییو بەخێرهاتنی دەکردن، کەچی ئەو متەقی لێوە نەدەهات. لە راستیشدا تازە لاوێکی بەم شەنگ و شۆخییە، کە تەمەنی "١٧-١٨" ساڵان دەبوو، لەم سەردەمەدا بێوێنە بوو. نە پیرێکی بیناو نە لاوێکی گوێڕایەڵ بوو. بە روخسارو لەشو لار، باڵابەرزو بازوو رۆستەمانەو چاکو ئاسکو سەروملی دڵڕفێنو برۆ ئەستوورو جوامێرو زانست پەروەرو سامناک بوو. خاوەنی جوانیی گوڵ و زمانی بولبول بوو. ئەوەندە رۆحزل و خۆ بەزلزان بوو. نە مەیل و گوێی بە کەس دەداو نە لوتفو میهرەبانی لەگەڵ کەسدا دەنواند. دەتگوت دوژمنی خوێنییو خوێنخۆری دەروونییە. چوارینەی (١٦٧).

ئەی ئەوەی رێگا دەگرێت لە تیلەو نیگای دڵداران
بە جوانیی خۆتا مەنازێ و مەدە رەنجی بە تاڵان
تۆش ئەی ئاوێنە سل کە لە گەپەو ئاهی وەفایی
زۆر رەنگی سپی، گۆڕیوە بە رەش، ئەم سوورەی دەوران

بیرەوەرییەکانی وەفایی

[illegible]

کرد و کۆی
مامۆستا قازی محەمەد خزر

وەرگێرانی لە فارسییەوە
محەمەد حەمە باقی

دوای سەعاتێک منو حاجی ئیسماعیلی نازر، هەستاینو هاتینە خزمەت ئەو زاتەو بە درێژی باسی ئاکارو کرداری ئەو پیاوەمان بۆ کرد. ئەو زاتە هیچی نەفەرموو. چێشتەنگاوی ڕۆژی دوایی، ئەو زاتە فەرمووی: بەرماڵەکەم بۆ بهێنن و بۆم ڕابخەن. دەمەوێ ئادابی بەخێرهاتنو پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بکەم.
منیش بە پێی فەرمانی ئەو زاتە، بەرماڵەکەم بردو ڕامخستو پێم ڕاگەیاندن کە ئەو زاتە، تەشریف بۆ ئێرە دێنێت. پاشان ناوبراو لە شوێنی هەمیشەی ئەو زاتە، لە نزیک پەنجەرەکەوە، بەوپەڕی فیزو گەورەییەوە دانیشتبوو. توندو بە هەیبەت خەریکی سەیرکردنی حەوزی ناو حەوشەکە بوو. چوارینەی "١٦٨":

لە کن ئەو کەسەی خاوەن کەماڵە، کوایە وا باوە
چون لای دڵداران بە جوان ناسراوەو جێگەی شیاوە
بە خۆی دەنازێ، وەفایی بەڵام، ئاگای لێ نییە
کە چەرخی گەردوون، چی لە هەناوی خۆیدا داناوە

کتوپڕ ئەو زاتە تەشریفی هێناو منیش پەردەکەم لابرد. هەموو پاشایانو عوسمان ئەفەندی، کە وەرگێڕو کاتبی "وان" بوو، هەستانو پێشوازیان کردو دەستی موبارەکیان زیارەت کرد. چوارینەی "١٦٩":

ماری پەرچەمو زولفی لە سەر ڕطووی، خست بەملاو لادا
ڕووی لە مانگ دەچوو، ئەو کاتەی هەڵدێ لە تاریک شەودا
یار هاتو دانیشت، وەفایی ئیتر کۆڕی عاشقان
دووسەد ناڵینو شیوەنو هاوار، لە ناویان هەستا

هەتا نەگەیشتە لای بەرماڵەکە، مستەفا پاشا هەڵنەستاو دەستی بۆ درێژ نەکرد. پاشان وەک جاری پێشوو، لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوەو خەریکی سەیرکردنی حەوزو حەوشەکە بۆوە ئەوەندە بێ دەربەست دانیشت، کەلەکەی ڕاستی کەوتبووە بەرامبەر ڕوخساری ئەو زاتە. کۆڕەکەش چەندان پاشاو خاوەن پایەی حکومەتی عوسمانی لێبوون. هەندێکیان لەسەر کورسی دانیشتبوونو هەندێکیشیان چۆکیان دادابووە سەرلا زەویو کڕوکپ دانیشتبوون. چوارینەی "١٧٠":

لەناو مەلبەندو کۆڕی عاشقی بێ ناونیشان
تاوێک ئارام بەو بحەسێرەوە، ئەی گیانی جیهان
دڵ لەسەر دەستو گیانیش لەسەر دەست، وەکو وەفایی
لە غەمزەکەی ئەو، ئاماژەیەکو ئێمەش دڵ و گیان

جەنابی خەلیفە مەلا عەبدوڵای سلیمانی -ناسراو بە جۆلا- ش لە نزیک ئەو زاتەوە دانیشتبوو. منیش لە پشت سەری خەلیفەوە وەستابووم. سەری هێنایە بن گوێمو وتی: زۆر زەحمەتە ئەو زاتە، ئەو دڵە بەردو پۆڵایینەی ئەم مستەفا پاشایەی پێ نەرم بکرێتو لەم حاڵە بیگۆڕێت.
ئەو زاتە ماوەیەک لێی ڕاماو لەناکاو مستەفا پاشا وەک ئەوەی لە پڕێکدا خەنجەرێک بە کەلەکەی ڕاستیدا بکەن، یان تینی بەرکەوتبێ، خێرا ڕووی لە سەیرکردنی حەوزو حەوشەکە وەرگێڕاو لە بەردەم ئەو زاتەدا چوو بە چۆکداو سەری خەواند. ئیتر ڕوخساری نیشتە سەر عارەقو وەک شەونمی تازە بەهار، یان وەک چیمەنو چەپکە گوڵ، گوڵاوی لێ دەتکا. چوارینەی (١٧١):

کە پیری مەزن، تیلەی پڕ سۆزو بەخشینی چاوی
بڕییە ئەو لاوەی خۆ بەزلزانو کەشفو فیزاوی
لە هەنیەیەوە، وەفایی تک تک، ئارەق دەتکا
وەک گوڵی بەهار، کە لێی بچۆڕێ، تکەی خوناوی

وەک چۆن موریدو دەروێش، لە خزمەت شێخی خۆیدا، بە ئەدەبو خۆنەنوێنی چۆک دادەداتو خۆ بەکەم زانانە دادەنیشێت، ئاوا شەرمەندەو خەجاڵەتبار نوشتایەوە. چوارینەی (١٧٢):

ئەو شەنگەی، سیمای لەوپەڕی جوانییو بێ هاوتاییە
سەردانەواندن، بۆ پاشایانیش، نازانی چییە
کەچی تاقە سەرنجێکی پیر، وا گیرۆدە بوو
شەکەتو زامدار، کەتومت دەتوت، هەر وەفایی یە

دانیشتوان کە هەرگیز چاوەنواڕی ئەمەیان لێ نەدەکرد، بە بینینی ئەم حاڵە، واقیان وڕماو گێژو ویژ بوون، پاشان ئەو زاتە لە جێگەی خۆی هەستاو مستەفا پاشا کەوتە بەرپێی پیرۆزی‌و بە چاوی پڕ لە فرمێسک‌و دڵ‌و گیانی بێ ئۆقرەو خۆ بەکەم زانینی لە ڕادە بەدەرەوە، دەستی کرد بە داوای لێبوردن‌و ددانی بەبێ ئەدەبیی خۆیدا هێناو داوای چاوپۆشی لەو زاتە خواست. هەتا ئەو زاتە، لە ژوورەکە چووە دەرێ، هەموو پاشاکان بەرێیان کردو بە فەرمانی ئەو زاتە، گەڕانەوە سەر شوێنی خۆیان.

دوای ئەوە مستەفا پاشا، زۆر بە جەختەوە، بە یەکێک لە نۆکەرەکانی ئەو زاتەی ئەمر کرد، کە تا من لێرەم، دەبێ تۆ پاسەوان‌و ئاگادار بیت، هەر کاتێک ئەو زاتە ویستی تەشریف بۆ ئێرە بهێنێت، چەند دەقیقەیەک پێش ئەوە، ئاگادارم بکەرەوە، تا بێمە پێشوازو تاوێک لەبەر دەروازەدا بوەستم‌و پاش زیارەتی ئەو زاتە، لە خزمەتیدا بێمە ناو ماڵ.

ئیتر هەتا مستەفا پاشا لە ئەهری میوان بوو، ئەو نۆکەرە، پاسەوان‌و تەرخانی ئەم کارە بوو، ئیتر ئەو بیروباوەڕە پڕووپوچەش کە لە سەریدا بوو، خستیە ئەو لاوەو لەسەر دەستی پیرۆزی ئەو زاتەدا تۆبەی کرد.

مستەفا پاشا لەبەر ئەوەی پیاوێکی پاک‌و دەست ڕۆیشتوو بوو، بوو بە زامنی داواکارییەکانی ئەو زاتە، لای حکومەتی خاوەن شکۆو لە ڕۆژی ڕۆشتنیشدا، ئەو زاتە، بایی چوارسەد تمەن لە فەرش‌و کاسەو دیاری نایاب‌و ئەسپ‌و هێستری ئامادە کردو بە ناوی دیاری دەرویشانەوە، بۆ خۆی‌و پاشاکانی ناردو هەرچی تکایان لێ کرد، قبوڵی نەکرد، عەرزی کرد: ئەگەر لوتف بکەیت بۆ تەبەڕوک، تەسبیحی دەست‌و بەرکاڵەکەی جەنابت، لە جیاتی دارایی بۆ من بەسە، چوارینەی (١٧٣):

ئەو شێخە، هێندەی لە هەموو جۆرێ بەخشی بە دیاری
ئەزیکەی هەزار لیرەشی خستە تەک، بە ئەژماری
وەفایی هەمووی لە لاوە دڕا، کەچی ئەو تەنیا
تەسبیحی شێخ و بەرساڵی وەرگرت، بۆ یادگاری

ئەو زاتە، هەردوکی پێشکەش کردو ماچی کردن‌و لە چاوی هەڵسوون. ئەویش دەستی پیرۆزی ئەو زاتەی ماچ کرد، لەو کاتەدا ئەو زاتە، مزگێنی بەرزبوونەوەی پلەوپایە و مووچەی حکوومەتی-لەپاش گەڕانەود بۆ ئەستەموول-پێ دا. دوای ئەوە مۆڵەتیان خواست‌و ڕۆیشتن.
دوای گەڕانەوەی مستەفا پاشا بۆ ئەستەموول، ئەو زاتە چۆن مزگێنیی دابوویە، هەروا بە پلەو پایەی بەرزو موچەی شایان گەیشت‌و لە هەموو ڕویەکەوە خۆشەویست‌و دەست ڕۆیشتوو بوو. چوارینەی(١٧٤):

ئەی کەمەندکێشی دڵ و ئارام‌و هۆشی دڵداران
گیانی وەفایی لە دەورت گەڕێ‌و بۆت بێتە قوربان
بیم بەسەر گەرد ئەو نیگا مەستو خومارە، چونکە
ئەمبیستووە ئاسک بێتە شێر و ڕاو کات نێچیران

دیسان ساڵێکیان لە زستاندا ڕەمەزان بوو، من‌و قازی مەلا عوسمانی ئەهری‌و خوالێخۆشبوو محەمەد باقر کە یەکەمیان برازاو ئەوی تریشیان کوڕی ئەو زاتە، لەسەر داڵانی خانودکەی ئەو زاتەدا، لە حوجرەیەکدا دەژیاین‌و دەرسی فارسیم فێردەکردن.
شەوێکیان لە کاتی پارشێودا، ئەو خواردنەی کە هەمان بوو، خواردمان‌و نییەتی ڕۆژوومان هێنا، ئەوان چوونە خانەقاو منیش بەهۆی ناسازی لەش‌و هێرشی خەوەوە، لە حوجرەکەدا مامەوەو خەوم لێ کەوت، لە خەومدا دوو جنۆکەم بینی، شاڵاویان بۆ دەهێنام. چوارینەی (١٧٥):

لە خەوما نواڕیم وا دوو جنۆکە، هاتن لە ناکاو
زۆر بە قینەوە هەڵەتیان دامێ، بە هەڵپەو پڕتاو
دامیان بە عەردا، بێ دەسەڵات‌و گزۆڵ و داماو
لەم دوو سامناکە، هاتمە لەرزین‌و دڵە تەپەو یاو

وەک چۆن سەگی دڕ، پشیلەیان بەر چنگ بکەوێت و بە ڕق و قینەوە بیگەوزێنن، ئاوا بەو جۆرە خستمیانە ژێر خۆیان، ئەوەندەیان بە زەویدا تلاندمەوە، لەوانە بوو هەناسەم بوەستێنێت‌و گیانم دەرچێت، لەو کاتەدا چەند جارێک بە دەنگی بەرز هاوارم کردو وتم: یا شێخ عوسمان، یا شێخ عوسمان، یا شێخ عوسمان فریام بکەوە، هیچ دادی نەدام‌و زیاتر ئازاریان دام. چوارینەی (١٧٦):

بە شپرزەیی کەوتمە ناڵین‌و ڕامان‌و سەرسام
ناچار دەخیل و دەستەو دامێنی لای شێخ عوسمان سام
هەرچەند هاوارو ناڵەو بانگم کرد
کەڵکێکی نەبوو، دەستێکیش نەبوو، بگاتە هانام

دوای ئەوە، بە هەموو هێزمەوە هاوارم کرد، یا حەزرەتی سەید تەها، حەزرەتی سەید تەها فریام بکەوە، دەم‌و دەست لەسەرم لاچوون...غیرەتێکم هاتەوە بەرو ویستم هەڵێم، سەیرم کرد جنۆکەیەک لە دەستێکمدا بوتە گورزو ئەوی تریشیان لە دەستەکەی ترمدا بۆتە قەڵغان، هەتا شەکەت‌و ماندو بووم، گورزو قەڵغانم بەیەکدا دان، لەم کاتەدا بیرم لە شتێکی باش دەکردەوە، کە ئەمانەی لێ فڕێ بدەم‌و هەڵێم، لەناکاو دەنگی ئەو زاتەم بەرگوێ کەوت-گیانم بە قوربانی بێت-بە دەنگی بەرز فەرمووی: میرزا مەترسە. میرزا مەترسە، هەستە وەرە بچینە خانەقا.
بە ترس‌و واق‌وڕماوییەوە ڕاپەڕیم‌و لە حوجرەکە چوومە دەر. سەیرم کرد ئەو زاتە لەبەر دەرکای حوجرەدا وەستاوە. فەرمووی: میرزا تۆ لێرەیت، کارت بە شێخ عوسمان چییە؟ چوارینەی (١٧٧):

کەچی لە ناکاو بانگی لێ کردم، قوتبی زەمانە
وتی: وەفایی بەسیە ئەم هەموو بانگ‌و ناڵە
تۆ، خۆت کە لێرەیت، ئیتر چیت داوە لە شێخێکی تر!
خێرا کە، وەرە، ترسێکت نەبێ لە دەست ئەوانە

ئیتر لە خزمەت ئەو زاتەدا چوومە خانەقا. ئەم ڕووداوە لە ساڵی یەکەمی خزمەتەکەی مندا ڕووی دا، لەوەو پێش هۆگری بنەماڵەی شێخ عوسمان "قدس سرە" بووم.
دوای دیتنی ئەم سەمەرەیە، لەو زاتە (گیانم بە قوربانی بێت) بێ ئەوەی دەسەلات لە دەست خۆما بێت، خۆشەویستی پێشووم نەماو سەودای عیشق‌و ئەڤینی ئەم دەروازە موبارەکە بووم. چوارینەی (١٧٨):

وەفایی، هیچ کەس نییە وەکو تۆ، وێڵ و ئاوارە
سەرسام‌و داماو، شپرزەو ئاڵۆز، هەناسەت سوارە
ئەی غەوسی زەمان ئەی قوتبی هەرچی قوتبی دنیایە
لە دەست ئەم دێوە ڕەشەی دەرونم، داد‌و هاوارە

لە ناو چیاو نزیک بە دەڤەری کەڤەر-یش کێوێکی بەرز هەیە، شوێنی زیارەتەو بە شەهیدانیەناوبانگە. واتە(١٨) کەس لە یاران‌و یاوەرانی پێغەمبەر (د.خ)، لە سەر ئەو کێوە نێژراوە، ئەو شوێنە، شوێنێکی دڵخۆش‌و دڵگیرو مێرگ‌و زەنویرێکی زۆر بژوێنە. ئەولیاکانی پێشوو (قدس الله اسرارهم)، هەمیشە بۆ زیارەتی ئەم (شەهیدان)ە چوون‌و پیرۆزی‌و ڕاستی‌و ئەم شوێنەیان سەلماندوە. چوارینەی (١٧٩):

ئەوانەی لە دڵ، تۆوی ئەمەگ و وەفایان وەشان
بەریان چنیوەو پڕیان کردوە عەمباری دڵیان
وەفایی، چونکە بەهۆی ڕووناکی خواوە دەنوارن
بێ دیدەی هەقیش، سەرنجیان لە هیچ نەداوە گشتیان

ئەو کەسەی دڵی لە ژەنگ‌وژار پاک بووبێتەوە، شەهیدەکانی بە چاوی دڵ و یژدانی مینۆکی دیوەو دەبینێ، بە ڕادەیەک هەوای سەر ئەو کێوە ساردە، مەگەر لە چلەی هاویندا، ئەگینا کەس خۆی لەوێ ناگرێ‌و ناتوانێ بچێتە سەر ئەو کێوە.

ساڵێکیان لە ناوەڕاستی هاویندا، ئەو زاتە، لەگەڵ جەماوەرێکی چوارسەد–پێنجسەد کەسیدا، کە بریتی بوون لە ئەولیاو گەورەپیاوو موریدو خەلیفەو کەس‌و کارەکانی، بۆ زیارەتی شەهیدان کەوتنە ڕێ. چوارینەی (١٨٠):

بە جۆرێکی وا سەرنج لە تیشک و نوری خوا دەکەن
لە جێی خۆیاندان، کەچی وەک ئەوەی لە ئاسمان بفڕن
ئەوانەی هۆشیان بەلای خواوەیەو لێی ئاگادارن
بە جێ لێی دوورن، کەچی وەکی تر، لێی نزیکترن

لە بەهارەوە تا سەرەتای پاییز، دەربەندو بناری ئەو کوێستانە، قۆناغ‌و هەواری عەشیرەتی هەرکییە. ئەم خێڵە، لەو دەوروبەرە مەڕو ماڵات بۆ لەوەڕ بەرەڵا دەکەن‌و خۆیشیان لەناو ڕەشماڵ‌و ماڵەکانیاندا، هەتا خۆر بە ئەندازەی "یەک گەز" بەرز دەبێتە، ئاگرێکی گەورە دەکەنەوەو بەم جۆرە ڕایدەبوێرن.

ئەو زاتە، بە ڕێکەوت لە قرچەی نیوەڕۆدا، ڕێی کەوتە ڕەشماڵی سەرۆکێکی ئەو خێڵە، کە سێ چوار ساڵ لەوەوبەر "٣٠٠" سەر مەڕی ناو چیایان دزیبوو و بە تاڵانیان بردبوو. ئەو زاتە، زۆر جاری تر بە نامەو بە دەمیی لێی ڕاسپاردبوو، کە ئەو مەڕو ماڵاتە، بۆ دەستکورت‌و خەڵکی ناو چێ بنێرنەوە، بەڵام لەبەر لوتبەرزی‌و خۆ بەزل زانین، گوێیان نەدابوویەو هەرجارەی بە بەهانەو بیانویەکەوە، بەسەری گێڕابوو.

لەم کاتەدا هەر کە هەواڵی هاتنی شێخ‌و ئەم جەماوەرەیان بۆ هەوارەکەیان بیستبوو، ئاغاو سەرۆکەکانی هەرکی، هەر یەکەیان بەدەست‌و پێوەندەکانیانەوە بۆ دەرخستنی دۆستایەتیی سەرزارەکی، هاتنە پێشوازو میوانداریی گەرم‌و گوڕیان کردو ئەو زاتەش لە ڕەشماڵ‌و ماڵی ئەواندا دابەزی. چوارینەی(١٨١):

کە ئەو قیبلەیە نیازی سەفەرێک بوو بە مەبەستی
خەڵکی بۆ تەواف، بەسەرو بە پێ، هاتنە زیارەتی

چەند ڕەشماڵێکی تایبەتیان بۆ جەماوەر هەڵداو و دوای نوێژی نیوەڕۆ، ئەو زاتە، یەکێک لە سەرۆکەکانی خواست‌و داوای ماڵاتە تاڵانییەکەی لێ کردن. لە وەڵامدا وتی: لەو ساڵەوە کە ئەم مەڕو ماڵاتەمان هێناوەو بەشمان کردوە، زۆری بە سەردا تێپەڕیوەو شتێکی وایان نەماوە. برێکیان مردار بوونەتەوەو برێکیشی گورگ خواردوونی و زۆریشیان لەناو چوون. ئەو زاتەش لەسەر گێڕانەوەی مەڕوماڵاتەکە، پێی داگرت و سوور بوو. چوارینەی "١٨٢"

فەرموویان هەرچی ئەوەی براوە، یان لێی خوراوە
ماڵی هەژارەو دەبێ هەر هەمووی بەرێتە دواوە
وەفایی، گشتیان لە ترسا ملیان کەچ و داماو بوو
بەڵام کردەوە خراپەکەیان، بیر نەهێناوە

ئاغای ناوبراو، بە فرەوێژیی و درێژدادڕیی، "شێخ"ی ڕەنجاند و بە توڕەیی و تۆرانەوە هەستاو فەرمووی: ئەسپەکەم بۆ بێنن، با بڕۆین. هەرکییەکان نان و خۆراکیان ساز کردبوو. کە سەیریان کرد ئەو زاتە، لێیان ڕەنجاوەو سواری ئەسپەکەی بووە و خەریکە دەڕوات، بە هەزار تکا و پاڕانەوە و لاڵانەوە، هەوساری ئەسپەکەیان گرت‌و بەڵێنیان پێ دا بۆ ئەو شەوە، بۆ ئەوەی ئەو زاتە بە ڕەنجاوی نەڕوات – کە دەمەو عەسرێکی درەنگ بوو – لەلایەکی تریشەوە ئەم دڵگرانیی‌و ڕەنجانەی شێخ، بۆ ئەوان دەبووە لەکەیەکی لەڕادەبەدەر – لە ناویاندا بمێنێتەوە و لەوێ ڕۆژ بکاتەوە، هەموو مەڕ و ماڵاتەکەی بۆ خڕ دەکەنەوە و یەکە یەکەی دەدەنەوە. چوارینەی ١٨٣:

ئامان وەفایی، هۆشت بە خۆت بێت، دڵت جلەو کە
ئەوەک کار لە سەر دڵڕەنجاندنی پیری پەیڕەو کا
هەر ئاو شێخەی دەتوانێ دڵت نەرم و سپی کا
دیسان دەشتوانێ هەمان دڵ، ڕەش و ڕەق و دزێو کا

ئەو زاتە بۆ دەستەبەرکردنی کارەکە، دیسانەوە دابەزی و چووەوە ناو ڕەشماڵەکەو نانەکەشیانی نەخوارد. بە هەر شێوەیەک بوو ئەو شەوەی ڕابواردو بەیانی دوای بەجێهێنانی نوێژ، هەرکییەکانی گاز کرد. چەند سەرۆکێکیان سوێندی زۆر گەورەو ئێجگارییان خوارد، هەتا ئەو زاتە لە زیارەت دەگەڕێتەوە، هەموو مەڕو ماڵاتەکە خڕ دەکەنەوە و دەیدەنەوە دەست ئەو زاتە. چوارینەی ١٨٤:

مامە، ئەو کاتەی لە خزمەتی ئەو هەقخوازانە بیت
ئەگەر ڕاست بڕۆیت، ئەوا تۆش بە ڕێی ڕاستا ڕۆیشتوویت
لاڕێ بێ گەلەک، وەفایی ئەگەی بیگریتە بەر
گەی لە بەرهەم و بەری دڕک و داڵ. یاسەمەن دەچنیت!؟

ئەو زاتە لەگەڵ هەموو بەرێزاندا سوار بۆوەو بەرەو شەهیدان بوونەوە. کە گەیشتنە سەر کێوەکە، دەمەو عەسر بوو. لە دوای نوێژی عەسر، لە دەوری گۆڕی ئەسحابەکان– خوالێیان ڕازی بێت– زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە، گرد بوونەوە. ئەو زاتە و هەندێک لە خاسان، بەوپەڕی ئەدەب و ڕێزەوە ئەژنۆیان لەسەر زەوی داناو تا دەمەو زەردەپەڕی ئێوارە، سەریان دانەواندو خەریکی دوعاکردن بوون. دوای نوێژی شەوانیش سەعاتێک بەمجۆرە داوای چاکەیان دەکرد. کۆبوونەوەو خەوتن. من و سەید عەبدولڕەحمان– یش لە خزمەت ئەو زاتەدا لە ناو

چەقی کەلەکە بەردێکدا، کە وەک حەشارگەیەکی بەرز ساز کرابوو، ئاگرێکی گەورەمان کردەوە.

ئەو زاتە نووستو نیوەی پۆستینە پیرۆزەکەی بە مندا دا و نیوەیشی بۆ خۆی.

هەتا ڕۆژ بۆوە لە سەرما پارێزراین. سبەینێ دوای نوێژی بەیانی، دیسانەوە ئەو زاتە، هەتا خۆرکەوتن، بەرامبەر بەو گۆڕە پیرۆزانە دانیشت. چوارینەی ١٨٥:

ئانەو رابەردی، ڕێبەرەو دەباتە کوڵجاری ژووران
ڕووکەی ئاواتی وەفاییە بۆ: مانگان و سالان
ئاکاری جوانی لەلای یارانی پێغەمبەر دەکرت
خۆی مانگ بوو، داوای لە هەتاو دەکرد. تا خۆی بکات جوان

برێک لە خەڵکەکەش لە دوورو نزیکمانەوە، سەریان دانەواندبوو. دوای خۆر گەرم بوون، ئەو زاتە هەستاو ماڵئاوایی کردو بە پێو بە کاوەخۆ، ڕووی کردە دامێنی کێوەکەو بەڕێزانیش لە خزمەتیدا داگەڕان. دیسانەوە هەر لە نیوەڕۆدا گەیشتنەوە هەواری ناوبراوی هەرکیو دابەزین. ئەو شەوەش لەوێ مانەوە.

لە دوای نوێژی بەیانی، ئاغای هەرکییەکانی گاز کردو داوای مەڕ و ماڵاتەکەی کرد. ئەمجارەیان هەرکییەکانو سەرۆکەکانیان، لەسەر ڕاوێژکردنی پێشووتریان، هەموو پێکەوە لە بڕیار و بەڵێنی خۆیان ژێوان بوونەوەو بە ئاشکرا ئەو زاتەیان جواب کرد. ئەو زاتەش، بە ڕق و تووڕانێکی زۆرەوە سوێندی خوارد، کە هەموو مەڕوماڵاتەکەم دەوێتەوەو لەبری ئەو مەڕوماڵاتەی براوەو خوراوەو مردار بۆتەوە، ماڵاتی زیندووم دەوێتەوە. کوڕجیش فەرمووی: ئەسپەکەم بۆ بێننو ئامادە بن بۆ ڕۆیشتن.

ئەو زاتە دەستنوێژی تازە کردەوەو خەریکی نوێژی نیوەڕۆ بوو. یاران‌و دەست‌و پێوەندیش بە دەوری ئەو زاتەدا کۆ ببوونەوە و سوارە و پیادە وەستابوون. ئەسپەکەی ئەو زاتەشیان ڕاگرتبوو، تا ئەو زاتە لە نوێژەکەی ببێتەوە و سوار بێت. هەر کام لە جەماوەر بە سواری وەستابوون.

لەو ناوەدا تەنیا من دڵتەنگ مابوومەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: من چۆن بە پێ بڕۆم! لە ناکاو، یەکێک لە هەرکییەکان وڵاخێکی لەناو ڕەوەکە گرت‌و بە کاوەخۆ بۆی دەهێنام، تا سواری ببم. هەوساری ئەسپەکەشی توند لە دەستییەوە پێچابوو. خەریک بوو دەگەیشتە لام، بە ڕێکەوت وڵاخەکە ڕەمی کرد، هەڵگەڕایەوەو بەرەو ڕەوەی ئەسپەکان تێی تەقاندو پیاوە هەرکییەکەیشی بە زەویدا کوتاو بە دوای خۆیدا ڕایکێشا.

هاوار و ژاوەژاو و شیوەن و ڕۆڕۆ، لە ژن و پیاو و پیر لاو بەرز بۆوە هەرچی هەرایان لە کابرا کرد، کە هەوسارەکەی بەردە، بێهودە بوو. لە سەرەتادا جووتەیەکی وای لە سەری سرەواند. کە سەر و مل و مێشکی بەیەک جار پژاندو کردیە تۆزی دەم با. بەرەو دۆڵێکی قووڵ و سەرەو خوار، بەسەر خڕکە بەرددا تێی قوچاند. هەتا ناو ڕەوەی گەلە ئەسپەکانیش نزیکەی چارەکە سەعاتێک ڕێ بوو. هەتا ئەوێ تلاوتل، بە ڕاکێشان و بە جووتە وەشاندن، ئەو پیاوەی فڕاند.

لەبەر گریان‌و هاواری ژن‌و پیاو و شیوەن‌و ڕۆڕۆی هەرکییان: دەتگوت ڕۆژی قیامەتە. ئەو زاتە لە نوێژو تەسبیحات بۆوەو بە کورجی دوو کەسی بە تەلیسێکەوە نارد، تا بە شوێن وڵاخەکەدا بڕۆن، هەتا ناو ڕەوەکەو لەت‌و کوتەکانی ئەو پیاوە، کۆ بکەنەوەو بیهێنن.

پیاوەکان بە پێی فەرمانی ئەو زاتە، هەتا لەوەڕگەکە چوون‌و لەت‌و کوتەکانیان هەر پارچەیەی لە شوێنێک‌و لە بن بەردێکدا دۆزییەوەو کۆیان کردنەوەو لەگەڵ ئەو دەست‌و شانەدا کە بە هەوساری وڵاخەکەوە مابووەوە، لە تەلیسەکەیان کرد و هێنایان.

ئەو زاتە بە جەنابی خەلیفە مەلا عەبدولەحەدی زاوای فەرمووو: تۆ بمێنەوەو ئەم لەت‌و کوتانە، لەم نزیکانە بنێژە. ئەویش فەرمووی: دوعاو تەلقین نازانم. بە منی فەرموو: تۆش بمێنەوەو تەلقینی بخوێنە. عەرزم کرد: ئەمڕۆ لێرە قیامەتێک ساز بووە، زۆر جێگەی ترس و مەترسییە، ئێوە بۆ خۆتان بڕۆن، ئەم دوو کەسەمان لە ناو ئەم گورگە دڕ و برسییانەدا بەجێ بهێڵن، من زۆر دەترسم.

ئەو زاتە سواری ئەسپەکەی بوو. فەرمووی: دەقی تەلقینەکە بنووسەو بیدە بە خەلیفە. خۆت لەگەڵ مندا وەرە. منیش دەقی تەلقینەکەم نووسی‌و دامە خەلیفەو هەتا تەواو بوو، ئەو زاتە بە سەر ئەسپەکەیەوە وەستا. بە پێ لە پێش ئەو زاتەوە، کەوتمە ڕێ‌و ئەوانی تریش لە دواوە و لە پێشەوە دەهاتن. ئەو زاتەش خێراڵیی دەخوڕی. منیش وەک شاتر کەوتمە لۆقەو ڕاکردن. دوای ئەوەی کەمێک دوور کەوتینەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: وا چاکە خێراتر بڕۆین. نەوەکو ئەم گورگانە کۆ ببنەوەو بە دواماندا بێن. یوسفی پیر و لاومان ئازار بدەن. ئەمە چ قیامەتێک بوو، سەری هەڵدا. ئەمە چ ڕووداوێک بوو، قەومأ؟!

لەم کاتەدا ئەو زاتە، فەرمووی: میرزا، هیچ مەترسە. هیچ نابێ. ئەم کارەساتەش دەبوایە بقەومێ. تۆ نازانیت، سبەی هەموو مەڕومالاتەکە، دەهێننەوە؟! دوابەدوای ئەم فەرمودەیەی ئەو زاتە، ئاسودەو هێور بوومەوەو دڵەڕاوکەم نەما. ئەم هەموو جەماوەرودەست و پێوەندە، بەوپەڕی خێرایی‌و هەڵاتنەوە دەڕۆیشتن. پاش نوێژی خەوتنان، گەیشتینەوە نەهری. ئەو زاتەش تەشریفی بردە حەرەم‌و ئێمەش هەر کەسەمان بەرەو ماڵ‌و حاڵی خۆمان بووینەوەو لێی خەوتین.

بۆ نوێژی بەیانی، لە خەو هەستام و سەیری دەری ئاواییم کرد. سەیرم کرد هەرکییەکان مەڕو ماڵاتەکەیان بێ کەم و زۆر، هێناوەتەوەو لە بناری کێوەکەدا دەیان لەوەڕێنن. خۆشیان لەگەڵ چەند ئاغاو سەرۆکیاندا، لەبەر دەرکەی خانەقا وەستاون‌و بە هەزار سووکی و شەرمەزارییەوە، پەژارەی هاتنی ئەو زاتەن، کە لە کارە کڵاو و بەڵێنە پیسەکانیان چاوپۆشیی بکات‌و بە هەرزەیی خۆیان بیان بووریت.

ئەو زاتە تەشریفی هێناو لە دوای بەجێهێنانی نوێژی بەیانی، یەکەیەکەی هەرکییەکان. داوێنی لێبوردن و چاوپۆشیی ئەو زاتەیان ماچ کرد کەوتنە بەر پێڵاوی موبارەکی ئەو زاتەو لە کردەوەکانیان ژیوان بوونەوەو بەڵێنیان دا. کە ئیتر لەوە بە دواوە هەرگیز بێئەدەبی وانەکەن و بە پێچەوانەی فەرمانی ئەو زاتەوە نەجوڵێنەوە.

هەموویان کەوتنە بەر چاوپۆشی‌و لێبوردن‌و مۆڵەتی گەڕانەوەیان بۆ دەڤەری خۆیان خواست. بە پێی فەرمانی ئەو زاتە. هەموو مەڕ و ماڵاتەکە. بە خاوەنەکانیان درانەوەو ئەم کارەساتە. بووە هۆی دەرس وەرگرتنی خەڵکی ترو بووە هۆی نزیکایەتیکردنی نکوولیکاران. چوارینەی ١٨٦:

خوایە گیان ببێکە بە خاتری ئابڕووی کوردو شای مەردان
وەفایی بەندەی خۆتە. مەیخەرە ڕیزی دڵساردان
ڕوو زەرد، تاوانبار. لاپەڕەی سپیم ڕەش کردۆتەوە
بمالاوێنەوە و بە تیغی عەشق بکە بە قوربان

ئەو ساڵەش کە بە ماڵەوە هاتمە نەهری، خێزانم لە زمانی جەنابی پاک و مەزن، دایکی موریدان، واتە: خێزانی بەڕێزی ئەو زاتەوە گێڕایەوە: شەوێکیان ئەو زاتە بۆ شەونوێژ هەستایەوەو دەستوێژی تازە کردەوەو هاتە سەر بەرماڵ‌و خەریکی شەونوێژ بوو. منیش لە بەرگی شەودا، لێفەکەم بەسەر خۆمدا ڕاکێشاو خەوتم. دوای تاوێک خەبەرم بووەوەو بە ئەسپایی سووچێکی لێفەکەم لەسەر سەرم لاداو لە جوانیی بێهاوتای ئەو زاتەم دەنواڕی. لە پشت ئەو زاتەوە دوو جنۆکەی کورتەباڵای سەر زلم بینی، وەستابوون و پاشنوێژیی دەکەن. واقم وڕما! کاتێ ئەو زاتە بۆ سوجدە داهاتەوە، بە دەستی پیرۆزی سووچی لێفەکەی دادایەوە، تا بیانی نەمبینێ. دوای تاوێکی تر دیسانەوە بە ئەسپایی لە ژێر لێفەکەوە نواڕیم. دیسان ئەو دوو جنۆکەیەم بینییەوە، هەروا لەگەڵ ئەو زاتەدا هەڵدەستن و دادەنیشنەوە.

دیسانەوە ئەو زاتە لە کاتی سوجدەدا، سووچی لیفەکەی بە ڕق و بیزارییەوە بە سەر ڕوومدا کیشا. بە ڕقیکی واوە، بە دەستی موبارەکی لیفەکەی بە سەرو چاومدا کیشا و ڕایتەکاند، کە دەم و چاوم ئازاری پێگەیشت.
دوای سڵاودانەوە فەرمووی: بە ئەدەب بە، هۆشت بە چاوتەوە بێت...
منیش لە ترسی ڕەنجانی ئەو زاتە، ئەمجار چاوم لێک ناو سەیرم نەکرد.
دوای تەواوبوون عەرزم کرد: لە دەورت گەڕێم، ئەگەر لوتفم لەگەڵ نەکەیت و پێم نەڵێی ئەو دوو جنۆکەیە چی بوون، دیق دەکەم. فەرمووی ئەم دوو جنۆکەیە موریدی باوکم بوون، دوای مەرگی باوکم، نکوڵییان کرد و هەڵاتن. ئەوا ئێستا تۆبەیان کردووەو ژیوان بوونەتەوەو گەڕاونەتەوە. چوارینەی ١٨٧:

وەفایی، ئەگەر ماوەیەک خۆتت لە بیر نەمێنێ
گیانت لە ڕێگەی خواپەرستیدا، خۆی بکونجێنێ
ئەگەیتە هەرمان، ئەوسا فریشتەو دێو و ئینسانیش
هەمووی ئیرەیی بە نزیکی تۆ و خوای گەورە دێنێ

دیسان ساڵێکیان خەلیفە ڕەحمەتوڵڵا، بە پێی فەرمان لە خانەقادا، خەریکی خۆپاککردنەوە و خۆ ڕوون کردنەوە بوو. ئەو جەنابە هێشتا سەرەتای تەریقەتی بوو.
هێشتا مۆڵەتی پێ نەدرابوو کاتێ نان و خوانیان بۆ من دەهێنایە خانەقا، ئەگەر (دۆ)ی لەگەڵ بووایە، جەنابی سەید دەهات و بە هەزار تکا و پاڕانەوە، داوای دوو سێ کەوچک دۆی دەکرد و دەیخواردەوە. هەرچی بەرگریم دەکرد، بەگوێیدا نەدەچوو، بە دزییەوە دەیخواردەوە، هەتا چلەکەی دەکێشاو لە سلووک دەهاتە دەرێ. ئەو زاتە زۆر گوێی نەدایە.
ئەویش دەستی ئەو زاتەی ماچ دەکردو بۆ وڵاتەکەی خۆی، بۆ سەقز دەگەڕایەوە. ساڵی دواییش جەنابی سەید هاتەوەو بە سلوکەوە خەریک بوو. دیسانەوە داوای دۆی دەکردەوە. ئامۆژگاریی بێ کەڵک بوو. دیسان چلەکێشانەکەی دوایی هات و وەک ساڵی پێشوو بۆ وڵاتەکەی خۆی گەڕایەوە. ساڵی سێیەم سەرلەنوێ هاتەوە نەهری. ئەو زاتەش بۆ گۆڕینی ئاووهەوا ڕووی کردە مەیدانان. ئەویش لەگەڵ مەزنە پیاواندا، لە خزمەت ئەو زاتەدا چوو بۆ مەیدانان. بەپێی فەرمان چادرێکی تایبەتییان دوور لە خەڵکەکە بۆ ئەو هەڵدا.
دیسانەوە جەنابی سەید خەریکی سلووک بووەوە. ئەمجارەیان چونکە شوێنەکەی من لە چادرەکەی ئەوەوە دوور بوو، هەر چەند جارجار تکای دۆی دەکرد، نەمدەهێشت پێی بگات. ئیتر بە یەکجاریی هاموشۆی ئەوم دابڕی. تا ئەو کاتەی چەند ڕۆژێکی مابوو چلەکەی دوایی بێت... ئەو زاتە، بە منی فەرموو: ئیجازەنامە بۆ جەنابی سەید بنووسە. واتە ئەگەر ئەمساڵیش دۆی بخواردایەتەوە، بە دەستی بەتاڵ دەڕۆیشتەوە. منیش ئیجازەنامەکەم بۆ نووسیو چوومە ڕەشماڵەکەی

ئەو جەنابەو ئیجازە نامەکەم دایەو پێم وت: ئەو زاتە دەیفەرموو لە چادرەکەت وەرە دەرێو سلوک دوایی هات، دەتوانیت بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێیتەوە. سەرقاڵی ڕێنوێنی موسوڵمانان بە. چوارینەی (١٨٨).

وەفایی: تاکەی دیدەنی و سەیری ڕووی ئەم جیهانە
ڕووزەرد دەبیت و بێ دڵ دەمێنی، وا بێ خەمانە
خۆت بدەرە دەست خواجەیەک، ئەوسا دەبینی بەخوا
ئەگەر ساردیش بیت، دەبیتە مەردو دەبییە تاقانە.

ئاوێنەی شکاو

لێکۆڵینەوەیەک لەبابەت شیعری وەفایی

ناسری حسامی

دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی
چاپی دووهەم، بەغدا، ١٩٨٤.
٣٣٦ لاپەڕە


لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

دیوانی وەفایی

« میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاخی »

لێکۆڵینەوەی :

محەمەد عەلی قەرەداغی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بەغدا - ١٩٧٨

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی ئەم دیوانە ئاڵۆزییەکی بەرچاویان پێوە دیارە، بە جۆرێک کە خوێنەر هەرچەندی لێیان ورد دەبێتەوە ناتوانێ تێیان بگا، یان هەست بەوە دەکا هەڵەیان تێدایە. من هەوڵم دا شیعرەکان بەشێوەیەکی دیکە بخوێنمەوە.

بۆ نموونە:

١-جێ گۆڕکێم بە نیشانەی (،) (؟) (.) و ... کرد.

٢-ئەو پیتانەی کە شکڵ و شێوەیان لەیەکتر دەچێ (د، ژ، ر، ز/ڵ، چ، گ، ڤ/ف، ق، ب، پ، ت، پ، و...) و لەوانەیە بەهۆی کۆن بوونی دەسخەتەکە، نووسەر بەهەڵەی خوێندبنەوە، جێ گۆڕکێم پێکردن.

٣-نووسەری دەسخەتەکان لە هەندێک جێگا دانانی خاڵ یان نووسینی پیتێک یان وشەیەکیان لەبیر چووەو نووسەر (قەرەداغی) نەیتوانیوە ساغیان بکاتەوەو تووشی هەڵەیەکی گەورەتر بووە. هەوڵم دا ئەوانە ڕاست بکەمەوە.

٤-لە ڕێنووسی کۆندا زۆر وشە بە جۆرێک دەنووسرێن کە چەند جۆر خوێندنەوە هەڵ دەگرن کە مانای جیاوازیان هەیەو نووسەر بەهەڵەی خوێندوونەتەوە. من ئەوانەم بەشێوەیەکی دیکە خوێندەوە.

ئەنجامی کارەکە لەزۆر جێگادا بوو بەوە کە شیعرەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوەو دەچنەوە سەر جێگای خۆیان.

بۆ نموونە:

ئەمن کەوتووم لەبەر گریان، دەڵێ دەستی من و دامان
سەباگەر بوویە خوێن دامانی یار، مەگری لەباتی من

کە من هەرچەندی بیرم لەماناکەی کردەوە چم وەدەست نەکەوت، هەتا ئاوام خوێندەوە:

ئەمن کەوتووم لەبەر گریان، دڵە! دەستی من و دامان!
سبەی گەر بوویە خوین، دامانی یار بگری لەباتی من

کاتێک لە چەند نموونەیەک دا سوود بەخش بوونی ئەم شێوە خوێندنەوەیەم بۆ دەرکەوت، سەر لەبەری دیوانەکەم بەو چاوە خوێندەوە و لە زۆر جێگا کار ساز بوو، ئەگەرچی لە هەندێک جێگاش بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتم. هێشتا زۆر شیعری ئاڵۆز لە دیوانەکەدا هەن مەسخ کراوی شیعری وەفایین.

بۆچی وای لێهاتوە؟

ئەم هەموو هەڵەیە بۆچی کەوتوەتە ناو شیعری وەفایی. محەمەد عەلی قەرەداغی (لە مەودوا لە هەموو جێیەک بەکورتی قەرەداغی) کەڵکی لە چەند سەرچاوە وەرگرتوە کە ئەمانەن:

-نوسخە دەسخەتەکان

-دیوانی وەفایی چاپی گیوی موکریانی- هەولێر

-دیوانی وەفایی چاپی محمد امین سیدیان- مهاباد

١-دەسخەتەکان هیچکامیان هی وەفایی خۆی نین و هەر بۆیە جێگەی متمانەی تەواو نین و لە هەموو نوسخە لەبەر هەڵگرتنەوەیەک دا ئیمکانی بەهەڵە نووسین و وشەکەوتن هەیە.

بێجگە لەوەش نوسخەکان بەڕێنووسی کۆن نووسراون کە خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ. قەرەداغی لەم بابەتەوە دەڵێ: "بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنێکدا بنووسرێ (کل) هەڵ ئەگرێ گوڵ، گڵ، گەل، کل، کول، کەڵ، کوڵ، کڵی، ئەوەندە بارەی لێ بدۆزرێتەوە." (دیوان لاپەڕەی شازدە). ئەوەش لە کاتێکدا کە قەرەداغی خۆی دەڵێ "خۆم فارسی باش نازانم و شارەزاییەکی ئەوتۆم لە ئەدەبی فارسیدا نیە" و هەروەها شارەزای شێوەدوانی موکوریانی وەفاییش نیە، لە زۆر جێگا تووشی هەڵەی کردوە.

سەرباری ئەوەش دەسخەتی سەرەکی -وەک نووسەر دەڵێ- جێجێ لەبەر تەڕبوون و دڵۆپە لێدراوی شلوێ بووەو باش ناخوێندرێتەوە.

٢-چاپی گیوی موکوریانی: گیو وەک خۆی گویا لەلای مامۆستا هێمنی شاعیر باسی کردوە، نوسخەی نووسراوی لەبەر دەست نەبووەو شیعرەکانی لە زمان کەسێک بیستوە.(١) بێجگە لەوەش گیو قسەی ئەوەی لەسەر بووە گۆیا خۆی شیعرەکانی دەسکاری کردوە.(٢)

٣-چاپی سیدیان: کە دیسان وەک قەرەداغی باس دەکا، لە زۆر جێگا کە شیعرەکانی وەفایی بۆ ساغ نەکراوەتەوە، سیدیان خۆی بۆشاییەکانی پڕکردوەتەوەو کارەکەی جێگای متمانە نیە.

لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکەدا، ئەم نیشانانە دەبینی:

شیعرەکە بەو جۆرەی لە دیوانەکەدا چاپ کراوە.

شیعرەکە بەو جۆرەی من دەیخوێنمەوە.

ـــــ ئەو وشەیە یان ئەو دەستەواژەیە کە لەلای ڕاستی ئەم نیشانەیە نووسراوە لە ڕوانگەی منەوە هەڵەیە. پێشنیارەکانی من لەلای چەپی ئەو نیشانەیە نووسراون.

لە وتارەکەدا، لەو جێیانە کە بە پێویست زانرابێ، شیعری شاعیرانی دیکەش بە نموونە هێنراونەتەوەو ناوی شاعیرەکە دەست نیشان کراوە. هەر نموونەیەک ناوی شاعیری لەلا نەنووسرابێ، شیعری وەفاییە.

خاڵی دەمتە یا مەگەسی حوقەیی شەککەر
یا خۆ حەبەشی زادە لە نێو ئاوی بەقادا؟

لەنێو ـــــ لەلێو

خاڵی دەمتە یا مەگەسی حوقەیی شەککەر
یا خۆ حەبەشی زادە لە لێو ئابی بەقادا؟

خاڵ لە گۆشەی لێوە نەک لە نێو لێو، هەر بۆیە حەبەشی زادە (کە تەعبیرێکە بۆ خاڵ) دەکەوێتە لێواری ئابی بەقا (کە تەعبیرێکە بۆ لێو).

بڕوانە:

هەمدەمی من خاڵی گۆشەی لێوی تەعلیمی دەدام
عەیش و نۆشی کونجی تەنهایی بەڕووی دونیامەدە
فغان و گریە دل از غم روی تو در زلفت
دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ شەو لە نێو بولبول لە سەحرادا

(لەنێو بولبول لە سەحرادا) مانا نا بەخشێ. پێم وایە ئاوایە:

دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ نیوە شەو بولبول لە سەحرادا

گومانم لە ڕاست بوونی پێشنیارەکەی خۆم هەیە، بەڵام (لەنێو بولبول لە سەحرادا) بێگومان هەڵەیە.

درۆت فەرمووی حەزم پێ نایەڵم، گەر ڕاست دەڵێی سادەی
فەرەنگی قەومی دەججال -ئەی مەسیحا- دەوری کەعبەی دا

درۆت - برۆت

دەڵێی - دەڵێ

برۆت فەرمووی "حەزم پێ نایەڵم"، گەر ڕاست دەڵێ سا دەی
فەرەنگی قەومی دەججال -ئەی مەسیحا- دەوری کەعبەی دا

نووسەر لە پەراوێز دا نووسیویەتی: "فەرمووی: فەرموو ڕاستترە".

(قەرەداغی. لاپەڕەی ٤). بەڵام هەم بە پێی ئەوە کە لە نوسخەی سەرچاوەدا "فەرمووی" نووسراوە و هەم بەپێی مانای شیعرەکە و بەتایبەت لەبەر ئەوەی کەعبە لە میلرەعی دووهەم دا هەمان برۆیە، "برۆت" ڕاستە و "درۆت" هەڵەیە. لە شیعری وەفاییدا برۆ زۆر جار بە کەعبە، قیبلە و میحراب باسی کراوە:

چیم لە ئەبرۆت داوە، من پابەندی زوڵفم لێم گەڕێ
کافری عیشقم، بەقیبلەی خۆت موسوڵمانم مەکە
گاقی پەیوەستی برۆت وابوو بە قیبلەی خاڵ و عام
کەعبە گەر بۆ خۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا
عیبادەتخانە بەرهەم بوو بە ئەشئەی قیبلەکەی ئەبرۆت
لەسایەی چاوەکانت ماڵی کەعبەش بوو بە مەیخانە
کە تۆ سوڵگانی حوسنی بۆ لەحەچرهت ئەبرو وت ڕێت دا
لەبەر چاوت کە هیندو ماڵی کەعبەی کردە مەیخانە

ئەوید ئەی عاشقانی دڵ نیگار یار هاتە سەر خەندە
لەدایی بولبولان دیسا درەختی گوڵ بەری هێنا

دڵ نیگار ــــــــــ دڵ فگار (= دڵ بریندار)
لەدایی بولبولان دیسا ــــــــــ لەلا ئەی بولبولان دیسا
ئەوید ئەی عاشقانی دڵ فگار! یار هاتە سەر خەندە
لەلا ئەی بولبولان! دیسا درەختی گوڵ بەری هێنا

وەفایی موژدە بە عاشقانی دڵ بریندار دەدا کە یار هاتوەتە سەر خەندە و، لە میلرەعی دووهەم دا هەمان موژدە بەیان دەکاتەوە: موژدەتان لێ بێ ئەی بولبولانی عاشق پیشە! دار و درەخت گوڵیان کرد. بەراوردێک بکەن لەنێوان:

عاشقانی دڵ فگار = بولبولان
یار = درەختی گوڵ
خەندە = بەرهێنانی درەختی گوڵ
ئەوید = لەلا

"لەلا" لە قاموسەکاندا (معین، غیاپ اللغات، لغت نامەو دهخدا) و لە شەرحی شیعری شاعیراندا (شەرحی غەنی لەسەر حافف، شەرحی مەپنهوی شەریف) ئامرازی ندایە بۆ بانگ کردن بۆ سەر خوان و هەروەها بەمەبەستی موژدەپێدان و خەڵات کردن و باربوو کردن، بەڵام بۆ جاڕدان و موتڵەقی بانگ کردنیش بەکاردێ، بەمانای: ئەی! ئەرێ هۆ! بڕوانە:

للاح از ما چەمی جوبی کەمستان را للا گفتیم
(حافف)

بەتەمای چاکە و پاکیی من مەبە، من ئەو کەسەم کە جاڕم داوە سەرخۆشان کۆببنەوە.

نشتە پیر و للایی بە شیخ و شاب زدە
پیر (=ڕابەر و مورشید) دانیشتوە و پیر (=بەتەمەن) و گەنج بانگ دەکا لەدەوری کۆببنەوە.

نوای چنگ بدان سان زند للای لبوح
کە پیر لومعە راە در مغان گیرد

ئەوای چەنگ بە جۆرێک بانگەواز بۆ مەیخواردنەوەی بەربەیان دەکا کە پیری خانەقاش ڕوو دەکاتە درگای دەیری موغان.

لەنێو بەزمی وەنەوشەو جۆو کەناران لالە پەیدا بوو
بە تاریکی خچر بۆ چەشمە شای ئەسکەندەری هێنا

وەنەوشەو جۆو کەناران ــــــــ وەنەوشەی جۆکەناران (جۆکەنار = کەناری جۆگە)

لەنێو بەزمی وەنەوشەی جۆکەناران لالە پەیدا بوو
بەتاریکی خچر بۆ چەشمە شای ئەسکەندەری هێنا

لەشایی دارە گوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن
چەمەن تەختی زومەڕڕەد، (گل) یاقووت ئەفسەری هێنا

لەشایی دارە گوڵ ــــــ کە شاهی دارە گوڵ
(گل) یاقووت ــــــ گوڵ لەیاقووت
کەشاهی دارە گوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن
چەمەن تەختی زومەڕڕەد، گوڵ لەیاقووت ئەفسەری هێنا

ماناکەی ئاشکرایە: کاتێک کە شای دارە گوڵ چووە سەر مەسنەدی پاشایەتی، چەمەن تەختێکی لە زومەڕڕەد (یان: زومووڕڕود) بە دیاری بۆ هێناو، گوڵ لە یاقووت ئەفسەر (=تاج)ی بۆ بەدیاری هێنا. نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی لەیەکێک لە نوسخەکاندا "لە جیاتی (گل) نووسراوە گوڵ لە. ئەم نیوە بەیتەم بۆ ڕاست نەکرایەوە." (قەرەداغی. ل١٨.) ئەوە یەکێک لە نموونەکانی شێوەی کاری نووسەرە لە نووسینەوەو ساغکردنەوەی دیوانەکەدا کە لە پاڵ گەلێک نموونەی دیکەی لەم بابەتە دەری دەخا نووسەر تەنیا سەرنجی خستوەتە سەر ڕواڵەت و شکڵی پیتەکان و وشەکان و، ئەوەی بەشێوە کاری خۆی داندناوە کە هەوڵ بدا ساغی بکاتەوە ئەو وشەو پیتانە کە سەرجەم ڕستە پێک دێنن لەلای یەکتر چ مانایەک دەبەخشن. هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی مانا، دەیتوانی گەلێک یارمەتی نووسەر بدا بۆ خوێندنەوەی دروستی وشەو پیتەکانیش.

تەشنە لەب دێوانە بووم، سەرگەشتەیی فولماتی غەم
دولبەری بالابلاوم، ئاوی حەیوانم نەهات

دولبەری بالا بلاوم ــــ دوولەبی ئاڵی بە ئاوم

تەشنە لەب دێوانە بووم، سەرگەشتەیی فولماتی غەم
دوو لەبی ئاڵی بە ئاوم، ئابی حەیوانم نەهات

وەفایی لە هیچ جێگایەک لە شیعرەکانیدا "بالا"ی بە "بلاو" وەسف نەکردوە. بێجگە لەوەش، لە شیعرەکەدا قسە لە سەر ئابی حەیوان و تەشنە لەب دەکرێ و بێگومان وەفایی لە کاتێکی وادا دەرفەتی باسکردنی لێوی یار و لەعلی ئابدار لە دەست نادا و ناچێتە سەر باسی بالا و ئەویش بالای بلاو! لەگەڵ ئاوی حەیات و ئاوی حەیوان و کەوسەر، وەفایی هەمیشە باسی لەب و لێو دەکا:

زەدەی چاوم، لە لێوی خۆت شفام دە، بەس بەرق داچۆ
بەقەگرێک ئابی حەیوانت نەخۆشی خۆت مەسووتێنە

بەهەویای خاڵی لێوت کەوتمە داوی قوڵمەتی زوڵفت
نیلاهی! ڕهبەری ئابی بەقام خچری پەیەمبەر بێ
لەوێ ڕۆژێ کە دەستم دا لە ڕووت سیرڕی دەمم زانی
بەقورئان سوێند دەخۆم کەوپەر ئەگەرۆەک لەعلیدولبەر بێ
لێوەکەت عومرم بوو، شەرتت کرد بە دڵ جارێکی دیش
وەختە بۆت بمرم، وەرە عومری دووبارەم پێ بدەوە
لەلایێ شەککەرستانە، لەلایێ ئابی حەیوانە
ئەگەر گوڵ بێ، ئەگەر غونچە، دەم و لێوی شەکەربارت
سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بە حەلقەی پەرچەمو چاوت
دڵم ناوێ ئەگەر نەیکەم بە فیدیەی چاوی عەییارت
ئەسیری زوڵفی خامی تۆم، شەهیدی ڕەمزی چاوی تۆ
ئەمن گیراوی داوی تۆم، بەڵەد جێ دڵ بریندارت
پەرچەم و چاوت ـــــ پەرچەمی خاوت
سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بە حەلقەی پەرچەمی خاوت

بڕوانە دارشتنی شیعرەکە: لە میسرەعی یەکەم دا باسی پەرچەم دەکرێ و حەلقەی پەرچەم، لە میسرەعی دووهەمدا باسی چاو دەکرێ و لە بەیتی دواتر دا باسی زوڵفو چاو پەرەی پێدەدرێ. بۆیە ڕێی تێ ناچێ لەمیسرەعی یەکەم دا "پەرچەم و چاوت" دروست بێ.

دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبول دڵی بەدەردو غەم
لەتاوی غونچەی گوڵ بەدەم، ساز و سەمتووروتاری گرت
بولبول دڵی بەدەرد و غەم-بولبولی دڵ بەدەردو غەم
غونچەی گوڵ بەدەم، ـــــ غونچەی گوڵ، بەدەم
دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبولی بەدەرد و غەم
لەتاوی غونچەی گوڵ، بەدەم سازو سەمتوور و تاری گرت

پێم وایە دانانی نیشانەی (،) لەدوای "بەدەم" کەوا دەکا تەعبیری نەشیاوی "غونچەی گوڵ بەدەم" دروست بێ، هەڵەیە. مەبەستی شاعیر ئەوەیە: بولبولی دڵ پڕ لە دەردو غەم لەتاوی غونچەی گوڵ، سازو سەمتوور و تاری بە دەمەوە گرت، بۆیە دانانی نیشانەی (،) لەدوای "گوڵ" ڕاستترە، ئەگەرچی لەکاتی خوێندنەوەدا نیشانەکە لەبەرچاو ناگیرێ.

نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی "زیر و بەم: ئامێرێکی مۆسیقایە". (فەرەداغی. ل٢٥). زیروبەم، ئەم بیستوە ناوی ئامێری مۆسیقا بێ. زیرو بەم کەیفییەتی دەنگە لە مۆسیقاو غەیری ئەوەدا.

زوڵفت خەگاکار بوو چاوت بڕۆی داخست
بابچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچینت

چاوت بڕۆی داخست ـــــ چاوت بەڕووی داخست (=شەرمەزاری کرد. بەخۆیدا شکاندەوە، هەروەها: خستیە سەر ڕوخسارت)

زوڵفت خەگاکار بوو، چاوت بە ڕوویدا خست
بابچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچینت

ماناکەی: زوڵفت خەگاکار بوو، چاوت لۆمەی کرد و وای لێکرد بە ڕوودا بکەوێ و شەرم بیگرێ. "بەڕووی داخست" هەروەک وتمان ایهامی تێدابوو هاوکات دوو مانا دەبەخشێ: ١-بەشەرمی داخست ٢-بەسەر ڕوخسار دا بلاوی کردەوە.

دەمێکی دڵ بڵاوە، بەو زوڵفە پێ بەداوە
یاخودا بڕۆت کشایێ غەریبی دوور وڵاتم
دەمێکی ـــــ دەمێکە
یاخودا بڕۆت کشایێ ـــــ یاخودا بەڕووت کشایێ
دەمێکە دڵ بڵاوە، بەو زوڵفە پێ بە داوە
یاخودا بەڕووت کشایێ غەریبی دوور وڵاتم

شاعیر دەڵێ دەمێکە دڵم وەک زوڵفت بڵاو و شێواوە و گیرۆدەی داوی زوڵفتە و نیشتەجێی نێو زوڵفەکانتە. یاخودا زوڵفت بەسەر ڕووت کشابێ و دڵی غەریبی دوور وڵاتیشم بەدیدارت شادبێ. وەفایی لە شیعری دیکەش دا بە دڵی خۆی دەڵێ "دەربەدەر" و "غەریبی دوور وڵات":

دڵم جەزبی نیگەهت خستیە زوڵفان، ئەی خودا ڕوحمێ بەبەندی جادوان دا کەوت غەریبی دوور وڵاتم

زوڵفت کەوەکوو شامی غەریبانە، لەوێدا
چاڵی چیە داخۆ دڵەکەی دەربەدەری من

هەروەها لە شیعری دیکەش دا وەفایی شوکرانەی ئەوە دەکا کە دڵ لە دۆزەخی زوڵف ڕزگار بووەو بەسەر ڕووی یاردا کشاوە و بە بەهەشتی (ڕوو) شاد بووە:

زوڵفی لەرزاند کەوتنە سەر ڕوو شادمان فەوجی دڵان
قەت لە دۆزەخدا ئەبەد نین، جەننەتین ئەو نومەتە

هەروەها لە بابەت "بەسەر ڕوودا کشان" بڕوانە:

وەک شەو کشا بەسەر مەهی ڕوخسار یا خەتی
گیرا ئەم ئافتابە کەقەت بەر نەبێتەوە. (مەحوی)

نیشانەی قاتیلی ئامیهرەبانم قەهیرە، یەعنی:

فەرەنگی خەگ و، زەنگی زوڵف و، هیندوو خاڵ و، دڵدارم
دڵدارم ـــــ دڵدارم

نیشانەی قاتیلی ئامیهرەبانم قاهیرە، یەعنی:

فەرەنگی خەگ و، زەنگی زوڵف و، هیندوو خاڵ و، دڵ دارم

وەفایی لە خەگ و زوڵف و خاڵی یارەکەی داخاسییەتی ئامیهرەبانی و ستەمکارییان دەبینێ. ئەمانە لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا نیشانەی وردەمری و بێ مروەتین. کەسێک کە هەموو ئازای ڕوخساری ئاوا نیشانەی ئامیهرەبانییان پێوە دیاربێ، ئایا دەتوانێ "دڵدار"و دڵنەرم و عاشق پیشەبێ؟ نا! بێگومان کەسێکی ئاوا دڵی لە "دار"ە. مەبەستی وەفایی ئەوەیە کە دڵی یارەکەی لە "دار"ە. ئەگەر کێش و سەروا مەودایان بێدابا و ئەمەدەش بوایە لە ایهامی نێوان (دڵدار) و (دڵ دار) چاوپۆشی بکا، دەیتوانی بڵێ "دڵ بەرد". بڕوانە نالی:

ئەو نیهالی قەدی تۆ عەرعەرە، دڵخواهی منە
ڕاستە دڵ دارە وەلێ حەیفە کە وابێ ئەمەرە
مەحویش دڵی یار بە توێکڵی دارینەی بادام ئاو دەبا:
بەحیرەت لەو گوڵ ئەندامەم کەوا بادامییە چاوی
دڵی نازک وەکوو گوڵ، هەم ڕەقە وەک توێکڵی بادام

چلۆن ئەو دێتە چاووی من کەیەکسەر عونلوری ئاوە
مەحاڵە من کە بچمە دڵیەوە، دڵ کیشوەری بەردە
(مەحوی)

هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی روویی تۆ
عەندەلیبم، موتریبم، خۆشخوان، گوڵ، راموشگەرم
خۆشخوان، گوڵ ـــــ خۆشخوانی گوڵ
هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی روویی تۆ
عەندەلیبم، موتریبم، خۆشخوانی گوڵ، رامشگەرم
بۆ "خۆشخوانی گوڵ" بڕواننە:
خۆشخوانی مەجلیسی گوڵ! بێنەوە جۆش رۆح و دڵ
بێ حاڵە زۆر وەفایی، فیدای دەنگ و لەداتم

ئەداغی جەرگی خۆم زانی، ئەمایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەشتی عیشقم، لالە ڕەنگم من کەڕولاڵم
"لالەی کەڕو لاڵ" تەعبیرێکی سەیرە و میعرەعی یەکەمیش ئاڵۆز و بێ مانا دیارە. جارێ با لەمیسرەعی دووهەمەوە دەست پێ بکەین: هیچ گومانی تێدا نیە "کەڕولاڵم" نادروستە. باس، باسی لالەیەو رەنگی لالە؛ لالەیەکی داغدار و شەهیدی عیشق، ئەو لالەیە، رەنگی ئاڵە.
کەڕولاڵم ـــــ کە روو ئاڵم
شەهیدی دەشتی عیشقم، لالە رەنگم من کە ڕووئاڵم
ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ میسرەعی یەکەم: ئەوەی زانیویەتی شەهیدی عیشقە، دەزانێ جەرگی بەچی داغدارە و مایەی بەرگی خوێنینی چیە. کەوابوو هەرتک "ئە" لە میسرەعی یەکەم دا قەڵب کراوی وشەی دیکەن:
ئەداغی ـــــ لەداغی
ئەمایەی ـــــ بەمایەی
لەداغی جەرگی خۆم زانی، بەمایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەشتی عیشقم، لالە ڕەنگم من کە روو ئاڵم
جەرگم داغدارە و دەزانم هەر ئەوە بووەتە مایەی خوێناوی بوونی بەرگم. من شەهیدی عیشقم، بۆیە بەڕەنگی لالە سوور و ئاڵم. ئێستا ئایا "شەهیدی دەشتی عیشقم" یان "شەهیدی دەستی عیشقم"، کامیان دروستە، ئەوەیان جێگای بیر لێکردنەوەیە. هاتنە گۆڕی باسی لالە، "دەشت" لەیاد نزیک دەکاتەوەو هەروەها دەنگی "ش" لە شەهیدو دەشت و عیشقدا هارمۆنییەکی خۆش سازدەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی باس لە "مایە" و سەبەبکارو هۆیە، "شەهیدی دەستی عیشقم" مانایەکی قوڵتر بەشیعرەکە دەبەخشێ.
لەبابەت لالەی روو سوور یان روو ئاڵ بڕواننە:
حاشا مەکە قوربان لە کوژاوی خەگ و خاڵت
ئیپباتی شەهیدیم ئەوەتا پەنجەیی ئاڵت

هەروەها مەحوی:
لالە روخسارم لەسایەی ئەشکی خوێنین رەنگەوە
چونکە رووسوورم لەقاپی عەین و شین و قاف و تێ

بەتیغیغەمزەئەمن وتورکی رووێتۆ قەت مەڵێ، قوربان،
ئەگەر قیمەم بکەن هەر رۆژ پەرستم، هەر بەیەک حاڵم
تورکی رووی تۆ ـــــ تورکی رووی تۆ
بەتیغی غەمزەئەمن وتەرکی رووێتۆ؛ قەت مەڵێ، قوربان!
ئەگەر قیمەم بکەن هەر رۆژ پەرستم، هەر بەیەک حاڵم
من چۆن لەبەر ژانی تیغی غەمزە و نازت، واز لە روخساری تۆ دێنم و تەرکی رووی تۆ دەکەم. ئەگەر قیمەشم بکەن واز لە ئایینی رۆژ پەرستی ناهێنم و هەر رۆژی رووت دەپەرستم.
ئەتۆ سەروێکی رەنگینی، بەسەر چاوان بێ شیرینی
لەبەر چاوم ئەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم!
بەسەر چاوان بێ شیرینی ـــــ لەسەر چاوان بێ شیرینی
ئەتۆ سەروێکی رەنگینی، لەسەر چاوان بێ شیرینی
لەبەر چاوم ئەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم!
بەباغم کوت: بەڕەنگ و بۆت مەنازە زەرد و سوور بووە
ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تایەک زوڵفی نابینم
بەپێی ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە، یانی ئەگەر "بووە" راست بێ، گۆیا شاعیر بەباغ دەڵێ بەڕەنگی خۆت مەنازەکە زەرد و سوورە!! لەم خوێندنەوەیەدا دوو گرفت دێتە پێش، یەکەم: لە شیعرەکەدا تەنیا باسی رەنگ نەکراوە بەڵکوو باسی "رەنگ و بۆ" کراوە و لەم حاڵەتەدا بەپێی سەنعەتی "لف و نشر" سفەتی زەرد دەگەڕێتەوە بۆ "رەنگ" و سفەتی سوور دەگەڕێتەوە بۆ "بۆن" کە ئاشکرایە "بۆن" بە سوور وەسف ناکرێ و کەوایە ئەم خوێندنەوەیە هەڵەیە. دووهەم: لەم خوێندنەوەیەدا دیار نیە میلرەعی دووهەم قسەی کێیە و هەر بۆیە سەرجەمی شیعرەکە مانا بەدەستەوە نادا.
زەردو سوور بووە ـــــ زەردو سوور بۆوە:
تایەک زوڵفی نابینم ـــــ تایەک زوڵفی ناهێنم

بەباغم کوت: "بەڕەنگ وبۆت مەنازە "زەردوسوور بۆوە:
ـ ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تایەک زوڵفی ناهێنم
بەباغم وت شانازی بە رەنگ و بۆنی خۆت مەکە، چونکە رەنگ و بۆی تۆ لە حەنای یاری من شایانی باسکردن نیە. باغ بە بیستنی ئەم وتەیە، لە ترسان زەرد هەڵگەڕاو لەشەرمان سوور هەڵگەڕا و وتی ئەگەر سەرتاپام سونبول بێ، هێشتا بایەخی تایەکی زوڵفی یاری تۆی نیە. دارشتنی ئەو شیعرە و ناوەرۆکەکەی، کەلێک لەم شیعرەی نالی نزیکە:
بەسەروم وت کە راستە سەرکەش وبەرزی، کەچی لەرزی:

کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم

لەوانەیە خوێنەر ئەوەی بۆ بێتە پرسیار کە "نابینم" و "ناهێنم" کە دوو قافیەی جیاوازن، چۆن دەکرێ لەجێگای یەکتریان دابنێی. وەڵامەکە ئەوەیە: هەر وەک نووسەریش لە پەراوێزی شیعرەکە دا (ل٦٧) نووسیویەتی وەفایی لەو شیعرەدا دوو قافیەی جیاوازی بەکارهێناوە(٣). هەندێک لە قافیەکان بە (ینم) تەواو دەبن، وەک: دینم، بت بینم، شاهینم، شیرینم، پەرژینم و هەندێکی دیکەیان بە

(ینم) تەواو دەبن، وەک: خوێنم، دەناڵێنم، وەربێنم، دەستێنم (و بە بڕوای من "ناهێنم"یش). هێمنیش لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "ئافەرین مامۆستا (مەبەست قەرەداغییە) منیش وەک تۆ پێم سەیرە. ئەگەر ئەو غەزەلە دەرباوێژرێ هیچ لە دیوانی وەفایی کەم نابێتەوە".

هەڵبەت من لایەنگری دەرهاویشتنی ئەو غەزەلە لەبەر لاوازیی قافیە نیم. بەتایبەت بەپێی ئەو بۆچوونەی ئێستا لە بابەت شیعر هەیە، دەزانین بایەخی شیعرێک تەنیا لە کێش و قافیەدا نیەو لە شیعری کلاسیکیش دا زۆر جار شاعیر لە پێناو گەیاندنی پەیامی خۆیدا بەربەستی قافیە دەشکێنێ (٤). لە هەر حاڵدا مەبەست ئەوەبوو "ناهێنم" کە مانا بەشیعرەکە دەبەخشێ، بە پێی قافیەکەی وەفاییش دەگونجێ، (پەراوێزەکان لە کۆتایی بابەتەکەن).

دەمێکە هەر لە تۆی ئاوڕی دەروون و ئاوی چاوم دام
لەدووری تۆ عەجەب ماوم؛ نەسووتاوم، نەخنکاوم

هەر لەتۆی ــــ هەر لە نێو

دەمێکە هەر لە نێو ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام
لەدووری تۆ عەجەب ماوم؛ نەسووتاوم، نەخنکاوم

پێم وایە "توێ" یان هەڵەی نوسخە نووسەکانە یان هی کاتی خوێندنەوە: چونکە نە ئاور "توێ"ی هەیە و نە ئاو.

فەرمووی چ کەسی کەوتمە بەرپێی کە (وەفایی)م
قوربان چ بوو عومرێکە (کە) لات بووم و لەلات بووم؟!

(کە) لات بووم ــــ کە لەلات بووم (کە لەلا= نەخۆش، هیلاک، کەساس، ئیفتادە)

نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "وشەی (لات) لە دەسخەتەکەدا وەک (لەت) دەچێ، ئەکرێ (لەتۆ بووم) بێ." (قەرەداغی. ل٧١). بەڵام بە ئاشکرا دیارە "کەلەلات" دروستە و نووسەری دەسخەتەکە "لا"یەکی لەبیرچووەو "کەلەلات" بووەتە "کەلەت" و قەرەداغی بۆی ساغ نەکراوەتەوە.

فەرمووی چ کەسی کەوتمە بەرپێی کە: - وەفاییم
قوربان! چ بوو عومرێک کە لەلات بووم و لەلات بووم؟!

یار پرسیاری کرد تۆ کێی. کەوتمە بەرپێی و وتم قوربان چ بووە، لەوە دەچێ نەمناسییەوە، من هەر ئەو وەفاییەم کە عومرێک کەلەلا و نەخۆش و هیلاکی تۆ بووم، چۆن ئێستا ئاوا خۆتم لێ ناشارەزا دەکەی و لە خۆتم بێ بەری دەکەی؟ "لەلات بووم" بەراورد بکەن لەگەڵ "لەهەرتک لابووم" بەمانای هەرتک لام لەکیس چوو.

بڕۆت تێکنا، دەمت وێکنا، لە دەریای لوکفی تۆ دوورە
لە قوربی قابەقەوسەین و مەقامی لامەکانت بم

چ خۆش رووێدادەهێنازولفی ئەفشان کرد بە دڵداریم؟
ئیلاهی قەگ نەکەی رۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من

دادەهێنا ــــ واوەهێنا

چ خۆش رووی واوەهێنا زوڵفی ئەفشان کرد بەدڵداریم
ئیلاهی قەگ نەکەی رۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من

یەکەم لەبەر ئەوە کە زوڵف دادەهێندرێ (=بەشانە دەکرێ) نەک ڕوو، دووهەمیش لەبەر ئەوە کە پێویستە هەرتک کرداری داهێنان و ئەفشان کردن لەیەک ئیغەی زەماندا بن، یان "دادەهێنا و ئەفشان دەکرد" یان "داهێنا و ئەفشان کرد".

لەکۆتایی میلرەعی یەکەم دا نیشانەی پرسیار پێویست نیە. چ خۆش بوو بە مانای "ئایا خۆش بوو؟" نیە، بەمانای "زۆر خۆش بوو"یە. یانی خەبەرە نەک استفهام.

ئەمن کەوتووم لەبەر گریان دەڵێ: دەستی من و دامان
سەباگەر بوویە خوێن دامانی یار، مەگری لەباتی من

ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە ماناکەی ئەوەیە: من لەبەر گریان لە پێ کەوتووم، کەسێکی نادیار دەڵێ دەستی من و دامان (دامانی کێ؟) ئەگەر دامانی یاربوو بە خوێن!!! لەبا تۆ لە جیاتی من مەگری. ئەوە یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی وەفاییە کە ئاوای بەسەر هێندراوە و لە هەموو مانایەک داتەکێندراوەو بەم شێوەیە تاوانی وڕێنە کردن دراوەتە پاڵ وەفایی. شیعرەکە دەبێ ئاوا بووبێ:

ئەمن کەوتووم لەبەر گریان. دڵە! دەستی من و دامان!
لەبەی گەر بوویە خوێن. دامانی یار بگری لەباتی من!

من لەبەر گریان لە پێ کەوتووم، بەڵام ئەی دڵ! دەستی من و داوێنی تۆ! سبەی ئەگەر بووی بە دڵۆپ دڵۆپی خوێن و لە چاوم ڕژایتە خوار، لە باتی من داوێنی یار بگرە. لەم مانایەدا حافڤی شیراز دەڵێ:

ندارم دستت از دامن مگر در خاک و اندم هم
که بر خاکم گزار اری بگیرد دامنت گردم

هەتا ئەو رۆژەی دەمخەنە ژێر گڵ دەست لە داوێنت بەرنادەم و کاتێکیش کە مردم و تۆ بەلای مەزارەکەم دا تێپەڕ بووی، گەرد و تۆزی خاکی مەزارم داوێنت دەگرێ. هەر لەم مانایەدا بڕوانە:

مەبزوە مەحویا لەم ڕێگەدا تا دەبیە خاکی ڕێی
نومێدە دەستی گەردت هەر دەگا ئاخر بە داوێنی

(مەحوی)

دەستم کە گەییە دامەنی مردم لە خۆشییان
گەردم، خودا! بکەیتەوە بەو ڕوتبە سەر فەراز

(مەحوی)

هەروەها: دڵبتوێتەوەوببێتەفرمێسکی خوێن ولەبەر چاو بڕوا:

ئەوی دڵدار و دلبەرمە ئەوا ڕۆیی لەبەر چاوم
بەدوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە، نەڕوا لەبەر چاوم

(مەحوی)

هەروەها: خوێن دامێنی یار بگرێ:

کوشتمی و ئەو دەمە خوێنم بە ئەدەب دامەنی گرت
بەسمەلی عیشقم و کارم بە خوێنە ڕاهی

(مەحوی)

دەست لە خوێنم مەدە ئالوودە مەکە دامەنی پاک
خوێنی من پاییتە، باگیل نیە وەک ڕەنگی خەنە

(نالی)

هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ و بۆی دولبەر دەدا
ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشا کەن بەچاوی ئیعتیبار
"هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی" مانا نابەخشێ.
ڕەنگێکی بۆنی ـــــــ ڕەنگێکی بووبێ

وەفایی دەڵێ تەنیا ئەو گوڵانە کە ڕەنگیان هەیە لە یاری من دەچن. بەتایبەت لە میسرەعی دووهەمدا زیاتر دەردەکەوێ کە شاعیر مەبەستیەتی باسی ڕەنگ و بێ ڕەنگی بکا. وەفایی بێرەنگی بە ئاوات دەخوازێ: یارێکی خاوەن پەیمان و بەڵێن کە هەر ڕۆژەی لەسەر هەوایەک نەبێ و ڕەنگ نەگۆڕێ. ڕەنگ لەشیعری کلاسیک دا زۆر جار بەمانای ڕیا و دوو ڕوویی و بێ بەڵێنییەو یەک ڕەنگی بەمانای ڕاستی و وەفاداری لەبەڵێن و پەیماندا.

پاک گینت برنمی اید به رنگ عارچی
از لباس رنگ عاری گبع ماچون اب بود
(اپر شیرازی)

غلام همت انم که زیر چرخ کبود
زهر چه رنگ تعلق پزیرد ازاد است
(حافڤ شیرازی)

دلم رمیدەو لولی وشی ست شورانگیز
دروغ وعده و قتال وچع و رنگ امیز
(حافڤ شیرازی)

غلام همت دردی کپان یکرنگم
نه ان گروه که ازرق لباس و دل سیهند
(حافڤ شیرازی)

بۆیە پێم وایە شیعرەکەی وەفایی ئاوایە:

هەر گوڵێ ڕەنگێکی بووبێ ڕەنگ وبۆی دولبەر دەدا
ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشاکەن بەچاوی ئیعتیبار
خەگ هاتوە دەوری لەب و ڕووی داوە لەسەردا
یاخۆ حەبەشی فایەقە داغی لە جگەر دا!
گوڵزاری دەمی پوستەو، باغی گوڵی بەردا
یا لەشکری کێشاوە (بزەی) شیر و شەکەردا
شەڕیانە لەسەر کەعبەیی ڕوو کافر و ئیسلام

پوستە ـــــــ پستە

(بزەی) شیر و شەکردا ـــ بەڕووی شیر و شەکردا
یا لەشکری کێشاوە بە ڕووی شیر و شەکەردا

شیرو شەکر هەمان ڕوو، یان ڕوخسارەو مانای شیعرەکە ئاشکرایە: ئایا خەگ و ئەگریجە لەشکریان بردۆتە سەر ڕوخساری کە لە شیر و شەکر دەچێ؟ بە تایبەت بڕواننە میسرەعی یەکەم و پێنجەم کە باسی شەڕە لەنێوان کوفری زولف و ئیسلامی ڕوو لەسەر "کەعبەیی ڕوو" کە هەمان بڕۆیە و وادیارە لەشکری خەگ کە سەر بە لایەنی کوفرە دەوری لەب و ڕووی داوە. ئەم بابەتە لەلاپەڕەکانی داهاتوودا زیاتر دێتە بەر باس.

نازک و نازەنین و شیرین، ئاوێنە ڕۆژ، ڕەنگ ئاگری

ئاوێنە ڕۆژ ـــــــ ئاوێنە ڕوو

نازک و نازەنین و شیرین، ئاوێنە ڕوو، ڕەنگ ئاگری
گوتم ئەیشای دڵنەوازان، مانگ وڕۆژن موشتەری ڕووت
دڵی چاکی پاکی بازان، پێ بەدوای زوڵفی جادووت

پاکی بازان ـــــــ پاکبازان

گوتم ئەی شای دڵنەوازان، مانگ و ڕۆژن موشتەری ڕووت
دڵی چاکی پاکبازان، پێ بە داوی زوڵفی جادووت

چاک = ١ – باش ٢–درز، براو، برێندار (بەراوردی بکەن لەگەڵ: چاکی یەخە، چاکی کەوا، دڵی چاک چاک) پاکباز = ئەوەی فیداکارانە هەموو شتێک دابنێ.

بڕواننە ئەم شیعرەی وەفایی کە تێیدا چاک بەهەردوک مانا بەکار هاتوە:

دەلیلی چاک و پاکیی پێدەوی وەسڵی ڕوخ و زوڵفی خودا
شادیی بەشانەیدا، سەفای جەننەت بەئاوێنە ئەوانەی کە چاک
و پاکن بەدیداری زولف و ڕووی شاد دەبن، بۆیە شانە کە چاکە (دابڕدابڕە) بە زوڵفی شاد دەبێو ئاوێنە کە پاکە بە جەننەتی ڕووی.

وەکوو پەروانە دەگریم و دەسووتێم دوور لە زوڵفی تۆ
هەتا کەی من لە داغی تۆ حەریقی ئاو و ئاگربم؟

حەریقی ـــــــ غەریقی

وەکو پەروانە دەگریم و دەسووتێم دوور لەزوڵفی تۆ
هەتا کەی من لە داغی تۆ غەریقی ئاو و ئاگر بم؟

ئاو خاسییەتی حەریقی نیە، بەڵام ئاو و ئاگر هەردکیان خاسییەتی غەرق (نوقم کردن) یان هەیە. بڕواننە:

گادەسووتێم، گادەگرییێم، غەرقی ئاو وئاورم
ئاخ لەبەر بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم

کوتم کوا حوسنەکەت؟ عەنبەر فرۆشی زوڵفەکەت فەرمووی
حەبەش ئیسلامی داگرت، تێکچوە دەورو دووکانی من

ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە عەنبەر فرۆشی زولف هەمان زوڵفی عەنبەر فرۆشە، مانای ئەو بەیتەی سەرەوە ئاوی لێدێ: پرسیم کوا جوانییەکەت. زوڵفی فەرمووی لەو کاتەوە کە من (=حەبەش) سەرکەوتنم بەدەست هێناوە و وڵاتی حوسن (=ئیسلام)م داگیر کردوە، دەورو دووکانم تێکچوە! دیارە ئەو قسەیە ناکرێ قسەی زولف بێ چونکە ئەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. دەبێ قسەی یەکێکی دیکە بێ کە دەورو دووکانو ڕەونەقی جارانی نەماوە. ئەوە ڕوخسارە کە داگیرکراوە هەر بۆیە دەبێ دارشتنی میلرەعەکە بە جۆرێک بێ کە "فەرمووی" بگەڕێتەوە بۆ یار:

عەنبەر فرۆشی زوڵفەکەت ـــ عەنبەر فرۆشە زوڵفەکەت

دەورو دووکانی من ـــــــ دەورو دوکانی من (دووکان لەبەر کێشی شیعرەکە بە دوکان دەخوێندرێتەوە)

کوتم کوا حوسنەکەت؟ – عەنبەر فرۆشە زوڵفەکەت – فەرمووی:
–حەبەش ئیسلامی داگرت، تێکچوە دەور و دوکانی من

پرسیم کواجوانییەکەت کەوا زوڵفت لەخۆبایی بووە و خەریکی بەخۆنازین و عەنبەر فرۆشییە؟ یار، یان حوسنی یار، فەرمووی لەو کاتەوە کە کوفری زولف ئیسلامی حوسنی داگیرکردوە، دەورو دووکانی

من تێکچوە.
لە شیعری وەفاییدا گەلێک جار زولف بەکافر و حەبەش و زەنگی ناوبراوەو رووبە ئیسلام و جەننەت:

فەرمووی لەکفر لادە موسوڵمان بەوەفایی!
دێوانە مەبە، دەست مەدە زوڵفم ئەوەتا رووم
خۆ لەیلای حەرەم قەتلی حەرامە، ئەدی زوڵفت
کافر کەنەبوو بۆچی منی کوشت لەدەری تۆ
بۆ جەماڵی تۆ منیش وەک زوڵفی سەرگەردانی تۆم
ئەی چرای ئیسلام و کافر! وەختی مەردی و مروەتە
پێم بڵێ وەجهی چیە زوڵفت موقیمی ڕوومەتە
خۆ بە شەرعی مستەفا جەننەت بە کافر نادرێ
قەگرە قەگرە خوێنی چاوم یەک دەم ئارامی نیە
رۆژێکی بۆ کاروانی عاشقان ئاوا نەبوو!

"رۆژیکی" کێشی شیعرەکەی لەنگ کردوەو، لەوەش گرینگتر، ماناکەی شێواندوە. بەڵام وەرن "رۆژیکی" بکەنە "رۆژەکەی" بزانن مانای شیعرەکە چ گۆڕانێکی سەیر و سەر سووڕهێنەری بەسەر دێ. یانی میسرەعی دووهەم پرسیار نیە. دانانی نیشانەی پرسیار لە کۆتایی میلرەعی دووهەم دا، بە جۆرێک کە "بۆ" مانای "بۆچی" بێ، مانای شیعرەکە والێدەکا کە ئاوا بوون بگەڕێتەوە بۆ کاروان. یانی دەیکاتە: بۆچی کاروان ئاوا نەبوو؟ بەڵام مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە رۆژ ئاوا بێ بۆ حەسانەوەو ئارام گرتنی کاروان.

رۆژیکی ـــــــ رۆژەکەی
نەبوو؟ ـــــــ نەبوو

قەگرە قەگرە خوێنی چاوم یەک دەم ئارامی نیە
رۆژەکەی بۆ کاروانی عاشقان ئاوا نەبوو

فرمێسکی خوێناوی دلۆپ دلۆپ لە چاوم دەڕژێتە خوار و دلۆپەکان وەک کاروان بەشوێن یەکدا ریزیان بەستوە، بەڵام بەداخەوە یارم رۆژی رووی بەرەو من وەرنەگێرا. ئەگەر یارم رۆژی رووی ئاوا بکا (=ئاوا بێنێ، روو لە من بکا) وەک ئەوە وایە کە رۆژی ئاسمان ئاوا بێ و شەو بەسەردابێ و، کاروان کاتێک رۆژی لێ ئاوا بوو مەنزڵ دەگرێ بۆ حەسانەوە. وەفایی بەهێنانی "رۆژەکەی... ئاوا نەبوو" وردەکارییەکی سەیری کردوە: کاتێک کە یار رۆژی روخساری خۆی بەرەو من وەرگێڕێ، وەک مزگێنیی خۆرئاوا بوونە بۆ و چاندان و حەسانەوەی کاروان. وەفایی لە شیعری دیکەش دا رۆژئاوا بوونی رێک هەر بەم مانایەو بەئیهام بەکارهێناوە:

زوڵفی لادا هەر بە ئومێد بووم کە رۆژ ئاوابێ، بێ ماڵی من وێران بوو، عومری من چوو، رۆژ ئاوا نەبوو رۆژئاوا بوون هەم بەمانای خۆرئاوا بوون و هەم بەمانای دەرکەوتن و واوەهاتنی رۆژی رووی یار دوای لادانی زوڵفی. بڕواننە روو واکردن و دەم واهێنان:

کوتی ڕووم وادەکەم تێرم ببینی، چاوەڕێم داخۆ
لەلای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بێنی نەستەرەن بێنێ
دەمەکەت بەدڵ وابێنە، توخودا دڵم مەشکێنە
سا ئەو دەمە وابێنە ئەتۆبی و سەری کوڵمت
غەیری ئەوە باللە نیە لەو لێوە تەمەننام

هەروەها کاروان وشەو:

لەقەتلی عامی دڵ بۆوە خاڵی رووت، بلا بەس بێ
سوهەیلی کاروانکوژ چی دەوێ بەو رۆژە رووناکە!

بۆ هەوایی زوڵف و دڵ چاکم لە رووی جانانە بوو
ئەو پەرێشانیە هەمووی تەقلیرو سووچی شانەبوو
میلرەعییەکەم ئالۆزە. "بۆهەواییزوڵف ودڵچاکم" یانی چی!
بۆهەوایی زوڵف و دڵ چاکم ـ بۆ هەوایی زوڵفە دڵچاکم
بۆ هەوایی زوڵفە دڵ چاکم، لە رووی جانانە بوو
ئەو پەرێشانیە هەمووی تەقلیر و سووچی شانە بوو

دڵ چاکم= دڵ بریندارم
لەحەسرەتی بسکی دام کە کەوتودتە سەر رووی و ئەوە هەمووی کاری شانەیە وای کردوە. دڵ برینداری ئەوەم کە بۆچی من لە جێگای شانەی چاک چاک نیم تارێم بکەوێتە ناو بسکی و لەوێوە بۆ سەر رووی.

پەڕ پەڕی ئەوراقی دڵ پڕ خوێنی وەک گوڵ کردوە
دەفتەرێکە پڕ لە خوێن هەر ئەو بوو چی تێدا نەبوو

ئەوەش لە شیعرە جوانەکانی وەفاییەو بە داخەوە ئالۆزیی تێ کەوتوە. "کردوە" لەمیلرەعی یەکەم دایانی چی؟ کێ چی کردوە؟

کردوە ـــــــ کردەوە
دەفتەرێکە ـــــــ دەفتەرێکی

پەڕپەڕی ئەوراقی دڵ پڕ خوێنی وەک گوڵ کردەوە
دەفتەرێکی پڕ لە خوێن هەر ئەو بوو چی تێدا نەبوو

یار هەموو لاپەڕە دڵ پڕ لە خوێنەکانی دڵی منی وەک گوڵ کردەوە و چاوی لێکرد، بەڵام دیتی دڵم دەفتەرێکی پڕ لە خوێنە و بێجگە لە دیمەنی خۆی (=یار) هیچ وشەو دیمەنێکی دیکەی تێدا نیە.
"کردەوە" هەم بەمانای لێک کردنەوەو پەڕە هەڵدانەوەی کتێب و دەفتەر و هەم بەمانای کردنەوە و پشکواندنی گوڵ و هەم بەمانای پەڕەپەڕە لێکردنەوەی گوڵ. لە لەوحی دڵی حافقی شیرازیش دا بێجگە لە ئەلفی قامەتی یار هیچ بەدی ناکرێ چونکە مامۆستاکەی هەر ئەوەندەی فێر کردوە:

نیست بر لوح دلم جز الف قامت یار
چه کنم حرف دگر یاد نداد استادم

هەروەها بڕواننە دڵی پەڕپەڕ بووی سائب تبریزی کە ئەگەر یارەکەی وەک خونچە بۆی کۆنەکردباوە، گوڵستانی شاعیر تەنانەت دڕکیشی تێدا نەدەما:

چو غنچه ساختی اوراق بادبردەو من
وگرنه خار نمی ماند در گلستانم

سیپارەی مەحویش هەر تەنیا لوورەتی یاری تێدایە:

بەناخون لووڕەتی یارم لە لەفحەی سینە نووسیوە
لەحەشرا وەختی نەشری نامە کردن، منم و سیپارەم

یان:

مەشغوولی "شەرحی گوڵشەنی رازم" دەفەرموێ
سینەم کەشەرحە شەرحە دەکاتن بەتیغی ناز
(مەحوی)

"گوڵشەنی راز" دیوانی شیعری شێخ مەحموودی شەبستەرییەو چەند کەس شەرحیان لەسەر نووسیوە، وەک مقفر الدین علی شیرازی، شمس الدین محمد گیلانی، مولانا ادریس کوڕی حسام الدین بدلیسی، شێخ بابا نعمت الله کوڕی مەحمودی نەخجەوانی کە کتێبەکانیان پێی دەگوترێ "شەرحی گوڵشەنی راز".

شای گوڵان، سولگانیخووبان، ئەمشەوهات دامەن کەشان
ڕۆژو شەو، خورشیدو ڤوڵمەت، گەنج نەبوو وێرانە بوو

یارم کەشای گوڵان و سولگانی جوانانە، دوێنێ شەو بەناز و لەنجە هاتە لام و، وەک خۆر لەنێو تاریکایی وەدەرکەوت بەڵام پێم هیچ نیە، وامەزانن گەنج و خەزێنەیە، هەر وێرانەیەکە و بەس! ئایا وەفایی وای وتوە؟ نا!

شایگوڵان، سولگانیخووبان، ئەمشەو هات دامەن کەشان
ڕۆژی شەو، خورشیدی ڤوڵمەت، گەنجی نێو وێرانە بوو

یارم وەک خۆرەتاو لەتاریکی دا دەرکەوت و گەنجینەیەک بوو لەنێو وێرانەی دڵم دا. بڕواننە وێرانەی دڵ:

ئەگەر رەنجیدە بووی قوربان لەوێرانەی دڵی تەنگم
وەرە سەر مەنزەرەی چاوم، تەماشای مەوجی دەریاکە

کوتم: شێواوە زوڵفم چاوەکەت بەڵکوو عیلاجم کا
وەفایی زوڵفی ئەوەندە درێژ نەبووک بشێوێ. هەر بۆیە:
شێواوە زوڵفم ——— شێواوی زوڵفم
کوتم: شێواوی زوڵفم، چاوەکەت بەڵکوو عیلاجم کا

تۆیی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی
خوێنم نیە ها بمکوژە بەم خەنجەر و ئەبرۆ

ئەگەر برۆی یار توانای کوشتنی هەیە، کەوایە خەنجەری بۆچیە؟
خەنجەر و ئەبرۆ ——— خەنجەری ئەبرۆ

تۆیی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی
خوێنم نیە ها بمکوژە بەم خەنجەری ئەبرۆ

"ها" بەمانای ئەوەتام من! فەرموو بمکوژە! بەمانای ها خەنجەرت بدەمێ نیە. برۆی یار خۆی کاری خەنجەر دەکا. بڕواننە:

شەهیدی خەنجەرت ئەو ڕۆژە عومری جاویدانی بوو
مەڵێ پەروانە خۆ سووتاوە، مەرگی زیندەگانی بوو

ڕەگ و ریشەی دڵم هەردەنگ وناڵەی عیشقیتۆی لێدێ
بڵێ موگریب، وەرەساقی، سەراپا بوومە تاری تۆ

ئەوەی تار لێدەدا موتریبە، بەڵام لەوشێوە نووسینەی سەرەوەدا موتریب لەلای وەفایی راوەستاوە، وەفایی پێی دەڵێ موگریب برۆ بە ساقی بڵێ بێ تارم بۆلێ بدا. لەراستی دا دەبێ ساقی بنێردرێ لە دووی موتریب:
بڵێ موتریب وەرە! –ساقی– سەراپا بوومە تاری تو
ساقی بە موگریب بڵێ وەرە.

هەملەمی من خاکی گۆشەو (لێوی تەعلیمی دەدام!)
عەیش و نۆش و کونجی تەنهایی بەڕووی دونیامەدە
خاکی گۆشەو ــــ خاڵی گوشەی
عەیش و نۆش و کونجی – عەیش و نۆشی کونجی
"عەیش و نۆش و کونجی" مانای شیعرە کەلاواز دەکا. وەفایی دەڵێ خاڵی گۆشەی لێوی یارەکەم، کە بە تەنیایی لەگۆشەی لێو جێی گرتووەو لەسەرچاوەی ئاوی حەیات نزیکە، فێری کردم کە ئەگەر عەیش و نۆشێک هەبێ هەر ئەوەیە کە لە کونجی تەنیاییدایە.
هەملەمی من خاڵی گۆشەی لێوی تەعلیمی دەدام
عەیش و نۆشی کونجی تەنهایی بەڕووی دونیا مەدە

تۆ سەری زوڵفی بڵاوت زوڵفی خاوت بامەدە
جێی دڵم سەوداییە، چی دی دڵم جەزیا مەدە
جێی دڵم سەوداییە ــ جێی دڵی سەوداییە
تۆ سەری زوڵفی بڵاوت زوڵفی خاوت بامەدە
جێی دڵی سەوداییە، چی دی دڵم جەزیا مەدە
زوڵفت جێگەی دڵی سەودایی منەو کاتێک کە زوڵفت بادەدەی، دڵم کە نیشتەجێی نێو زوڵفتە، ئازاری پێدەگا.
ئەی وەفایی هێندە خوێن مەگری لەڕووی ئارامی دڵ
گەوهەری تۆ وا لەکن تۆ، خۆت بەدەم دەریا مەدە
مەگری لە رووی ئارامی دڵ ــــــــــــ مەگری لە دووی ئارامی دڵ
ئەگەر چی دەشکونجێ کەسێک لە ڕووی یاری خۆیدا بگری و گریانەکەی لەسەری شەوق و شادمانییەوە بێ، وەک گریانی فلێحی هروی لەم شیعرەیدا:
بعد عمری کە فلێحی شب وسلی دست داد
گوهر دیدەو مادر سفر دریا بود
دوای عومرێک، شەوێک دەرفەتی دیداری یارم دەست کەوت و ئەو شەوەش داخەکەم گەوهەری فرمێسکەکانم لەسەفەری دەریای گریان بوون، بەچاوی تەڕەوە نەمتوانی یاربیبینم. بەڵام لەشیعرەکەی وەفاییدا، شاعیر لە مێلرەعی دووهەمدا ئامۆژگاریی خۆی دەکاو دەڵێ: "گەوهەری تۆ والەکن تۆ" و بەشوێن یاردا خۆت بەدەم دەریای گریانەوە مەدە. خەڵکی دیکە بۆ دیتنەوەی گەوهەر سەفەری دەریا دەکەن، تۆ کە گەوهەری فرمێسکەکانت لای خۆتە، بەدووی چیدا سەفەری دەریا دەکەی؟
ئەی وەفایی هێندە خوێن مەگری لە دووی ئارامی دڵ
گەوهەری تۆ والەکن تۆ، خۆت بەدەم دەریامەدە

بەو دوو مەمە زوڵف و ڕۆخی تۆ نۆبەری سەرون
هەر عەترە بە تاهەر گوڵ و نارنجە بە بارە
لەمیسرەعی دووهەم دا مەم و رۆخ و زوڵف هەموویان بە "بەر" دانراون: عەتری زوڵف و گوڵی رۆخ و نارنجی مەم. کەوابوو "مەم"یش یەک لە "بەر"ەکانە. بەڵام "بەو دوو مە مە زوڵف و رۆخی تۆ نۆبەری سەرون" وا دەکەینێ کە لەبەر ئەوەی یارمەمکی هەیە کەوایە زوڵف و

ڕۆخی وەک بەری داری سەروِن. سەروهەڵبەت داریکی بێبەرە. بەڵام سەروی باڵای بەرزی یاری وەفایی بەریش دەگرێ.

بەو دوو مەمە ـــــــ ئەو دوو مەم و

ئەو دوو مەم و زوڵف و ڕۆخی تۆ تۆبەری سەروِن
هەر عەترە بەتا، هەر گوڵ و نارنجە بە بارە
لەفەهمی جەوهەری خەندەی دەمت عومرم چوو نەمزانی
کە سیرڕی حاڵی ویجدانی وەرایی فەهم و ئیدراکە

ویجدانی ـــــ وەحدانی

وەفایی زۆر جار ئەلفی قامەتی یار (کە لە ژمارەی ١ دەچێ) و خاڵی یار کە تاق و تەنیایە و دەمی یار کە یەک نوقگهیە، بە "وەحدەت" ناو دەبا:

باحیجابێکم نەمێنێ، لادەتاری زوڵفەکان
تا بەکەی دڵ نامورادی وەحدەتە لەو کپرەتە؟
داغداری ئەلفی باڵات با لە رووت مەحروم نەبێ
من کەفیلی وەسڵی جەنەت هەرچی ئەهلی وەحدەتە

بەو ئالو واڵایە، بەو بەژن وباڵایەکەزاتیئەسمایە، کە وەحدەتی ناوە "وەحدەت و کپرەت" یەکێک لە گرینگترین باسەکانی شاعیرانی لۆفی مەشرەب بووە:

غەیری وەحدەت لە وجوودا نیە، کە پرەت وەهمە
سادەتە کرارییەکە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد
(مەحوی)

ئەوە وەهمە کە پێمان وابێ عەدەد هەیە. هەموو عەدەدێک هەر دووپات بوونەوەی ژمارەی یەکە.

دل عارف غبار الودەو کپرت نمی گردد
نیندازد خلل در وحدت ایینە، لۆرتها
(لائب تبریزی)

تۆزی کپرەت لەدڵی عارفان نانیشێ، وێنە هەرچەندی زۆربن ئاوێنە هەر یەکە.

یک زبان بینی و سخن بیسار
یک نسیم است و موج در تکرار
(شفایی الفهانی)

زمان یەکەووتە چەندین، شنە یەکەو شەپۆلی یەک لەدوای یەک دەبزوێنێ.

اگر برداشتی از روی وحدت پردەو کپرت
توانی بر گرفت از روی دریا موج دریارا
(فوجی نیشابوری)

حەقیقەتی وەحدەت پەردەی کپرەتی بەسەردا کێشراوە. جیاکردنەوەی شەپۆل لە دەریا چەندە دژوارە، ئەوەندەش لادانی پەردەی کپرەت و گەیشتن بە حەقیقەتی وەحدەت دژوارە.

هەروەها حافقی شیرازیش پێی وایە حوسنی یارەکەی "وەرایی فەهم و ئیدراکە"

ز ولف روی تو حافف چگونە نگق زند
کە چون لفات الهی ورای ادراکی
(حافز)

حافز چۆن دەتوانێ باسی جوانیت بکا کە حوسنت وەک لفاتی ئیلاهی (کە وەحدانیەت گرنگترینیانە) لە فەهم دا ناگونجێ. لەبەر هەموو ئەوانە پێم وایە شیعرەکەی وەفایی ئاوایە:

لە فەهمی جەوهەری خەندەی دەمت عومرم چوو نەمزانی
کەسیرڕی حاڵی وەحدانی وەرایی فەهم و ئیدراکە

گوگیی دڵ زارو قسەی زارتە
مەنعی لەقووتی شەکەرستان مەکە

زارو قسەی زارتە یانی چی؟

زارو قسەی زارتە ـــــــــ زاری قەسەی زارتە

گوگیی دڵ، زاری قسەی زارتە
مەنعی لەقووتی شەکەرستان مەکە

: گووکیی دڵم، دڵتەنگ و بێنوازە بۆ قسەی زارت (ددمت). مەنعی مەکە توتی هەر شەکر شکێنە.

بەمەحچی رونیەتی زوڵفت سەرم دانا، دەبێ چ بکەم؟
لە ئەم بازارە تورکی سرکە ئەووەڵ سوودو سەودامە.

تورکی سرکە ـــــــ تەرکی سەرکە

بەمەحچی رونیەتی زوڵفت سەرم دانا، دەبێ چ بکەم؟
لە ئەم بازارە تەرکی سەر، کە ئەووەڵ سوودو سەودامە.

هەرکە زوڵفی تۆم دیت، سەرم داناو ئەگەر وانەکەم چ بکەم؟ لەم بازارەدا یەکەمین سەودا ئەوەیە سەردابنێی و تەرکی سەر بکەی.

لە ئەنفاسی سەحەرگاهی بترسێ ئەی چرا جارێک
هەناسەی عاشقان تیرە، مەلی پەروانە بێ خوێنە

کێ دەڵێ مەلی پەروانە بێ خوێنە؟ هەموو قسەی وەفایی ئەوەیە کە پەروانەش وەک هەموو عاشقانی دیکەو وەک رەمزی عاشق، نابێ بەبێ پەروایی بکوژرێ و ئەگەر بیکوژی خوێنی لە ئەستۆتە. وەفایی ئامۆژگاریی چرا دەکا و دەڵێ بترسێ لە هەناسەی شەو بێدارانی عاشق، هەناسەیان وەک تیر دەبڕێ. مەڵێ پەروانە خوێنی نیە و دەیکوژم. کەوایە:

مەلی ـــــــــ مەڵێ

لە ئەنفاسی سەحەرگاهی بترسێ ئەی چرا جارێک
هەناسەی عاشقان تیرە، مەڵێ پەروانە بێ خوێنە

سەیر ئەوەیە کە نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "(مەلی) دەگونجێ وەها بێ کە نووسیمان، واتە: مەل، باڵندەی پەروانەی دەوری شەم بێ خوێنە. یان (مەڵێ) بێ خوێنەو قەیدی چیە با بکوژرێ!" (قەرەداغی، ل١٤٦). بەڵام سەرەڕای ئەو روونکردنەوەیەش، نووسەر لەنێوان ئەو دوانەدا ئەوەی هەڵبژاردوە کە مەلی پەروانە خوێنی نیە. بەڵام ئەوە روون ناکاتەوە کە ئەگەر پەروانە خوێنی نیە و کوشتنی مەباحە، ئەی بۆچی شاعیر چرا لەوە دەترسێنێ کە تیری هەناسەی پەروانەی عاشق لە بکوژەکەی خۆش نابێ؟ ئایا بەراستی بۆ خزمەت بەوەفایی و شیعر، وا باشتر نەبوو کەسێک کە تا ئەم رادەیە دوورە لە دنیای وەفایی، ساغکردنەوەی دیوانی وەفایی بەجێ بێڵێ بۆ کەسانێک کە تاوانی ئەو هەموو پەرێشان گۆییە نەخەنە ئەستۆی ئەو شاعیرە!

لەسەر میحرابی ئەبرۆی کەوتمە زوڵفی دایمە بەر غەمزە
بەجەللادی دەکوت مورتەدد! حەڵاڵە خوێنی بڕژێنە

ئایا جەللاد مورتەددەو خوێنی کەسی تر دەڕژێنێ؟ دانانی نیشانەی (١) لەدوای مورتەدد وای کردوە کە گۆیا سفەتی مورتەدد دراوەتە پاڵ جەللاد. بەڵام مەبەستی وەفایی ئەوە نیە. مورتەدد سفەتێکە یار داویەتە پاڵ وەفایی و بەمورتەددی دەزانێ بۆیە ئەمر بەکوشتنی دەکا:

لەسەر میحرابی ئەبرۆی کەوتمە زوڵفی، دایمە بەر غەمزە
بەجەللادی دەکوت: "مورتەدد، حەڵاڵە خوێنی بڕژێنە"

ئەوە وەفاییە کە لە میحرابی برۆی یارەوە کەوتوەتە داوی کفری زوڵف و، یار داویەتە بەر غەمزەی خۆی و بەتەمایە سزای بداو ڕوو دەکاتە غەمزەی خۆی و دەڵێ ئەی جەللاد! ئەو کابرایە کە لە میحرابی برۆوە چووەتە داوی کفر، مورتەددەو مورتەدد خوێنی حەڵاڵەو خوێنی بڕژێنە. ڕستەی "مورتەدد حەڵاڵە خوێنی بڕژێنە" لە ڕاستیدا ئاوایە: "مورتەدد حەڵاڵە خوێنی، خوێنی بڕژێنە" بەڵام "خوێنی" یەک بە قەرینە لابراوە.

بەو خاڵ و خەت و سوورەتی گێسووی هەتە، حەقیە
مانی کە پەرێشانی لەنەمخانەیی چینە

گێسوو "سورەتی نیە. بۆیە "سوورەتی گێسوو" نادروستە.

سوورەتی گێسوو ——— سوورەت و گێسوو

بەو خاڵ و خەت و سوورەت و گیسووی هەتە، حەقیە
مانی کە پەرێشانی سەنەمخانەیی چینە

خۆش بە ناز ڕامەبرە، قوربان، ئیلتیفاتێکت هەبێ
دادخواە زۆر کەوتوون ئەختێ سەمەندت بگرەوە

خۆش بە ناز ڕامەبرە ——— خۆش بەناز ڕادەبری

خۆش بە ناز ڕادەبری قوربان! ئیلتیفاتێکت هەبێ
دادخواە زۆر کەوتوون، ئەختێ سەمەندت بگرەوە

زۆر بەناز دەڕۆی قوربان. خۆش ناز دەکەی. بەڵام ڕوویەکی خۆش نیشان بدەو میهرەبان بە! زۆر کەس لەوانەی سکاڵایان لەبێ مەیلیت هەیە و بۆ دادخوایی هاتوون، لە قەراخ ڕێگەکەت کەوتوون. جڵەوی ئەسپی خۆشڕەوت بگرەوە و لەسەریان ڕاوەستەو لە ئەحواڵیان بپرسە. لەبەر ئەوەی ڕابوردنی یار بەسفەتی "خۆش" وەسف کراوە، دژوارە ئەوە بسەلمێنین کە شاعیر داوا لە یار بکا خۆش ناز نەکا یان خۆش بەناز نەڕوا. بۆیە بە بڕوای من "ڕامەبرە" نیە و "ڕادەبری" دروستە. نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "سەمەند: تیری پەیکان" (قەرەداغی. ل١٥٧) سەمەند جۆرێکە لە ئەسپ لەشیعردا کنایەیە لە ئەسپی تیژڕەو.

گەر هەزار جاریی بە کۆی زووخاڵ بەنووری کێوی توور
ئەو دڵە جۆیایی یەک دیداری وەک مووسا نیە

حەیف بۆ ئەم شیعرە کە ئاوای لێهاتوە. ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە ماناکەی ئەوەیە: ئەگەر تۆ هەزار جاریش بسووتێی، خۆشت بکووژی، من خوازیاری دیداری تۆ نیم!! بەڵام ئایا وەفایی وای گوتوە؟ بێگومان نا! وەفایی لەخودا دەخوازێ کە بەنووری عیشق بسووتێ و بێتە کۆی زووخاڵ هەتا وەک ئەو کاتەی کێوی کوور سووتا و مووسا بە دیداری یار گەیشت، ئەمیش لە ئەنجامی سووتانی خۆیدا بە دیداری یار شادبێ. کەوایە چۆن "جۆیایی یەک دیداری وەک مووسا نیە"؟ شاعیر بەگیان و دڵ جۆیاو خوازیاری ئەو دیدارەیە، بەڵام داخی لەوەیە کە دڵی ئەگەر هەزار جاریش وەک کێوی گوور بسووتێ، خۆ ئەو سووتانەی بایی یەک دیداری یار نیە و نرخی ئەوەی نیە دیدارێکی پێ وەدەست بێنێ. وەفایی لە دەسکورتیی خۆی دەناڵێ کە دڵی لە بازاڕی عیشقدا بەهای نیە:

بی ——— بێ

جۆیایی ——— خۆ، بایی

گەر هەزار جاربێ بە کۆی زووخاڵ بەنووری کێوی توور
ئەو دڵە -خۆ-بایی یەک دیداری وەک مووسانیە

وەفایی هەر لەو غەزەلەدا ئەو حەسرەتەی خۆی جارێکی دیکەش دەردەبڕێ:

گەر هەموو عالەم بڵێن مەجنوونە، تا دەمرم دەڵێم:
هەر دوو دنیا قیمەتی دیدارێکی لەیلا نیە

یان بڕوانە:

بەجارێکی تەماشای تۆ، فیدات بم هاودڵ و دینم!
ئەگەر سەت جار قیامەت بێ، دەمێکی هەستە بلابینم

ئەی برادەر خانە وێرانی، جودایی بۆ وەفایی
وەک وەفایی ئەی جودایی یاخودا خانەت خرابێ

شیعرەکە ئاوای لێکراوە: براله! تۆ ماڵوێرانی، بەڵام با جودایی بۆ من بێ! هەڵبەت ئەم خوێندنەوەیە ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە ئەگەر وەفایی جودایی بۆ خۆی پێ باشە، ئەی بۆچی لە میسرەعی دووهەم دا تووک و نزا لە جودایی دەکا؟ بە بڕوای من وەفایی وتوویەتی:

ئەی برادەر! خانە وێرانی جودایی بوو وەفایی
وەک وەفایی، ئەی جودایی یاخودا خانەت خرابێ

براله! وەفایی ماڵوێرانی دەستی جودایی بوو. ئەی جودایی!
یاخودا تۆش وەک وەفایی ماڵت وێران بێ.

ڕۆژ و شەو بووبوویتە قوربان شیوەن و شینی دڵی من
کاری بولبول فەسڵی گوڵ ناڵینە تاناهێکی مابێ

لە هەموو شیعرەکەدا باس لە ئێستایە، بۆیە لەوەناچێ "بووبوویتە" ڕاست بێ. جگە لەوەش ئەگەر یار لە ڕابوردوو دا مایەی شیوەن و شینی دڵی شاعیر بووبێ، کاتێک شاعیر لەمیسرەعی یەکەم دا باسی ئەو ڕابوردووە ناخۆشە بکا، بێگومان خوێنەر چاوەڕێ دەبێ کە شاعیر لە میسرەعی دووهەم دا بڵێ کە ئێستا چ ئاڵ و گۆڕێک ڕووی داوە. پێم وایە "بووبوویتە" نادروستە.

بووبوویتە ——— بۆتۆیە

ڕۆژ و شەو بۆتۆیە قوربان شیوەن و شینی دڵی من
کاری بولبول فەسڵی گوڵ ناڵینە تا ناهێکی مابێ
قیبلەگاهی عاریفان کەس وەک عبیداللە نەبووە

عالمێکی دی دەبێ بۆ = غەوپی بەغدایێکی دی

میلرەعی دووهەم مانا نابەخشێ.

عالمێکی دی ———— عالەمێکی دی

قیبلە گاهی عاریفان کەس وەک عبیداللە نەبوو
عالەمێکی دی دەبێ بۆ غەوپی بەغدایێکی دی

عالەمێکی (جیهانێکی) دیکە و خیلقەتێکی دیکە پێویستە هەتا کەسێکی دیکەی ئاوای تێدا هەڵکەوێ. بڕواننە:

ادمی در عالم خاکی نمی اید به دست
عالمی دیگر باید ساخت وزنو ادمی
(حافز)

ئینسان (ی کامڵی دڵخوازی من) لە جیهانی خاکیدا دەست ناکەوێ، دەبێ عالەمێکی دیکە دروست بکرێ و سەر لەنوێ ئادەمیزاد بخوڵقێندرێتەوە.

گوڵ بە خەندە پەرییە، قیبلە بە جلیوە مەلە کە
شێت و دێوانەیی کردووم، چ مەلایک چ پەری

قیبلە ———— لالە

گوڵ بەخەندە پەری یە، لالە بە جلیوە مەلەکە
شێت و دێوانەیی کردووم، چ مەلایک چ پەری

قیبلە نە لەگەڵ گوڵ تەناسوبی هەیە و نەدەبێتە مەلەک. ئەوەی لە شیعری وەفاییدا زۆر جار لە پاڵ گوڵ (گوڵی لێوی بەخەندە پشکووتوو) باسی دەکرێ، بریتییە لە لالە (لالەی روخسار) کە بەجەنەت و مەلەک و مەقهەری جیلوە باسی دەکرێ. بۆ نموونە بڕواننە:

بەخۆڕایی نیە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا
لە رووتی دیوە جیلوەی ئاتەشی سینا لەسینەی دا
گەر تەجەللای حەق موڕادی جیلوەیی رووی تۆ نەبوو
چاوی مووساکەی دەبوو روون بێ بە سورمەی کێوی گوور
بەشەوقی روویی لالە و گوڵ لە باغاندا چراغانە
دەڵێی باغی جەنەت ئەمساڵ بەری حۆر و پەری هێنا
تۆ مەلەک و فریشتە و پەری، گوڵ دەم و گوڵ بەرو دڵبەری
لالە رەنگ و فەرەنگی چینی، شۆخ و شەنگی خەگاو بەربەری

لە هەموو ئەو شیعرانەدا روو لالەیەو جیلوەی هەیەو نیشانەی تەجەللای حەقە و مەلەک و فریشتە و حۆر و پەرییە. هەروەها بڕواننە لالەی روخسار لەلای مەحوی:

لالە روخسارم لەسایەی ئەشکی خوێنین رەنگەوە
چونکە روو سوورم لە قاپی عەین و شین و قاف و تێ

بێجگە لە هەموو ئەوانەش وەفایی لە شیعرێکی دیکەدا "روو" بە "مەلەک" ناو دەبا کە لە هەموو بابەتەوە، چ لەناوەرۆک و چ لە تەعبیرەکاندا زۆر لەو بەیتە دەچێ کە باسی دەکەین:



دووچاوی مەستە بێ بادە، مەلایک رووپەری زادە
پەڕی دێوانەیی کردووم، مەلایک دەستی لێداوم
نەقەند تامی دەبێ قوربان نە گوڵ ڕێز و نەعنبەر بۆ
ئەگەر جارێک بەخەندەبێی، سەری زوڵفت بەدەم بادەی

ئەو ٣ واتایەی زۆر جار پێکەوە دێن بریتین لە تام و رەنگ و بۆ، نەک تام و ریز و بۆ. جگە لەوەش لەسەردەمی وەفاییدا وشەی "ڕیز" رایج نەبوو. "بەخەندە بێی" کێشی شیعرەکەی لەنگ کردوە.

ریز ـــــ رەنگ

بەخەندە بێی ـــــــ بەخەندێکی

نەقەند تامی دەبێ قوربان،نە گوڵ رەنگ ونەعەنبەر بۆ
ئەگەر جارێک بە خەندێکی، سەری زوڵفت بەدەم بادەی

دووپات بوونەوەی "یەک" لەجار و خەندەدا بۆ تەئکیدە: تەنانەت یەک جار، یەک خەندەی کوڵی لێوت و بۆنی زوڵفت، تامی قەندو رەنگی گوڵ و بۆنی عەنبەر لە رەواج دەخا. بڕواننە:

خەرامان بەو سەری زوڵفی پەرێشان چیهرە بنوێنە
لە گوڵ رەنگـو، لە سونبول بۆ، لە سەروان جیلوە بستێنە

هەروەها رەنگ و بۆ لەلای مەحوی:

یەکێ عاشق بەخوو، یەک تالیبی روو
یەکێ مەجبووری بۆ، یەک مایلی رەنگ
بەندەگانی عاشقی رووتن ستارەی میهرو ماە
ئەزخریدی خاکی پێتن عەنبەر و میسک و بخوور

"ستارەی میهر و ماه" مانا نابەخشێ. میهر بەمانای رۆژ و خۆرەتاوە. ستارە، ئەستێرەیەو، ماە مانگە. بۆیە لە جیاتی ئەستێرەی مانگ و رۆژ، ئەستێرە و مانگ و رۆژ دروستە، یانی: ستارەو میهر و ماە. "ئەزخرید" مانای نیە. بێگومان مەبەست "زیر خرید"ە، بە مانای بەندە و غولامی بەزیر کڕدراو.

ستارەی میهر و ماە ـــــــــــــــ ستارەو میهر و ماە

ئەزخرید ـــــــ زیرِ خرید، یان زەرِ خرید

بەندەگانی عاشقی رووتن ستارەو میهر وماە
زێرِ خریدی خاکی پێتن عەنبەر و میسک و بخوور

ئەستێرە و مانگ و رۆژ بەندەی رووی تۆنو عەنبەر و میسک و بخوور غولامی خاکی پێتن.

لەرووی ئەم نموونەیەو گەلێک نموونەی دیکەی لەم چەشنە کە لەم وتارەدا باسیان کرا و نیشانەی ورد نەبوونەوە لە مانای شیعر و دەستەوەستانی لەخوێندنەوەی تەعبیرە نەک زۆر دژوارەکانی وەفاییدا و بە هەڵە خوێندنەوەی وشەکانی زاراوی موکوریانین (کە باسی دەکەین) خوێنەر گومان لەو وتەیەی نووسەر پەیدا دەکا کە دەڵێ ئەنجامی کارەکەی خۆم نیشانی هێمن داوەو "نرخاندنی دیوانەکە بە ئەستۆی ئەو سپێررا" (قەرەداغی. ل٣٢٢).

زاراوی موکوریان

نووسەر شارەزای راوێژی موکوریان نیەو ئەوە لە زۆر جێگا تووشی هەڵەی کردوە:

رۆژ بۆوە کزەی با لە خیابانی گوڵان ڕا
زوڵفی بە هەناسەم کە لەسەر عاریچی لاچوو

"کزەی با لە خیابانی گوڵان ڕا" چی؟ ئەوە ناتەواوە. بەوە تەواو دەبێ کە لەدوای "ڕا" بنووسرێ هات یان هەڵیکرد. بەڵام شیعرەکە ئاوایە:

رۆژ بۆوە کزەی با لە خیابانی گوڵان دا
زوڵفی بەهەناسەم کە لەسەر عاریچی لاچوو

"دا"لە زاراوی موکوریاندا. جاری وایە لە جیاتی "دایە" بەکار دەبرێ: بزانە گیرفانم چی تێدا! یانی: بزانە گیرفانم چی تێدایە!

ئەو گۆمە زۆری ماسی تێدا. یانی: ئەو گۆمە زۆری ماسی تێدایە.

"دا" لە شیعرەکەی سەرەوەش دا، هەر بەو مانایە بەکاربراوە: زوڵفی بە هەناسەم لەسەر رووی لاچوو، رۆژی رووی وەدەرکەوت. ئێستا ئیتر بەرەبەیانە و هەناسەی من وەک کزە بای بەیانان لە نێو خیابانی گوڵاندا+ یە. مەبەستیش لە خیابانی گوڵان، لێرەدا روخسار و سنگ و بەرۆکی یارە. لە جێگایەکی دیکەش، هاتنی "دا" بە ماناو لە جێی "دایە" نووسەری تووشی هەڵە کردوە:

بەیادی چاوت چوومە خەرابات
لە رەهنی مەی دا خەرقە و بەرماڵم

یانی لە رەهنی مەی دایە خەرقە و بەرماڵم. بەڵام نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "بەوەندە مانای شیعرە کە تەواو نابێو شاعیر وشەی (دانا)ی لابردوە چوونکە بە کوێرەی رێ و شوێندا دەزانرێ، واتە لە رەهنی مەیدا خەرقە و بەرماڵم دانا" (قەرەداغی. ل٦٢). بەڵام وەک وتمان هەر بەوەندە مانای شیعرەکە تەواو دەبێ و مەبەستی وەفایی "خەرقەم دانا" نیە بەڵکوو دەڵێ ئێستا "خەرقەم لە رەهنی مەیدایە". لەم نموونانەی خوارەوەدا، لە هەموویاندا، وەفایی "دا"ی بەمانای "دایە" بەکار هێناوە:

من کوشتە ئەتۆ بەو لەبە شیرینە مەسیحم
من تەشنە ئەتۆ ئابی حەیاتت لە ژەقەندا
تیرت کە قەراری جگەرم بوو وە دڵم کەوت
تارۆژی حەشر داغی خەدەنگت لە جگەردا
ئاوێنەیی دڵ وا لە جەلادا بە تەجەللی
دێوانەیی رووت کەی لە هەوای شەوکەتی جەم دا
بۆ خاگری خەندێکی بەرِەنگی گوڵ و باران
عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لەدەم دا

عاریچت قەسپی بەیانان، قامەتت وەقتی ڤوهوور

لەناوچەی موکوریان، "فەڵڵ" بەمانای کات و جەنگە بەکار دەبرێ، لەوشیعرەی وەفایشدا وەک هاوتای "وەقت" بەکار براوە، بەڵام نووسەر لەجیاتی فەڵڵی نووسیویەتی قەسپی.

قەسپی بەیانان ـــــــــــــ فەسڵی بەیانان

عاریچت فەسڵی بەیانان، قامەتت وەقتی ڤوهوور

چەند خاڵیش بەکورتی

ئاخ لە بۆیەک حاڵی زانی دڵ پڕ ئاو و ئاورێ

حاڵی زانی ـــــــ حاڵزانی

سولتانی هەموو سەرو و قەدان،

سەروو قەدان ـــــــ سەرو قەدان

سەروە، یا شمشاڵە، یاخۆ عەرعەرە، یاناروەن

شمشاڵە ـــــــ شمشادە

با هەزار جورم و خەتا، باز یار لەسەر رووی زەحمەتە

زەحمەتە ـــــــ رەحمەتە.

عەنبەرین موو، نەستەرین بوو،

نەستەرین بوو ـــــــ نەستەرەن بوو

خۆت وەدەر نا عالەمت سووتاندو ئاورت کردەوە

خۆت وەدەرنا ـــــــ رووت وەدەرنا

کە تۆ لوتفت هەبێ قوربان، خەراباتیش موسولمانە

نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "خەرابات: مەیخانە. بەڵام بەو جۆرە ماناکەی ڕێک نیەو دەبێ بگوترێ خەڵکی دانیشتووی خەراباتیش هەموو موسوڵمانن" (قەرەداغی. ل١٤٥) ماناکەی ڕێکە و وتراوە خەڵکی دانیشتووی خەراباتیش هەموو موسوڵمانن. "ی" لە "خەراباتیش"دا یای نیسبەتە:

مهابادی = خەڵکی مهاباد. خەراباتی = خەڵکی خەرابات.

(خەراباتیش = خەراباتی + ش).

خراباتی شدن از خود رهائیست
خودی کفر ست اگر خود پارسائیست
خراباتی خراب اندر خراب است
که در لحرای او عالم سرابست

(گلشن راز. شیخ محمودی شیستری)

بۆیە گوڵ باغی گوڵی کەی من، سارێژ بوو داغی دڵەکەی من
رەحمت کرد بەحاڵم گوڵەکەی من، بەندەی باڵاتم لەد شابم

بۆیە ـــــــ بوویە

گوڵی کەی من ـــــــ گڵەکەی من

بوویە گوڵباغیگڵەکەی من، سارێژ بوو داغی دڵەکەی من
رەحمت کرد بەحاڵم گوڵەکەی من، بەندەی باڵاتم سەد شابم

وەفایی دەیەوێ بڵێ تۆوەک گوڵەباغ لەگڵی دڵمداشین بووی.

رووی لەتاتا زوڵفیدەرخست، هاتە سەررووی مەرحەمەت
ئەو بەهار بوو، شەو بەهار بوو، واکە داییسان چراغ

شەو بەهار بوو ـــــــ شەو نەهار بوو

رووی لەتاتازوڵفیدەرخست، هاتە سەر رووی مەرحەمەت
ئەوبەهار بوو، شەو نەهار بوو، واکە داییسان چراغ

کاتێک کە رووناکایی رووی لە تاریکیی زوڵفی وەدەر کەوت، شەو وەک رۆژی رووناکی لێهات.

بۆ خاگری خەندێکی بەرەنگی گوڵ و باران
عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لەدەم دا

گوڵ و باران ـــــــ گوڵە، باران

بۆ خاگری خەندێکی بەڕەنگی گوڵە، باران
عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لەدەم دا

بۆ خاتری خەندەیەکی گوڵ و دەرکەوتنی ڕەنگی لێوەکانیەتی کە باران دەباری. عاشق ئاوایە. هەمیشە کوڵی گریانی لەدەم دایە.

بارانی عاشقی گوڵ لە پێناو خەندەی گوڵ دایە کە دەبارێ. بڕواننە:

هەر لەحڤە کە دێ پێدەکەنێ حەقمە کە بگریم
پشکووتنی گوڵ مایەیی بارانی بەهارە

لەسینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنێ بەمەحزوونی
وەرن لەو شێوە گوێ بگرن بە شین و شیوەنی بەیدا

"نەی" شیوەن دەکا نەک "بەی".

شێوە ـــــــ شیوە

بەیدا ـــــــ نەیدا

لەسینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنێ بەمەحزوونی
وەرن لەو شیوە گوێ بگرن بەشین و شیوەنی نەیدا

بە ناب و رەنگ و روو حۆری، بە زوڵف و کاکوڵی غیلمان
گوڵاویان دا لە مەیخانە، غوباریان عەنبەر ناسا کرد

روو حۆری ـــــــ رووی حۆری

بەناب و رەنگ و رووی حۆری، بەزوڵف و کاکۆڵی غیلمان
گوڵاویاندا لە مەیخانە، غوباریان عەنبەر ناساکرد

یانی: بە ناب و رەنگ و رووی حۆری گوڵاویان دا لەمەیخانە و، بە زوڵف و کاکۆڵی غیلمان غوباریان عەنبەر ناسا کرد.

سەگەکەی رێبازی لەیلێ، وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون
دونیام ئەو رۆژە لێ روونە خاکی بەرپێی ئاشنا بم

سەگ بێتە سەرچاو، بڕێک سەیرە. نووسەر کە لە زۆر جێگادا ئەوەندە پابەندی نوسخە دەستنووسەکەیە کە بە پێویستی نازانێ بە محەکی لێکدانەوەی خۆشی راست بوون و ناڕاست بوونی هەڵسەنگێنێ و بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لە دەستنووسەکەدا نوسراوە "خاکی گۆشە لێوی"ڕێگا بە خۆی نادا بیکاتە "خاڵی گۆشەی لێوی" لێرەدا گوێی نەداوەتە نوسخە دەستنووسەکە. لە پەراوێزدا نووسیویەتی: "سەگەکەی لە (نوسخەی) خ دا بەهەڵە (سلگی) نووسراوە. لە پارچەی دوایی دا ڕاست کراوەتەوە". (قەرەداغی. ل٤٩). ئاشکرایە "سلگی" بە هەڵە نەنووسراوە. ئەوەی بە رێنووسی کۆن نووسراوە "سلگی: بە رێنووسی ئێستا دەخوێندرێتەوە "سەوڵەکەی". "سەوڵ"یش هەمان "سەرو"ە. وەفایی لەگەڵێک شیعری خۆیدا باسی سەرو و سەرچاوە دەکا. لەبەر ئەوەی لە هەموو جێگاکانی دیکە سەرو نووسراوە نەک سەوڵ، لەوە دەچێ هەڵە یان راوێژی تایبەتی نووسەری دەسخەتەکە لەمەیاندا سەروی کردبێتە سەوڵ. ئەم شیعرە لە دوو جێگا نووسراوە و لەوی دیکەیاندا لەباتی "دنیام" نووسراوە "چاوم" و بە بڕوای من چاوم باشتر دەگونجێ.

سەروەکەی رێبازی لەیلێ، وەرە سەردوو چاوی مەجنوون
چاوم ئەو رۆژە لێ روونە خاکی بەر پێی ئاشنا بم

بڕواننە "سەرو" و "چاو" لەلای وەفایی:

وەرە سەر هەر دوو چاوم تابزانن
کەواشیرینە سەروی جویباری

عەزیزم روحی شیرینم لەمن بۆچی کەناری تۆ
وەرە سەر هەردوو چاوی من کە سەروی جۆیباری تۆ
ئەتۆ سەروێکی نازداری، ئەتۆ شۆخێکی گوڵزاری
بەدڵ واچاکە بدگێڕم لەسەر چاوان، لەسەر دەستان
ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، لەسەر چاوان بی شیرینی
لەبەر چاوم نەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم

بێجگە لەو چوار دێڕە شیعرە، لانی کەم لە دەجێگای دیکەش وەفایی باسی سەرو و سەرچاوەی کردوە. کەمترین ورد بوونەوە لەوانە، دەیتوانی نووسەر لەو هەڵەیە ڕزگار بکا کەسەگ لە قەراغ ڕێکا (ڕێباز) شین بێ و بێتە سەرچاو، شاعیر چاوی بەوە رون بێتەوە کە ببێتە ئەو خاکەی سەگی لێ شین دەبێ (خاکی بەرپێی...)، لە کاتێکدا ئەوانەی دیوانی شاعیران ساغ دەکەنەوە، یەکێک لە پرەنسیپەکانی کاریان ئەوەیە کە کاتێک وشەیەکیان لێ عاسی دەبێ یان بۆیان ناخوێندرێتەوە یان لێی بەگومانن، لە ڕووی سەرجەمی ئەو وشەو تەعبیرانە کە شاعیر لەدیوانەکەی دا بەکاری بردوون، کلیلێک ساز دەکەن بۆ کردنەوەی ئەو گرفتەی لە خوێندنەوەی وشەیەک دا هەیانە. بەداخەوە خوێنەر لە زۆر جێگا هەست بەوە دەکا کە مامۆستا قەرەداغی بیری لەوە نەکردوەتەوە ئەو وشانەی - بەدروست یان غەڵەت - لە ڕووی شکڵەوە ڕوونووسیان دەکا، لەلای یەکتر چ مانایەک دەبەخشن. بۆ ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران، ئەو وردبینی و شارەزاییە پێویستە کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس وکوڕەکانی لە دیوانی نالی و مەحوی دا دەکاریان کردوە.

پەراوێزەکان:

(١)قەرەداغی دەڵێ هێمنم ڕاسپاردە لای گیو کە دەسخەتەکانم بۆ بنێرێ. "دوای ئەوەش کە مامۆستا هێمن داوای دەسخەتەکانی لێکردبوو. (گیو) بەم جۆرە وەڵامی دابووەوە: کە دەسخەتی وەفایی هیچ نیەو نەبووە، ئەوەندە هەیە کاتی خۆی شیعرەکانی وەفایی لە دەمی بووکێکی وەفایی بیستوە کە ئەو بوکە هاتوەتە هەولێر و هەموو دیوانی وەفایی لەبەر بووە..." (قەرەداغی. ل. هەژدە)

(٢)بۆ مامۆستا گیوم نووسی: "مامۆستا! تۆ خۆت دەزانی گەلێک کەس باسی جەنابت وا دەکەن کە دەسکاریی شیعری شاعیران بکەیت و گەلێ شت بگۆڕی..." (قەرەداغی. ل. حەقدە)

(٣)نموونەی دوودان بوونی قافیە لە شیعری دیکەی وەفایش دا بەرچاو دەکەوێ. بڕواننە غەزەلی:

گا دەسووتێم گادەگرییێم غەرقی ئاو و ئاگرم
ئاخ لەبەر بەختی سیانازانم ئەز بۆچ نامرم

گە قافیەکان بەشێکیان ئاوان: ئاورم، نامرم، ئاگرم، کافرم، رابرم، چاترم، حازرم (ـــــــ رم) و بەشێکی دیکەیان ئاوان: رامشگەرم، دەربەرم، مەجمەرم، شەککەرم، سەوداسەرم، مەزهەرم، دولبەرم (ـــــــ رم).

(٤)کەم نین ئەو شاعیرانەی گلەییان لەوە کردوە کە کێش و قافیە ڕێگای ئەوەیان لێ دەبڕێ هەستی خۆیان بێ لەمپەر دەربڕن:

قافیە اندیشم و دلدار من
گویدم مندریش جز دیدار من
(مولوی - غزلیات شمس)

من بیر لە ڕێکخستنی قافیە دەکەمەوە و دڵدارەکەم دەڵێ بێجگە لە دیداری من بیر لە هیچ مەکەوە.

قافیە و تفعلە را گوهمە سیلاب ببر. (مولوی)
باکێش و قافیە لافاو بیانبا.
مفتعلن مفتعلن مفتلعن کشت مرا (مولوی)
مفتعلن مفتعلن مفتعلن کوشتمی.

سەرچاوەکان:
-دیوانی مەحوی. لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلاکریم. چاپی دووەم ١٩٨٤.
-حافز نامە. بهاالدین خرمشاهی. انتشارات سروش. چاپ دوم. ابان ١٣٦٧، تهران.
-تاریخ ادبیات در ایران. دکتر ژبیح اللە سلفا جلد اول تاپنجم. تهران. ١٣٦٤

ئەی بەهەر ئاوێنە حوسنێک و تەجەللاییکی دی
ئەی بەهەر چاوی دڵی عاشق دڵاراییکی دی
بۆ خیتابێکی شەو و ڕۆژ ئەو دڵەی سووتاوی من
تووری رووحە ، تالیبی دیدارە مووساییکی دی
چونکە ئاوێنەی جەمالی شاهی خووبانە دڵم
دێتە ئاه و ناڵە هەرتا رووی ی زێباییکی دی
غارەتی هۆشم دەکا هەردەم پەرێکی شۆخ و شەنگ
بۆیێ وا هەر دەم لە دڵما شۆر و غەوغاییکی دی
هەجری تۆ رووحان دەکێشێ، وەسلی (تۆ) ڕووحان دەدا
ئەی فیدای زولف و روخت بم! تۆ مەسیحاییکی دی
من بە چاو و گەردەنی تۆ تەشنەو و خوێنین دڵم
ئاوری من دانامرێنێ جام و میناییکی دی
قیبلەگاهی عاریفان کەس وەک (عبیداللە)ئەبوو
عالمێکی دی دەبێ بۆ؟ غەوسی بەغداییکی دی؟
هەر لە تەغدیری(وەفایی)بوو شەوی دی مەیفرۆش:
حەیفە بۆ تۆ هەر دەمە دەیر و کلیساییکی دی

سووتام بە نازی فیرقەتێ، ساقیی کەرەم کە شەربەتێ
وەکو قەقنەس ناورم کەوتێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
ڕیشەی دڵم بەس پارە کە ، موتریب دەستێ بۆ تارەکە
بە یادی زولفی یارەکە ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
تۆ مەزهەری نووری خودای ، تۆ مەنبەعی سیدق و سەفای
سەرداری کوللی ئەولیای ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
من پەروانەی بێ حاسڵم ، من بولبولی خوێنین دڵم
شەیدای چرای ڕوومەت گوڵم ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
من تەشنەی چۆڵ و زوڵماتم، ئاخر تۆی کانی حەیاتم
هەروا بە هەوای وەفاتم ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
من خەرموهرەم تۆ یاقووتی، من ناسووتیی تۆ لاهووتیی
تۆ ڕۆژ دێوانەیی ڕووتی، یا غەوسی سانی هیممەتێ
دڵ خەستەی یاری سەرسەریم، ماران گەستەی دێو و پەریم
شایەد پەریم (کەی !) ڕەهبەریم ؟ یا غەوسی سانی هیممەتێ
سەرگەشتەی چۆڵ و غوربەتم ، شایەنی ڕوحم و ڕەحمەتم
هەر چاوەڕێی یەک هیممەتم، یا غەوسی سانی هیممەتێ
نەفس و شەیتان دامەن کەشان، بۆ سەرکەشی ڕووی مەهوەشان
دەمان کێشن بە باوەشان، یا غەوسی سانی هیممەتێ

خاکی سەگانی دەرگەهم، خوا هندەی بێ جێگا و ڕەهم

چاو لە دەستی شاهەنشەهەم، یا غەوسی سانی هیممەتێ

تا نەبیە خاکی هەیخانە (نەبیە ڕووی دۆست و بێگانە !)

حاشا تۆ و پیر و پەیمانە، یا غەوسی سانی هیممەتێ

گرتووی کەنار دەریای فەنام، سەوداسەر و شێت و شەیدام

(١)

هەر چاوەڕێی کەشتیی بەقام، یا غەوسی سانی هیممەتێ

سەدای یاهووی دەرویشان هات، ئاه و نالەی دلڕێشان هات

ڕەنگ و ڕووحم وە نێشان هات، یا غەوسی سانی هیممەتێ

دەستی من و سەحرای دڵان، چاوی من و باغی گوڵان

دڵ بێ گوڵ بێ دەمرم بەڵان، یا غەوسی سانی هیممەتێ

بەرمێکی و ئامادە بێ، هەم بادە بێ هەم سادە بێ

قەت بێ وەفایی وا دەبێ؟ یا غەوسی سانی هیممەتێ
دوو حەرفی نەمرە کاف و نون، زەحمەت نییە ڕۆژەوە بوون
ئەسبابی داناوە بێچوون، یا غەوسی سانی هیممەتێ
موتریب تۆ و تاری ڕووحانیی. ساقیی تۆ و جامی سوبحانیی
تۆ و بەربەتێ، تۆ و شەربەتێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
و یڵی وڵاتی بێهۆشیی، گێژی گێژاوی سەرخۆشیی
ماسی سەراوی ناتەشیی، یا غەوسی سانی هیممەتێ
ئەمڕۆ دەمی سوبحی سەحەر، ڕاوەستابووم دەستەونەزەر
دولبەر بەناز دیم هاتەدەر، یا غەوسی سانی هیممەتێ
زانی دڵم سەوداسەرە، (تا وێنەی ساو و سێبەرە)
ڕۆژ دایە گۆشەی پەنجەرە، یا غەوسی سانی هیممەتێ
ڕۆژ دایە قەلبی مینایی، دیوانە بوو سوفەستانی
موشکیل کارە ناپەنایی، یا غەوسی سانی هیممەتێ
مەوجی دەریای بێ جێ و سکوون. کێشامیە گێژاوی پڕ خوون
(انا الیە راجعون)، یا غەوسی سانی هیممەتێ
بەدری سەنا بەرقیی نەبوو . غەربیی نەبوو شەرقیی نەبوو
هەرچی هەبوو بەرقی نەبوو، یا غەوسی سانی هیممەتێ (٢)

شەوقی سەمای زەرڕاتی ڕۆژ. بوو بە گوڵی باغاتی ڕۆژ
ڕۆژ هاتی من نەهاتی ڕۆژ ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
فەرمووی لەنێو بیرە خەوێ، من قەلبی سووتاوم دەوێ
(وەفایی) با نەنوێ شەوێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ

سەحەر مەستانە ڕابردم بە بەر دەرکی کلیسایێ
کەچی دەستی دڵی گرتم خەرامان بەچچە تەرسایێ
نیرەم بوو عەنبەری زولفی، نەسیری چەنبەری زولفی
کەراماتی سەری زولفی بە هەر تایێ مەسیحایێ
بە داوی زولف موژە هەستان لەسەر مولکی دڵم وەستان
نیزامی چینو تورکستان رژان بەربوونە یەغمایێ
نیگاهی دڵستانی من، خوماری دا بە جانی من
تەبیبی حاڵزانی من، نەخۆش بوو . شەربەتی دایێ
نیشارێکی بە چاوان کرد، برۆی هەمباشی تورکان کرد
دڵمیان تیرە باران کرد، کەمانداران لەهەر لایێ
سەبا زولفی پەرێشان کرد بە روخساری عەرەقناکی
چە شیرینە لەگەڵ یەکدی مەە و پەروین کە شەو دایێ؛
پەرێشان زولفی زوننارى، درەخشان روویی گوڵناری
لە زاری گوڵ شەکەر باری کە نەی مەجنوونی لەیلایێ!
وەرە بڕوانە مەیخانە چ مەعموورە چ وێرانە
لە هەر لایێ دڵ نارایێ، لە هەر گۆشێکی شەیدایێ
کە دەستم دا دەری دڵ بوو، نە دڵ بوو گوڵشەنی گوڵ بوو
هەموو نەسرین و سونبول بوو، قەرنفول نەخلی توبایێ
لە جێگایی تەجەللا دەم بە دەم بێ ((لن ترانی)) بێ
بە قوربانی دڵی عاشق هەزار وەک تووری سینایێ
سروشکم هاتە خوارێ، دوور لە چاوو گەردنی ساقی
بەسەر حەوزو فوارەی عاشقان ناخ جام و مینایێ
جەمالی موتریبم کەوتۆتە یاد کوا نەغمەکەی تاری؛
هەوای خورشید نەوا سووتاندمی، ناخ بۆ کزەی بایێ!
موغەننی کوانێ ناهەنگی حیجازو بەربەت و چەنگی؛
سێتای موتریب لەدای بۆ کەوت، لەبەرچی دەنگی نەی نایێ؛

بە لەهجەی دەنگـو ئاوازت. بە شوعلەی زەخمەکەی سازت
مودارای ئاوو ئاور بووم. ئەمان موتریب مودارایێ؟
بە شەوقی ئاتەشی رووی تۆ. بە بادەی چاوی جادووی تۆ
سەراپا بوومە کۆی ئاور. ئەمان ساقی سەراپایێ!
لەبەر تاوی جەمالی عالەمی مومکین بوو ئارامم
دەسووتام ئەز ئەگەر سایەی سەری زولفی نەبوو بایێ
بە گریانی دڵی من هاتە زەخم و پێکەنی فەرمووی:
مەحاڵ بوو خەندەیی ساغەر ئەگەر مینا نەگریایێ!
ئەمان شۆخی خەراباتی! کە بۆ دینو دڵ ئافاتی
بفەرموو بۆ چ کە تۆ هاتی لە من دەنگـو سەدا نایێ؟
بە ئابـو تابی روخسارت وەفایی وا مەسووتێنە
خودارا! ئەی چراغی دیدە! بۆ پەروانە پەروایێ
وەفایی ماوە دەست بەردان. لە دەورەی نوقتە سەرگەردان
ئەمان یا قوتبی رەببانی. مەدەد یا شای بوخارایێ!
ئەلا ئەی ساقیی مەستان بە حەققی پیری مەیخانە
بە گەردش بێنە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە
ئەمان ئەی موتریبی مەجلیس بە حەققی تاری رووحانی
بلا بێ نەغمەکەی سازت کە ئاوی ئاوری هیجرانە
ئەتۆ ئەی رووحەکەم ساقی. ئەتۆ ئەی عومرەکەم موتریب
پەیاپەی لێدە چەنگـو نەی. دەمادەم بێنە پەیمانە
بە تیری غەمزە بملاو ێنەوە زولفم لە گەردەن کە
بە سەر هاتوومە مەیدانت. بە دڵ بۆت بووم بە نیشانە
ئەگەر شەوقی جەمالی تۆ نییە من مەستـو حەیرانم

لەبەر چی بۆتە بولبول گول، چرا بۆ چ بۆتە پەروانە؟
لە شەوقی تۆیە سەرمەستە، بە زەوقی تۆیە پابەستە
ئەگەر عاریف لە کەعبەیدا، ئەگەر کافر لە بوتخانە
لە شیرینی جەمالی تۆیە ڕۆژی ڕوونی لەیلایە
ئەگەر فەرهادی سەرگەردان، ئەگەر مەجنوونی دێوانە
دەمێکی مەستو بیمارم، دەمێک بێ هۆشو هۆشیارم
چ کەس نازانێ دەردی من، مەگەر ئەو چاوە کاڵانە
دە هەر حەڵقێکیدا سەد دڵ، گرفتارە دەناڵێنێ
سەری زولفی پەرێشانت مەگەر زنجیری شاهانە؟
هەناسەی عاشقان با ئەدگرێ، بێ مروەتی تاکەی؟
بترسێ ئەی گوڵی نازک بەدەن لەو بایی زریانە
ئەگەر زولفت وەکو من عاشقی ڕووی تۆ نییە بۆچی
سەراپا تێکچووە، کەوتۆتە بەر پێت دەستو دامانە؟
ترازا دوگمەکەی سینەی، بە یاری زولفی هات غەمزە
بەیان بەربوو لە لای چین، باخەبەر بن! تیرە بارانە
وەفایی بۆ گوڵێکی سەروباڵا شێتو شەیدایە
وەکوو قومری دەناڵێنێ وەکوو بولبول غەزەل خوانە
دڵی پڕ نێشی من بۆیە وەها خوونابی گریانە
هەموو سینەم وەکو نیشانە جێگا نێشی موژگانە
بە زاری پێم کوت ئاخر بوردەباری تا بەکەی؟ فەرمووی:
دەسا دەی بیکوژن، یاران! کە ڕۆژی بەردەبارانە
بەلاگەردانی تۆم. ئەی من بنازم خاڵی ڕوخسارت
خەلیلی ئاتەشی ئەمروودە، خەتتی سەبزی ڕێحانە

کە تۆ سوڵتانی حوسنی بۆ لە حەزرەت نەبرووت ڕێت دا
لەبەر چاوت کە هیندوماڵی کەعبەی کردە مەیخانە؟
تەبیبی میهرەبان! بێهوودە تاکەی دڵنەوازیی من؟
وەکو بۆ خۆم دەزانم هەستە بیللا ڕۆژی گریانە
دەڵێ حاڵت لە سەیلی دیدە، سۆزی دڵ چییە قوربان؟
لە دووری تۆ بڵێم چی؟ حاڵی من خنکانو سووتانە
مەمکوژە تۆ گەردەنی خۆت زوو لە زولفان دەرخەوە
ئەی سەبای ساڵحان ئەتۆ بکەی ئەم شەوە ڕۆژ بێتەوە
تاقەتم چوو نارەقی گەردنت بە زولفان ون مەکە
ئەی ستارەی سوبحدەم ئەمشەو کە زووتر دەرکەوە
سووتبووم خۆم دا پەنای زولفت دەمێک ناسوودە بم
رووت نیشان دام باز لە سایەی تۆوە ناورم گرتەوە
زولفت ئەفشان کردو پەنهان بووی و دونیات کردە تەم
خۆت وەدەرنا عالەمت سووتاندو ناورت کردەوە
با بە هەوای پایی بۆست عومری من کۆتا نەبێ
مەیخە پشت گوێ، مەرگی من، بێ زولفەکانت بەردەوە
نولفەتی زولفت چییە قوربان لەگەڵ روخساری تۆ
خۆ بە هیچ دینێکی نابێ کوفرو نیمان پێکەوە؟
هاتە سەر خەندە کە من سوڵتانی حوسنو دولبەرم
غایەتی سوورەت نومای ڕۆژی جەمالی من شەوە

بای سەبا بەرقەع گوشا بوو یا ئەتۆ بووی خۆت نواند
یا ئە ریزوان دەرکی گوڵزاری بەهەشتی کردەوە؟
من لەبەر عەکسی نیگاهت کەوتووم (و) هۆشم نییە
چاوەکەی تۆ هەر ئەخۆشە یا ئە سەرخۆشی خەوە؟
((خارق العادات))ی زولفو خاڵو خەندەی زاری تۆ
میشکو عەنبەر، شەهدو شەککەر، لە علو گەوهەر پێکەوە
زولف لادە با دیار بێ جاعیلی لەیلو ئەهار
ڕووی وەدەرنا تا بزانن ((خالق الاسباح)) ئەوە
ئەورەسیدی ئەخلی باڵا شەرحی حەرفی وەحدەتە
ئەورو ئەکهەت، نوورو زوڵمەت، نارو جەنەت پێکەوە
وەک سەری زولفت دەبێ کێ بێ حیسابی تێک ئەچێ
گەر بە ناز تۆ بێیە پەی مەحشەر بە چاوی مەستەوە؟
چم لە نوممێدی بەهەشتو بیمی دۆزەخ داوە من؟
دۆزەخی من هەر فیراقە، جەنەتی من هەر ئەوە
لێوەکەت عومرم بوو شەرتت کرد بە دڵ جارێکی دیش
وەختە بۆت بمرم وەرە عومری دووبارەم پێ بدەوە!
خۆش بە ناز ڕامەبرە، قوربان ئیلتیفاتێک هەبێ
داد خواە زۆر کەوتوون ئەختێ سەمەندت بگرەوە
تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کا هەتا قوربانی بم
عیدی قوربان چونکی شەرتی رونیەتی ماهی ئەوە
داخۆ چ بکا پاش خەتو خاڵان سەفی موژگان بە ناز؟
لەشکری تورکان ئەوا هاتو فەڕەنگی پێشڕەوە

ئاەو ناڵەی بێ قەرارت عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بە ناز پەروەردەیە ئەی دڵ دەمێکی بسرەوە
من لەسەر خاکی دەری یاری سەفەرکەردە ئەمام
نامرم ئەهلی بەهەشتم گەر ژیانم بێتەوە
تۆ هەڵستای بەو دەمە رووحی وەفاییت زیندە کرد
با قیامەت کەس نەڵێ هەر ییکە تۆو خودا هەستەوە

لەبەر نازی چاوبازان خوردو خەوم خو ێناوە
بە تیری تیر نەنداران چ بکەم جەرگم بڕاوە؟
شێتو شەیدای سەحرایی، دەگریم هەروەک (وەفایی)
چ بکەم لە دڵەی سەودایی، پەرییان دەستیان لێ داوە
لە سەر تاقی دوو نەبرۆی مەیلی زولفان دەمکێشێ
خۆ وەختە من کافر بم، چ بکەم قیبلەم گۆڕاوە
عیشوەی ڕووی تۆ هەر خۆش بێ، موشکل گوشاو سەرخۆش بێ
بزووت بادی نەورۆزی، گرێی زولفت کراوە



ئەی ئاوێنەی دولبەری! زارت گوڵ زوڵفت زەڕی
با هەناسەم نەدگرێ ڕووی خۆت بێنە بەم لاوە
زوڵفت جێی بێ قەراران، رووت رۆژی شەو بێداران
ئەمان شای گوڵزاران! روحمێک تا رووحم ماوە
بەس عومری من بە بادە، رووت بێنە زوڵفت لادە
دڵ بۆ یە نامورادە، بەو شەوە ڕۆژ گیراوە
با شەو بڕوا سەحەر بێ، باغی گوڵان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ، کافر ئیسلامی ناوە
دەستم لە تای زولفت دا بەم باڵایە ئەمزانی
بۆ چ دەمکوژی خۆ قوربان پردی قیامەت ئەپساوە؟
لە بەر چاوت ئەمزانی، بێ باغەبان گوڵ چینم
مەست بووم هۆشم لێ ئەبوو، دەمم بۆ ڕووت هێناوە
هاتم بە بۆنەی خاڵت، تووشی بەڵای زوڵفت بووم
تەیرێکی نابەڵەد بووم ئەمزانی دانەو داوە
ئەمڕۆ سەبای موورادان کاسی کردم ئەمزانی:
نە عەتری نافەی چینە، نە بۆنی زوڵفی خاوە؟
لە سایەی چاوەکانی بوومە رەندی خەرابات

لە لای پیری مەیخانە خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە
تو خودا دڵم مەشکێنە. با بزانم: رووت وا بێنە
رووتە یا گوڵ هەنارە لێوتە یا شەکری خاوە؟
وەقتێ نارەق دەرێژێ بۆ کوشتنی وەفایی
بە گوڵی کوڵمی سوێند دەخۆم گەردەن شووشەی گوڵاوە
لە دەردی بێ دەرمانی کەوتوومە سەرگەردانی
بە جوانی ((لن ترانی)) چ بکەم رووحم سووتاوە
قەیتانی دوو لێوانت بەندی جەرگی پساندم
کوفرت لە لام زاهیرە روحمت لە لا نەماوە
سڵاوم کرد لە یارم، بە دڵێکی غەمگینەوە
بە لەفزێکی زۆر شیرین جوابی سڵاوی داوە

گوڵێکم بوو لە دونیادا شکۆفەی باغی رەعنایی
لە داغی پەرچەمی شێوام لە نێو بازاڕی ریسوایی
وەکوو بولبول بە رووحو دڵ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایی
هەموو عومری عەزیزم چوو لە ڕێی خەندێک بە خۆڕایی
بە جارێماڵی وێرانم! ئەویشم چوو ئەمیش چوو

ئەمن وەک پەرچەمی جانان، ئەمن وەک نێرگسی یارم
لە لایێ خاوو سەرگەردان، لە لایێ مەستو بیمارم
بڵا بگریم، بناڵێنم، کەوا تێک چوو سەرو کارم
دڵم دانا لە ڕێی دولبەر، نە دڵ بۆم بوو نە دڵدارم
بە جارێ ماڵی وێرانم! ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

گولێکم بوو لە باغی دولبەریدا ماهی کەنعانی
دلێکم بوو لە ڕیزەی عاشقان مەجنوون بە سووتانی
دلی بردم فریوی دام بە ماچی لێوی مەرجانی
ئەسیری ئیلتیفاتی سەر زوبانی بووم و ئەمزانی
بە جارێ مالی وێرانم! ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

بە ئاوی چاو و خوێنی دل، بە سەعیی ڕۆحی شیرینم
غەزالێکم لە داو خست، ئافەتی دل غارەتی دینم
هەتا چووم چاوەکانی ماچ بکەم لەحزێکی ببینم
لە دەستم چوو وەکوو دل. بوو بە مایەی شیوەن و شینم
بە جارێ مالی وێرانم! ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

وەفایی من شەهێنی قۆلی چاوبازانی شاهان بووم
ئەسیری دەستی گول دەم، سەرو بالا. ماهڕوویان بووم
گەهێ بولبول، گەهێ تووتی، گەهێ مورغی غەزەلخوان بووم
بە نوممێدی عەزیزێک دوور لە چاوم پیری کەنعان بووم
بە جارێ مالی وێرانم! ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

خوداوەندا خوداوەندا! پەشیمانم پەشیمانم
بە کاری ناخێرەت نایێم عەجەب نالوودەدامانم
بە باری مەعسییەت شەرمەندەم و چاو پڕ لە گریانم
ئە دینم بوو ئە دونیا گەر ئەگێشی خەت بە دیوانم
بە جارێ مالی وێرانم! ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم
بە جامێک دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم
لە دوو لا مەستو حەیرانم، بە قووەی جەزبە نازانم:
نە سەرگەردی سەرو گەردەن، نە قوربانی لەبانت بم
چ خۆشە وەجدی سەروگوڵ، بە دینی قومری و بولبول
دەمێک شەیدای قەدو باڵات، دەمێک شێتی دەهانت بم

لە نیشانەی پەڕەی جەرگم نەوەستا تا نەگەییە دڵ
بە قوربانی خەدەنگی دەستو بازووی چاوەکانت بم
شیفای دام غەمزەکەی چاوت کەوا خوێنی دڵی گرتم
بە قوربانی موداوایی حەکیمی حاڵ زانت بم
بە بێ نیمدادی خاڵی گەردەنت، دەردم شیفای نایە
مەگەر بێم دەستو دامانی گەلاوێژی بەیانت بم
لە وەسڵی رووی تۆ ی کردم حیجابی پێچی زولفت
هەتا کەی دڵ شکستەی دەردو تەعنەی باغەبانت بم؟
موقیمی خاکی دەرگای تۆ حەریمی جەننەتە جێگای
لە لوتفی تۆ چ کەم نابێ منیش ریزەی سەگانت بم!
بە زولفی پڕ لە هاواری دڵان کەوتووم، دەسا ڕوحمێ!
نەمان سەرقافڵەچی قوربانی زەنگی کاروانت بم!
لەوی ڕۆژێ کە ڕووت واکردو لێت پرسیم، هەتا دەمرم
بە بۆنەی جەنەت دەبێ من هەر لەسەر ڕازی نیهانت بم
برۆت تێکنا، دەمت وێکنا، لە دەریای لوتفی تۆ دوورە
لە قوربی قابەقەوسەینو مەقامی لامەکانت بم
نەمن کوردو دڵ نیفتادە، نەتۆ شۆخو عەرەب زادە
مەگەر بمرم بە بەختی خۆم دەمێکی هەم زوبانت بم
بە یادی زولفو رووی تۆ وەک وەفایی هەر دەناڵێنم
دەبێ تا ڕۆژی مەحشەر تازیەدار و ڕەوزە خوانت بم

گا دەسووتێم گا دەگرییێم غەرقی ناوو ناورم
ناخ لەبەر بەختی سیا! نازانم نەز بۆ چ نامرم؟
هەر کە دەتبینم دەڵێی تۆ شەمعو من پەروانەتم
تا سەراپا نەبمە کۆی زووخاڵ قەد نارام ناگرم
هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی روویی تۆ
عەندەلیبم، موتریبم، خۆش خوان، گوڵ، راموشگەرم
(زولفــو روو، باڵاو نەبرۆ، خەتـو خاڵو چاوی کاڵ)
(لەو تەسلیمی هەفت خوانە زۆر موشکیلە رووح دەربەرم)
عەکسی زولفــو رووتە مایەی جۆششی گریانی من
چ بکەم ناخر چاو پڕ ناوی دوودی عوودی مەجمەرم
حەقمە خوێن بگریم لە بێدادی خەتـو جەوری نیگاه
من کە گیرۆدەی فەڕەنگ، یەخسیری دەستی کافرم
پێکەنینت جەزبی کردم بۆ سەرو زولفی سیاه
تووتیی شیرین کەلام پاپەندی داوی شەککەرم
گا پەرێشانی روخو گا دڵ شکستەی قامەتم
هەر دە زولفی تۆ دەچم سەرگەشتەو سەودا سەرم
گەر بە ناز هەر دەمکوژی با تیر ببینم چاوەکەت
لێم گەڕێ جارێ بە کووچەی مەیفرۆشان رابرم
دوور لە تۆ زۆر بێ قەرار بووم تا (بە!) لوتفی چاوەکان
زەحمەتت دا بەر تەبیبان، هاتی، نەمرۆ چاترم
حاسڵی سەیرو سلووکم بوو بە خەندەی زاری تۆ
گەە بەقا، گاهێ فەنا، گەە غانیبـو گەە حازرم
زاهید نینسافت هەبێ تۆ چت لە رەندو بادەخوار؟
تۆ و بەهەشت، تۆ و حوورو غیلمان، نەمنو چاوی دولبەرم

وەک وەفایی دڵ بدە دین دانێ بۆ ساحیب دڵێک
دابزانی بۆچی من عاشق بە حوسنی مەڤهەرم
بە گوڵزاری نیرەم قوربان! دەپرسی گەر لە ئەحواڵم
ئەخۆش‌و سەرخۆش‌و مەست‌و خوماری چاوەکەی کاڵم
پەرێشانم، بڵاوم، تێک شکاوم، خاوو شێواوم
دەڵێی شاماری زولفی تۆم لە دووری تۆ شێت‌و عەبداڵم
بە نازی چاوەکەی وەک بازی. بازی دام هەتا پیر بووم
دەترسم هەر بە بازی بمکوژێ ئەو یاری منداڵم
ئە داغی جەرگی خۆم زانی. ئە مایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەشتی عیشقم، لالە ڕەنگینم، من کەڕو لاڵم
دڵەی بێ هۆش‌و گۆشتم موددەتێکە هەر دەناڵێنێ
خودا روحمێ بکەی بەو مورغی حەپسی بێ پەڕو باڵم
بفەرموو با پەرێشانم ئەکا زولفت لەسەر ڕووی تۆ
ئەمان یا کاشیفی زوڵمەت! دەخیل ئەی شەو چرای ماڵم!
بۆ خۆت سەر مەشقی زولف‌و دەرسی باڵات داوم‌و ئەز چ بکەم؟
نیشانەو دەست خەتی خۆتە ئەگەر ئەلفم ئەگەر داڵم
ئەمن نوفتادە بووم تۆ خۆت بە روحمت دەست گیرم بووی
پەشیمانی ئە شێوەی تۆ یە، ئەی خورشیدی نیقبالم!
نیشارەی چاوو عیشوەی زولفەکەت بوون مورشیدی ڕێگام
ئەگەر دەیری موغان قیبلەم. ئەگەر زوننارە بەرماڵم
بە تیغی غەمزە ئەمن‌و تورکی ڕووی تۆ قەت مەڵێ. قوربان!
ئەگەر قیمەم بکەن هەر ڕۆژ پەرستم، هەر بەیەک حاڵم
ئەمن هەر تۆم دەوێ، من چم لە رووحم‌و چم لە دین داوە؟
بە قوربانی تەماشاییەکی تۆ سەد جار سەرو ماڵم
لە تاو دەردی دڵی دێوانە خوێن دەگریم‌و نازانم
ئە خەستەی چاوەکەی مەستم، ئە ڕەنجەی پەنجەکەی ناڵم
بە مەرگی من بە ڕەمزێکی بڵێ بەو چاوە حاڵیم کا

ئەتۆ نازدارو بیماری ئەمن بۆ چ زارو بێ حاڵم
کوتی بۆ کوێ دەبەی رووحت وەفایی؛ دەوریان گرتی
نیزامی پەرچەمو سەربازی زولفو عەسکەری خاڵم
ئەخۆشو مەستی دوو چاوی کاڵم
حەقم بە دەستە ئەگەر بناڵم
بە غەمزەی چاوت بە خەندەی زارت
بردیان بە غارەت خەوو خەیاڵم
فەرمووت چلۆنی؛ چ بڵێم عەزیزم؛
دوور لە زولفی تۆ! کافر بە حاڵم
بە یادی چاوت چوومە خەرابات
لە رەهنی مەیدا خەرقەو بەرماڵم
من مورغی قودسی لە لامەکان بووم
ئیلاهی رِوحمێ! شکستە باڵم
شەوێکی تاریک، رەهێکی باریک
هەر بە ئومێدی چرای جەماڵم
بە تیری نازت براوە جەرگم
بە چاوی بازت نەماوە حاڵم
وەک من بە چاوت یەخسیری زولفم
کەس وا نەگیرێ بە داوی زاڵم
خۆش بەو دەمانە گوڵ گوڵ دەپشکووت
شەکر دەباری پرسی لە حاڵم
سەبا! دەخیلم هەتاکوو ماوم
بڵێ بە زاری، بە ڕوو بەخاڵم:
دەمێکی بابێ دەوای دڵم کا
بە چاوەکانی، گەلێ بێ حاڵم

وەفایی چی دیت لەسەر بگێڕیٚ؟
ئەما لەسەر تۆ نە سەر نە مالٚم
تا بادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم
سەد جیٚ وەکو بولبول بە جگەر داغی خەزانم
وەک بەرگی گوڵم دی کە بە با چوو بە ئەسیری
(کرد) و کەوتمو شێت بووم. عە بە پام. لاڵ بوو زوبانم
قومری وەرە هەتا دەمرین پێکەوە بگرین
تۆ سەروی رەوانت چووە. من رووحی ڕەوانم
بولبول وەرە تا رووحی منو تۆ یە بناڵین
تۆ باغی گوڵانت چوو. ئەمن داغی دڵانم
ئەی مەعدەنی شیرو شەکەر. ئەی گولبەرو دولبەر
ئەی تازە گوڵی دارە گوڵی باغی جینانم

لە باغان ناڵەو ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دێ. مەگەر پیری موغان ڕۆیی؟
دەڵێی دەرەی قەمەر، سەیری فەلەک میزانی گۆڕاوە
کەوا گوڵ زەرد بوو، سونبول تێک چوو، ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیی
لەبەر چاوی جیهان بینم جیهان تاریک بوو نەمزانی
نە نووری چاوەکانم چوو، نە خورشیدی جیهان ڕۆیی
(لە دووری تۆوە سور بوو چاوەکانم بەو گریە مەعلوومە)
(شەفەق دێ، کەوکەبیش هەڵدێ، کە میهری خاوەران ڕۆیی)
(دەمێکی هات بە چاوی سورمەسا، یەعنی: وەفادارم)
(کە جەرگی سورمەیی کردم بە سیحری جادووان ڕۆیی)

(عەجەب حاڵێکە گەمیەی ناتەشی! بێ بادەبان ڕۆیی)
سەحەر مەستانە هات بولبول بە شادی بۆ تەوافی گوڵ
کە دی باغ بێ گوڵە، داغ بوو، بە سەد ناڵەو فوغان ڕۆیی
مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد
دڵ ئارامی نەما چبکا؟ کە ئارامی دڵان ڕۆیی
قیامەت بۆ دڵان هەستا کە چاوی مەستی وەرگێڕا
مەگەر نازوردە بوو ساقی کە بەزمی مەیکەشان ڕۆیی
چ شینێکە؟ چ هاوارە لە نێو حەلقەی موریدان دا
مەگەر خواجەی سەمەرقەندی لە نێو ساحیب دڵان ڕۆیی؟

(چ نافەت کەوتە بەرچاوم کەوا چوو نووری بیناییم)
(مەگەر شاهی بوخاریی لە قەسری عاریفان ڕۆیی؟)
(بە نالەی دڵ شیفام نایێ دریغ بۆ مەرهەمی جەرگم)
(لە زەنگی کاروان چ بکەم. دەلیلی کاروان ڕۆیی؟)
خرابوو خانەقا بێ شێخو شەوقی تالیبان، سەد حەیف!
چەمەن وێران بوو، نەغمەی بولبولان چوو، باغەبان ڕۆیی
بە نالەی بولبولو قومری وەفایی بۆیە هەر دەگریم
گوڵێکی سەروبالا بوو بە تاراجی خەزان ڕۆیی

بە بێ باکی دەمێکی هاتو داغی کردمو ڕۆیی
دەبێ حاڵی چ بێ بولبول، بەهار زۆر پێ نەچوو ڕۆیی
نیگار هات دایە خەندە، کەوتە دونیا ناەو ناڵەی من
بەهار هات غەنچە پشکوت، دەنگی بولبول سوو بەسوو ڕۆیی
فیراقم کرد لە پاش تۆ، هیچ حەیاتم پێ نەما، قوربان
حەیاتی من کە تۆی، مەعلوومە نامێنم، کە تۆ ڕۆیی
لە سەر ماچێکی زاری خۆت کە نەتدا ڕەنگ نەبوو زیزبی
عەزیزم بێ وەفاییت کرد لەسەر هیچو نەبوو ڕۆیی
خەرامان هاتو چوو دولبەر، وەفایی ما بە ناکامی
دریغا! عومری شیرینم چ زوو هاتو چ زوو ڕۆیی

بە نازێکی کوشندەی سەد هەزار جانو دڵ نیفتادەی
مەلەک یا حووری عینی تۆ، فریشتە یا پەریزادەی؟
بە دڵ خەندێکی بنوێنە، بلوورین ساعیدت بێنە
یەدی بەیزات هەیە تۆ دەم لە نیعجازی مەسیحا دەی
نە قەد تامی دەبێ، قوربان! نە گوڵ ڕێزو نە عەنبەر بۆ
نەگەر جارێک بە خەندەبیێ، سەری زولفت بە دەم با دەی
کوتت: هازولفــو کافر بووم، کوتت: ها رووم و چاتر بووم
کە من هەر بێمە سەر ڕێی تۆ دەبێ تۆ بۆ چ لە من لادەی؟
دەمت وا بێنە دەستم بگرە، بابمرم لە بەر چاوت
بە جامێکی خەلاسم کە لە دەست نەو تورکە جەللا دەی
بە چاوی مەستی تۆ کەوتووم بە ناری زولفی تۆ شەیدام
نەخۆشی تۆم دەناڵێنم، حەیاتم! بۆ چ بەرم نادەی؟
کە تۆ سوڵتانی روحمت بێ: بە زولفان بەس دڵم تێک دە
دەبێ تا کەنگێ ((بیت الله)) بە دەست کافر بە یەغما دەی؟
دەمت بێنە بە دڵ بگرم، لەبەر جامی لەبت بمرم
دەما دەم رووح بەخشی. بۆ لەبالەب ساغەرو بادەی
چرای قەندیلە، شەمسی ناسمانە، رووی درەخشانت
نەگەر سەد جار بە زوهرەو موشتەری رووبەندی پێدادەی
(وەکو ماسیو سەمەندەر تەشنەگیم ناچێ نەگەر سەد جار)
(بە ناو رەنگی رووت سینەم وەبەر تیری تەجەللا دەی!)
لە بەر چاوی وەکوو زولفی پەرێشان کەوتمو فەرمووی
وەفایی چت لە مەیخانان؟ کە تۆ وا پیرو نیفتادەی

نیگارا ئەی بە غەمزە نافەتی دڵ چاوی بیمارت
ئەمان سەر تا قەدەم سووتام لە دووری نووری دیدارت
دەسا روحمێ وەفادارم! بە حاڵی دادو هاوارم
کە وەک بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت
سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بە حلقەی پەرچەمو چاوت
دڵم ناوێ ئەگەر نەیکەم بە فیدیەی چاوی عەییارت
ئەسیری زولفی خامی تۆم، شەهیدی رەمزی چاوی تۆم
ئەمن گیراوی داوی تۆم، بە سەدجێ دڵ بریندارت
شەهیدی نازی تۆمو داغداری باغەبان ئەی گوڵ
لە دووری تۆ بناڵم، یا لەسەر بێدادی ئەغیارت؟
ئەمن ئەمدیوە هیندوو باغەبانی باغی جەنەت بێ
بە شیرینی چ دڵ کێشە، بنازم خاڵی روخسارت!
لە لایێ شەککەرستانە، لە لایێ نابی حەیوانە
ئەگەر گوڵ بێ، ئەگەر غونچە، لەبەو زاری شەکەربارت
وەفایی دوور لە وەسڵی تۆوە، پابەندی تەلیسمێکە
لەسەر گەنجی جەماڵت کەوتە داوی زولفی رەشمارت

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردەنم زولفی پەرێشانت
عیلاجێ، چارەیێ، روحمێ، ئەمان دەستم بە دامانت!
غەریبی تۆم، ئەخۆشی تۆ بە گۆشەی چاوی بیمارت
ئەسیری تۆم شەهیدی تۆ بە نووکی تیری موژگانت
نیشارەت نافەتی ڕوحم، کەلامت غارەتی دینم
تەبەسسوم سیحری لێوانت، رەمزی چاوانت
مەگەر سەرتاقەدەم زولفت وەکوو من خاوو شێوا بێ
کە سەرگەردانی سەودایە لەسەر چاکی گەریبانت
دەڵێی شەککەر فرۆشی شاری میسرە وا بە شیرینی
-بنازم!- خاڵی وەک هیندوو لە گۆشەی لێوی خەندانت
ئەگەر دڵ بوو، ئەگەر دین، دامە سوورمەی چاوەکان. ئیدی
بەسم سەودازەدەو ڕیسوا کە تۆبیو دینو ئیمانت!
تەسلیمی بابلە، سیحری حەلاڵە، ڕەنگی ڕەیحانە
شکەنجو بەندە، یاخۆ جێ دڵانە زولفی سەرشانت؟
بە نازادی لە کن خۆی شوهرەیە من ماتو حەیرانم
گوڵو نارنجی بەر هێناوە خۆ سەروی خەرامانت
لە بەر چاوت بگریەم، یا لە دەست تۆ دادو هاوار کەم؟
لەبەر نەیرِەنگی مەستان، یا لە سیحری ڕەنگی دەستانت؟
دلّم سەودازەدەی بالاتە خۆم دلّدادەیی ئەبرۆت
بە بالا دڵ بەلاگیرِت، بە ئەبرۆ خۆم بە قوربانت
لە دادی من بپرسە جارێ ئەی سولّتانی عیشوەو ناز!
بە ناحەق بۆچی بمکوژێ نیشارەی چاوی فەتتانت؟
وەفایی کەوتە حەلّقەی زولفت. ئیدی مەیدە بەر موژگان
کە من کوشتەی تەنافت بووم چ لازم تیرە بارانت؟

دڵم پڕ خوێنو خوێن بارە بە غەمزەی نازی چاو مەستان
هەتا نەمرم ڕەها نابم لە مەکرو سیحری چاو بەستان
نەتۆ سەروێکی نازداری نەتۆ شۆخێکی گوڵزاری
بە دڵ وا چاکە بدگێڕم لە سەر چاوان لە سەر دەستان

* مینیاتور: فەرشچیان

ئەی پڕ تەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵە باغان
ئەشنەی ئەزەرت زەوقی دڵو شەوقی دەماغان
ئەسماو سیفتان بە تەجللی لە وجوودم
یا شەو بوو ئەتۆ هاتی لەمەت کردە چراغان؟
تۆ هاتییە گوڵشەن بە سەرو زولفی بڵاوت
زۆر پێ ئەچوو ڕۆیی لە چەمەن لەلا لە داغان
زولفت بە هەناسەم گەییە سینەیی بازت
زستانە گوڵستان بووە پابەستەیی زاغان
ئەو کوڵمە کە ئارایشی سەد دایرە زولفە
گوڵ شەوقی بە شەو داوە چراغانە لە باغان
(لەو ڕاستەیی بازاڕە چ نادەن بە دڵی من)
(هەر مەرحەمەتی تۆیە خەریداری ئەیاغان)
سەد ئەشتەری غەمزەت لە دڵم دا کەرەمت کرد
قانوونی تەبیبانە بپرسن لە ئەساغان
سووتاوە دەروونمو وەرن ئەی موتریبو ساقی
تۆ لێدە لە تەنبوورە، ئەتۆ پڕ کە ئەیاغان
چارەی نییە دێوانەیی ڕووی تۆیە وەفایی
سەد ساڵ ئەگەر بیبەنەبەر پیرو وەجاغان

شەو لە خەودا من چراغ بووم. دڵ چراغ بوو. جان چراغ
نەی لەبەر عەیشی شەوی دی جان چراغ. جانان چراغ
گەە فریشتە، گەە پەری. گەە حۆری عین. گاهێ مەلەک
گەە قەمەر. گەە موشتەری، گەە ڕۆژ. گەهێ ڕەخشان چراغ
ڕەنگ بە ڕەنگ زولفی درەوشان. دەم بە دەم رووی خۆی نواند
چل چراغ یا شەوچراغ بوو. یا بە سەد ڕەنگان چراغ؟
ڕووی لە تاتا زولفی دەرخست هاتە سەر رووی مەرحەمەت
نەوبەهار بوو. شەو بەهار بوو. واکە دایسان چراغ
ڕوو لە حەلقەی تاری زولفان، دەم لە فرقەی پێکەنین
وەک لەکن کانی حەیاتی شەو هەزار تابان چراغ
ڕەونەقی هەفت ئاسمانو زینەتی رووی زەمین
هەر وەکوو بۆ شانشینو مەنزڵی شاهان چراغ
تابی سونبول، تابشی گوڵ. نیم نیگاهی چاوخومار
نەشئە بەخشا. جان فەزا، وەک شەو لە مەیخانان چراغ
عەکسی ڕووی ئاڕایشی زولفو خەتو خاڵان دەدا
وەک بە گوڵ گوڵشەن چراغ بێ سونبول و ڕەیحان چراغ
شەوقی دا من، رووی دەمن کرد دیم شەوم پێ بۆتە ڕۆژ
من دەسووتام، من عەجەب مام من چراغ بووم یان چراغ؟
دڵ لە لایێ، تەن لە لایێ. وەک ئەیستان ئاوڕی گرت
مەسجیدو دەیرو کلیسا ماوە پڕ تابان چراغ
دارو بەرد وەک من دەسووتا. دەر نە ما. ئەیوان نەما
زاهیرو باگین چراغ بوو. دەر چراغ، ئەیوان چراغ
زولفی تۆو روخساری تۆیە. یا شەوم ڕۆژی ویسال؟
ڕوویی تۆو باڵایی تۆیە، یا لە سەروستان چراغ؟

(من ئەوا مەستو نەزان بووم بۆ چ لە داغی باغی رووت)
(گوڵ وەکوو بولبول دەسووتا. تەرزی پەروانان چراغ؟)
ناگەهان دولبەر نیهان بوو، بوو بە ڕۆژی رەستەخێز
کەف زەنان مەیخوارە، وێران مەیکەدە. گریان چراغ
شەعشەعەی خورشید نیهان بوو، لاڵو کەڕ بوو نیلوفەڕ
ماتو خامۆش ما وەفایی وەک سەحەرگاهان چراغ

* مینیاتور فەرشچیان

تایێکی ریشەیی دڵ بە نووکی غەمزەدا دا
دەستێکی بۆ سەما ڕووبەندی ماهی لادا
نافەی گوڵی بە دەرکەوت عەتری بە دەم سەبا دا
باریکو لووسو نازک وەک زولفی خاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بەلادا ، شیرین تەشی دەڕێسێ
نووکی تەشی بە گەردش چەرخێکە قوتبی پێوە
((مجرب)) و بە داوای کە چەرخی کەوتە نێوە
وەک زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زیوە
ئەستێرە ماهی داگرت سابت کرا بە پێوە
عەرەق بە ڕوو بەرێوە، شیرین تەشی دەڕێسێ
لە بانی عارەقی رشت لە پێکەنینی زاری
بە خەندە غونچە گوڵ بوو گوڵاوی لێ دەباری
وتم بفەرموو سەر دوو چاوی من بەیاری
بە چاوی من ببینن تەسلیمی سیحرکاری
کە سەروی جۆیباری، شیرین تەشی دەڕێسێ
کە دەستی بردو هێنا بە دولبەری بە تادا
هێنایە چەرخە و گێڕای بە رانی سافیدا دا
عەیان بوو پەنجەیی ڕۆژ بە خەتتی نیستیوادا
بە سوبحی سادق ئەنگوت ژەنەب لە نێو سەمادا

حیرەت لە ماسیوادا، شیرین تەشی دەڕێسێ
کە هاتە چەرخەو بازی تەشی بە رانی لووسی
دەکەوتە پای بووسی دوو زولفی نابەنووسی
ژەنەب لە مانگەشەودا دەهاتە چاپلووسی
لەسەر بەیازی گەردەن بە خەتتی خۆش نووسی
مەە، بێتە پایبووسی، شیرین تەشی دەڕێسێ

یەخەی کراسی لاچوو پشکووت بە هەردوو لێوان
گوڵو شەکەر دەباری لە کووچەی باغی سێوان
زولفی پرزاند و کوڵمی وەدەر نەکەوت لە نێوان
شەمسو قەمەر هەڵاتن دوێنێ نوێژی شێوان
وەفایی کەوتە کێوان، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە کەوتە چەرخەو گەردوش تەشی بە دەستی رەنگین
هەودای لە لێوو دەم دا خورشیدی سینە نەسرین
سەمای بە ژوزەنەب دا ((کف القچب)) ی شیرین
گرتی خەتی مودارا شەفەق بە عەقدی پەروین
سیحرێکە بۆ دڵو دین، شیرین تەشی دەڕێسێ

دوو زولفی چین کرد کە نافەیی خەتایە
دوو مەمکی خستە سەرلق هەناری دڵ گوشایە
بە خەندە چەرخێکی دا کە شەوقو نەشنە وایە
بە نوکتە پێ نیشان دام سەما لە سەر هەوایە
هەموو نیشارە وایە، شیرین تەشی دەڕێسێ

بە عیشوە زولفی لادا لەسەر عوزار و زاری
دوگمەی کراسی ترازا، بزووت هەوای بەهاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵو وەنەوشە باری
سەودای بە عاشقاندا باغی گوڵو هەناری
دونیایەک نینتزاری، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە زوڵفی کەوتە سەر روو هەموو خەتای بە چین دا
خەرامی تاوسانەی بە سەروی نازەنین دا
سفیدەیی بەیانی بە باغی یاسەمین دا
فەنایی پڕ بەقا بوو دەمی لە پێکەنین دا
سەد نافەتی لە دین دا، شیرین تەشی دەڕێسێ

سمی غەزالەیی چین لە نافەدا عەیانە
دەڵێی لە نیوەشەودا سفیدەیی بەیانە
قەدی گوڵ و دەمی گوڵ نەمەی کە قووتی جانە
لە باغی یاسەمیندا شکۆفەیی گوڵانە
بەهاری بێ خەزانە، شیرین تەشی دەڕێسێ

شکۆفە وا هەڵستێ لە زێڕو زیو حوبابێ
لە کەوسەری بە هەشتێ دەرروونی پڕ کرابێ
خڕو لەتیف و نازک بلووری خودنوما بێ
بە تەرزی درزی دەرزی لە خۆ وە درزی دابێ
دیارە سەروی وابێ، شیرین تەشی دەڕێسێ

شەوێ لە بیرەخەودا جەمالی و یم بە دڵ دی
دوو چاوی مەستو کاڵم وەکوو غەزالی سڵ دی
ئەگەر چی ئەوبەهارم بە ڕەنگی باغی گوڵ دی
هەناری ئەوڕەسیدەم شکاوو خاوو بڵ دی
گوڵم لە خاکو گڵ دی، شیرین تەشی دەڕێسێ
وتم چبو ئەمامم! بە خاڵو خەت ئەماوی؛
وەکوو بەهاری سونبول بڵاو تێک شکاوی؛
وتی گڵاوی سەگ بوو شکۆفە گوڵ گوڵاوی
بە گەردوش و سەماوە ستارەیی سەماوی
بەسەر چوو چاو و راوی، شیرین تەشی دەڕێسێ
مەنعی مەکەن وەفایی کە خاوی دڵ بڵاوە
سەرێکە مەستی نازی، دڵێکە بۆی ئەماوە
بە داوی دڵ دڵی خۆی بە داوی زولفی داوە
دڵم حەقی بە دەستە فتوایی سەرمی داوە
کە ئەم غەزالە چاوە، شیرین تەشی دەڕێسێ
قوتووی لونالییانە لە زیوی داڕژاوە
لە باڵەبە لە حیکمەت لە شەهدی هەڵکراوە
لەبەر نەزاکەتی ڕۆژ رووواقی دادڕاوە
بە تەرزی درزی دەرزی لەخۆ وە درزی داوە
بە مەی عەیان کراوە، شیرین تەشی دەڕێسێ
شیفای جەراحەتی دڵ تەشی ئەبوو، کەی رستی؛
شەش پەڕەکەی کاکی خۆی پڕ ناوو پڕ بە مستی
هەتیوی کەللەشەق بوو بە داوی حیلە بەستی
لە تاوی هاتوچۆدا بە لێوی غونچە گەستی
بە رووح و دڵ بە قەسدی، شیرین تەشی دەڕێسێ

بە دڵ بە دیدە سۆسەن بە غونچە گوڵ یەرەق بوو
شەشپەڕەکەی وەفایی کولوفتو تیژ و ڕەق بوو
✿ گوڵی (....) هەموو وەرەق وەرەق بوو
بە عارەقی عورووقی کە سەرخۆشی عەرەق بوو
بە مەی چ موستەحەق بوو. شیرین تەشی دەڕێسێ

✿ ئەم دێرە لە دیوانی وەفاییدا بەم شێوەیەیە، لە مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆر مارف خزنەداریش بەم شێوەیە
(لە هاتۆ چۆی شەماڵی گوڵی وەرەق وەرەق بوو)

* مینیاتور فەرشچیان

ژمارەکانی ڕابردوو

ئیبراهیم ئەحمەد ، محەمەد مەولوود (مەم) ، کەمال مەزهەر، لەتیف حامید، سوارەی ئیلخانی زادە، محێدین زەنگنە، ئەحمەد هەردی، یەڵماز گۆنای ، ئیسماعیل بێشکچی ، محەڕەم محەمەد ئەمین ، دڵدار ، مەستوورەی ئەردەلانی ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی ، جەمال عیرفان ، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، جەلالی میرزا کەریم ، عەبدولخالق مەعرووف ، هێمن ، حوسێن حوزنی موکریانی ، ئەمین فەیزی ، کامەران موکری ، جەلال تەقی ، محەمەد ساڵح دیلان ، هەژار ، شاکر فەتاح ، کاکەی فەلاح ، عەلائەدین سەجادی ، شێخ محەمەدی خاڵ ، حوسێن عارف ، عەلی ئەشرەف دەروێشیان ، سەلیم بەرەکات ، پێشەوا قازی محەمەد ، مەحموود مەلا عیزەت ، فایەق بێکەس ، عەبدوڵڵا پەشێو ، جگەرخوێن ، بابا تاهیری عۆریان ، عەرەب شەمۆ ، دڵشاد مەریوانی ، مەنسووری یاقووتی ، حەسەن قزڵجی ، ئیبراهیم ئەمین باڵدار ، مەسعوود محەمەد ، بەختیار زێوەر ، نەجمەدین مەلا ، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ، لەتیف هەڵمەت ، حاجی قادری کۆیی ، پیرەمێرد ، مەلا مەحموودی بایەزیدی ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، شەریف پاشای خەندان ، جەمیل سائیب ، ئەحمەد موختار جاف ، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری ، میر شەرەفخانی بەتلیسی.

ROVAR No: 59

کتێبخانەی کوردی







چاپخانەی
هەولێر - کوردستان
Aras Press
Kurdistan - Erbil